# پەیام

گۆڤاری کۆمەڵەی کولتووری کوردستانی یە لە یۆنشۆپینگ

نرخی :
١٠ کرۆنە

ژمارە:
٨ & ٩
سالی ٢
١٩٩٧

هەواڵنامەی کتێب




گۆڤارێکی وەرزی ، گشتی سەربەخۆیە

# لەم ژمـــــــــارەیـــەدا:


پەیڤا پەیامێ ........................................ پەیام
کوردستان لە ناو ئاگری شەری عیراق وئێران دا ........... بوخاری خدر
٦٠٠ رۆژێن ڤەکۆلین و لێگەریانێ ل تەرمێ گیڤارا......... رزگار کێستەیی
گالیگۆلا ئیمپراتۆری خوێن و بۆن ................. عەبدولقادر شەوکەت
هەڤپەیڤینەک لگەل هونەرمەند جەنان ساوە ..................... پەیام
پێنج سال دەرباز دبن ل سەر شەهیدکرنا موسا عەنتەر ........... پەیام
چەند سەرنجێک لە رێزمانی سوێدی ............... ئاری عەبدولقادر نوری
پەلکە زێرینە ............................................... زنار
شاری زەنزیبەری بەردین ................................ نیعمەت شەریف
خودیکا چاڤان ............................................... پەیام
میرات ( چیرۆک) ...................................... سەردار جاف
خل و خاڤەکا هەڤگرتی ( هەلبەست )..................... سەعید ژۆری
هۆ کاروانو ( هەلبەست ) ............................... زبیر مایی
دوا فلچەی نیگارکێشێکی ( هەلبەست)................. راوێژ هێرانی
یاسینا ب دمدم ( فولکلۆر) ............................. سەبریا هەکاری
بێواز بوون ............................................ جەلال ئەسکەندەر
دەنگوباسێن هونەری ........................................ پەیام
ئەو چاپەمەنیانەی تازە پێمان گەیشتوون ........................ پەیام
خاچەپرس ............................................ رزگار کێستەیی
پەیڤا نەپەنی ......................................... سەبریا هەکاری
نامەیەک بۆ پەیام ...................................... هاوار کاکەیی
گولستان .................................................... پەیام
بشکوژێن تازە بشکڤین ......................................... پەیام


بەشی لاتینی:


تابلۆیەکا نەورۆزی ...................................... سدقی هرۆری
بابا تاهرێ هەمەدانی .................................... بەشیر بۆتانی
ئارمانجێ خاترخوازی داویێ کر ................................ پەیام



**دەستەی نووسەران :**

رزگار کێستەیی
عەبدولقادر شەوکەت
بوخاری خدر
سەبریا هەکاری



**ئادرەس:**
Box: 8043
550 08 Jönköping
Sweden

Postgiro:530682-4



**ئابۆنەی سالانە :**

ناو سوێد: 40 کرۆن
بۆ دەزگاکان: 80 کرۆن
دەرەوەی سوێد: 10 دۆلار
بۆ کوردستان: بە خۆرایی یە

**وێنەی بەرگەکان:**

بەرگی یەکەم: شاری ئاکرێ
بەرگی دوومم: تاڤگەی گەلی عەلی بەگ

**تەکنیک:**
رزگار کێستەیی



نووسەر خۆی بەرپرسە بەرامبەر بە بیروبۆچوونی نووسینەکەی خۆی .



ژمارە : ٨ & ٩ سالی (٢)
١٩٩٧

ISSN 1403 - 0055

پەیڤا پەیامێ

# زمانێ مە گیانێ مەیە

وەک ئەم دزانین زمان ئێکە ژ بنگەهێن نەتەوەبوونا هەر گەلەکی و نیشانەیەکا ئاشکرا یە بۆ ڤێ چەندێ.

ئەم کورد ژی خودانێن زمانەکی گەلەک کەڤن و دەولەمەندین، کو ب هەزاران سالان هەبوویە و تا نوها ژی کاروانێ خوە هەر بەردەوام دکە. ئەم دشێین بێژین هەبوون و بەردەوامیا زمانێ مە ئەگەرەکا گرنگ و کاریگەرە ژبۆ هەبوون و مانا مە یا نەتەوەیی، ژبەر کو ئەگەر ئەم خوە لگەل گەلێن دن یێن جیهانێ هەڤبەر بکین، دبە کو زمان ژ بۆ وان گەلان نە هند گرنگ بە، هندی ژ بۆ مە کوردان فەر، ژبەر کو گەلێن دن گەلەک بنگەهێن دن هەنە کو دشێن وەک نەتەوە خوە لسەر بگرن. لێ یا مە کوردان، دوژمنێن مە گەلەک ستوون ژبەر خانیێ مە یێ نەتەوەیی ڤەکرنە، و زمانێ مە ئێکە ژوان ستوونێن موکومە یێن کو تا نوها خانیێ مە خوە لسەر گرتی. ب سەدان سالن ئەم بێ دەولەت و دەسەلاتداری ماینە و دوژمنێن مە دڤێن هەبوونا وەلاتێ مە ژی نەهێلن و ب بهژێن. ڤێجا تشتێ کو مایە ددەستێ مەدە زمان و کولتووریێ مەیە کو تا نوها ئەم هێلاینە ساخ وەک نەتەوەیەک، هەرچەندە ژ بۆ ژناڤبرنا وی ژی بزاڤێن دژوار هاتنە کرن، لێ ژبەر کو ئەو گیانێ مەیە و نەهێلانا وی ژی مرنا مەیە، ژبەر هندێ زمانێ مە هاتیە پاراستن و کولتووریێ خوە ژی ب ڤەگێرانا دەڤکی ژ نفشەکی بۆ نفشەکی هەر ڤەگێرایە و لگەل خوە ئینایە.

گەلەک جاران ژ ئالێ دوژمنێن مە ڤە تێتە گۆتن کو زمانێ کوردی نە زمانەکی رەسەن و خوەسەرە و پێکهاتیە ژ چەند زاراڤەیێن جودا جودا و چ تایبەتیێن خوە نینن !!

لێ ئەم دبێژین زمانێ کوردی زمانەکی گەلەک رەسەن و خوەسەرە و ئێک ژ بەلگەیێن ئاخفتنا مە ژی ئەوە ، کو دسەر هندێ رە کو ب سەدان سالان شەرێ ڤی زمانی هاتیە کرن و بزاڤا ژناڤبرنا وی هاتیە کرن و زمانێن دەسەلاتداران ب سەردا هاتنە زال کرن ، جار ب رێکا ئول و ئایینان و جار ژی ب رێکا حکومەت و دەسەلاتداران ، لێ دیسان ژی زمانێ مە هاتیە پاراستن و هەر مایە زمانەکی خوەسەر و تایبەت. کو هەر دوی دەمی دە گەلەک زمانێن دی ددەڤەرا مە دە کو ژ زمانێ کوردی کێمتر ژی گڤاشتن و دژایەتی ژی ل سەر هەبوویە، لێ دیسا ژی ئەو هاتنە بشافتن و ژناڤبرن، و زمانێ کوردی ژی هەر مایە ساخ و خوە چەسپاندیە .

لێ لدویف پێشکەفتن و رەوشا ئیرۆ ئەم تێدا ، ئەم گەلەک خەمسارین بەرامبەر زمانێ خوە ! لڤی دەمێ کو چەرخا سەتەلایت و کومپیۆتەر و ئینتەرنێت و هەموو جۆرێن پێشکەفتنا تەکنیکی یە ، و د دەمەکی دا کو زمانێ کوردی ل باشووریێ کوردستانێ ئازادە و ل باکوورا کو تا بەری چەندەکێ ژی ئاخافتن ژی بەربەست بوو ، ل وێرێ ژی نیڤ ئازادە و ل دەرڤەی کوردستانێ ( ئەوروپا، ئەمریکا-کەنەدا و ئوستراليا) ژی نەبەس زمانێ کوردی ئازادە، بەلکی گەلەک دەلیڤە ژی هەیە بۆ پێشڤەبرنێ . لێ مخابن ئەم پویتەیەکا پێدڤی هێشتا نادینە زمانێ خوە و وەجێ ژ ڤان دەلیڤان وەرناگرین .

بۆ نوونە : ئەم دبینین هێشتا گەلەک گۆڤار و رۆژنامێن کوردان ب زمانێن داگیرکەرێن کوردستانێ بەلاڤ دبن و رادیو و تەلەڤزیۆنێن مە ژی جهەکی بەرفرەه ددنە ڤان زمانان و زمانێ گەلەک کومبوون و کونفرانس و جڤاتێن مە هێشتا زمانێ داگیرکەرانە .

ئەڤە ژی ددەمەکی دا کو گەلەک ژ وان زمانان نە ب کەڤناتیا خوە و نەژی ب گراماتیکا خوە ، هیچ ناگەهنە زمانێ کوردی . بۆ نموونە زمانێ ترکی یێ کو تانوها ژی ب هەزاران کورد ب کەیفا خوە وی بکارتینن ، زمانەکی بێ بنگەه و ب چویڤی چێکریە و ئەم دشێین بێژین کو ٧٠٪ ژ پەیڤێن فارسی، عەرەبی، گریکی و کوردی پێکهاتیە. لێ زمانێ کوردی بخوە هندێ دەولەمەندە کو مرۆڤ چ جارا نەچار نابە پەیڤەکا بیانی بکار بینە ، ئەگەر مرۆڤ حەز بکە، ژبەر کو ئەگەر ئەو پەیڤ دناڤ زاراڤا مرۆڤی دە نە بە ژی ، مسۆگەر ئەو دزاراڤەکا دی یا کوردی دە هەیە و مرۆڤ دشێت ژوێرێ وەربگرە.

نموونەیەکا دی یا پویتە پێنەکرنا مە ب زمانێ کوردی ئەوە : هەبوونا سێ رێنڤیس ( ئەلفابێ ) یێن جودا ( عەرەبی، لاتینی و کریلی ) و ئەم ژی نە ب تەنێ بزاڤێ ناکین رێنڤیسەکا تایبەت بۆ زمانێ خوە دانین، بەلکی ژوان رێنڤیسێن هەین ژی چەڤا ژێ دبین ! وەک رێنڤیسا لاتینی کو نوها هندەک دەزگایێن کوردان ( ی ) یا دەنگدار ب ( i ) هندەک ژی وەک یا جەلادەت بەدرخان ب ( î ) دنڤیسن .

گرفتاریەکا دی یا زمانێ مە ، کو پتر ل باکوور ئەم دبینن، ئەوە کو : ل ئەنجامێ پرۆپاگندا ب سەدان سالان یا دوژمنان ل دژی زمانێ مە ، وەل گەلەک کەسان کریە کو وان باوەری بخوە و زمانێ خوە وندا کریە و کەفتیە سەرێ وان کو کوردی تەنێ زمانێ خەلکێ نەخواندەڤان و گوندی و خەلکێ ناڤ چیا نە .. و زمانێ دەسەلاتداران ژی زمانێ رۆشنبیری و سیاسەت و زانین و شارستانیێ یە ..!! ئەڤ یەکە ژی پتر دیار دبە دەمێ مرۆڤ بچە ناڤ بازارەکی وەکی ئامەدێ و ل ناڤ تاخێن وێ بگەرە و گوهداریا ئاخفتنا خەلکێ بکە . ل ناڤ تاخێن هەژاران مرۆڤ هەست دکە کو مرۆڤ لناڤ بازارەکی کوردانە و ل تاخێن دەولەمەند و کارمەندان ژی مرۆڤ هەست دکە کو مرۆڤ ل ناڤ بازارەکی ترکانە ...!!

لێ ژبەر کو هەر وەکی مە ل پێشیێ ژی دیارکری ، زمانێ مە گیانێ مەیێ نەتەوەیی یە و ئەم بێ زمانێ خوە ژی نەشێن نەتەوە بوونا خوە بپارێزین . ژبەر وێ یەکێ ژی دڤێ ئەم پویتە بدینە زمانێ خوە و هەول بدین گرفتاریێن رێنڤیس و زاراڤ و گراماتیکی ژی چارەسەر بکین و بۆ ڤێ چەندێ ژی ئەم دشێین وەجێ ژ تەکنیکا جیهانێ یا نوو وەرگرین و زمانێ خوە پێ پێشبێخین .

# کوردستان لەناو ئاگری شەری عێراق و ئێراندا

## ( ئاوەردانەوەیەکی خـــێــرا لە رابووردویەکی نزیک )

بوخاری خدر








لەئەنجامی شۆرشی گەلانی ئێران و رووخانی رژێمی پادشایەتی هەلێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان رەخسا . لە بەهاری ١٩٧٩ هێزە سیاسیەکانی کوردستان توانییان زۆربەی زۆری رۆژهەڵاتی کوردستان لە دامودستگا داپلۆسێنەرەکان و پێگە سەربازیەکانی رژێم پاک بکەنەوە و کۆنترۆل بگرنە دەست . هاوکات هەوڵیاندا دامودستگا نەتەوەیەکان دابمەزرێنن . بە رێگای رادیۆ کوردیەکان و بڵاوکراوەکانیان ، خەلکی کوردستانیان هاندەدا بۆ بەهێز کردنی یەکیەتی رێزەکانیان و خەبات کردن بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیدا . ئەگەرچی لەکاتی راپەرینە جەماوەریەکانی دژ بە شا ، ئیمام خومەینی لە ووتارەکانیدا بۆ خەلکی ئێران ، رۆلی کەمەنەتەوایەتیەکانی دەستنیشان دەکرد ، وە بە زامنی سەرکەوتنی شۆرشی ئێرانی دادەنان ، وە پێخۆشحالی خۆی لە خەباتی کوردەکان دژ بە شا دەردەبری ، بەلام هەرکە ئاخوندە شیعەکان دەستەڵاتی ئێرانیان کەوتە بەردەست ، بەرە بەرە کەوتنە ئینکار کردنی گرنگی خەباتی نەتەوەکانی ئێران دژ بە شا ، هاوکات کەوتنە زێدەرەوی لە باس کردنی رۆلی خۆیان لەو خەباتەدا . رژێمی مەلا شیعەکانی ئێران هیچ بەرنامەیەکی شارستانیان نەبوو بۆ چارەسەر کردنی کێشە نەتەوایەتیەکانی ئێران . هەر بۆیەش لەو دەستورەی کە پاشتر بۆ ئێرانیان دارشت ، بەهیچ شێوەیەک باس لە مافە نەتەوایەتیەکانی گەلانی ئێران ناکات . ئاخوندەکانی ئێران بە چاوێکی پر گومانەوە تەماشای داواکاریەکانی خەلکی کوردستانیان دەکرد ، هەر بۆیە بزوتنەوەی گەلی کوردیان دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران و جیاوازخوازی و شۆرشی چەواشە دایە قەلەم . جا لەژێر پەردەی پاراستنی کۆماری ئیسلامی ئێران ، ئاخوندەکان فتوای هێرشێکی دروندانە و بەرباڵاویاندا بۆ سەر کوردستان .

شۆرشی گەلانی ئێران و دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ، کاریگەریەکی زۆریان کردە سەر خەباتی گەلی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان . لە باشوور بووە هۆی بەرزبوونەوەی گیانی خۆراگری و فرەوان بوونی خەباتی سیاسی و شەری چەکداری دژی رژێمی دیکتاتۆری شۆڤینی عێراق . ئەوکات شیعاری سەرەکی هێزە سیاسیەکانی باشوری کوردستان وەهەروەها پارتی کۆمەنیستی عێراق ( دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان ) بوو .

لە ئەنجامی رووخانی شای ئێران ، رژێمی کۆنەپەرستی عێراقی هاوپەیمانێکی گەورەی خۆی لە ناوچەکە لەدەستدا . لەلایەکی تر کاریگەریەکانی شۆرشی ئێران بەتەواوەتی

لەسەر جەماوەری عێراق هەست پێ دەکران ، بەتایبەتی لەناو شیعەکانی ناوەراست و باشوری عێراق ، کە لەسەدا ٦٠٪ ی دانیشتوانی وولات پێک دەهێنن . ئەمانە هەمووی تا رادەیەکی زۆر کاریان کردە سەر پلانە شۆڤینی و دروندانەکەی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا ، کە یەکسەر دوای دامرکانەوەی شۆرشی ئەیلول بەیارمەتی شای ئێران سالی ۱۹۷۵ بەفرەوانی دەستی پێ کردبوو . پلانەکەش گۆرینی دیموگرافیای کوردستان و بنەبر کردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی و نیشتیمانی کـــوردســـــتـــان بوو ، ئەویش لە رێگای :

# بەعەرەب کردنی ناوچە کوردنشینەکانی کەرکوک و موسل و دیـــالـــە و ...

# وێران کردنی تەواوی گوند و شارۆچکە کورد نشینەکانی سەر سنوری ئێران و تورکیــا ، وە راپێچ کردنی تەواوی خەلکەکەی بۆ ناو ئۆردوگا زۆرەملێ یەکان . رژێمی شۆڤینی بەغدا بەم کارانەی دەیویست گەلی باشوری کوردستان بەتەواوەتی لە رۆژهەلات و باکوری کوردستاندا جودا بکاتەوە و کۆنترۆلی پۆلاینی دانیشتوانی باشوری کوردستان بکات و هێزی پێشمەرگە و گەل لەیەک دابیرێ . ئامانجی سەرەکی رژێم گوێزانەوەی تەواوی گەلی کوردستان بوو بۆ ناوچکانی خوارووی عێراق ، وەک ئەو پلانەی کە لە یەکیەتی سۆڤیەت لە سەردەمی ستالیندا دژ بە گەلانی چەچەن و تەتەرەکانی کریم و کوردەکانی ئازربەیجان و ئەوانی تر پەیرەو کرا . بەلام لەبەر مەترسی شۆرشی گەلانی ئێران رژێم بەری وەبەر ئەم پلانە گلاوەدا نەما و بۆ کاتێکی لەبار تری دوا خست ، هاوکات بە هەموو هێز و توانایەکی کەوتە خۆ بۆ دژایەتی کردنی شۆرشی گەلانی ئێران ، ئەویش لە رێگای : یارمەتی دانی ئەفسەری سەربازی و ساواک و لایەنگرە هەلاتووەکانی رژێمی شای ئێران ، کە لە عێراق گیرسابوونەوە . لەلایەکی ترەوە کەوتە ( یارمەتی ) دانی کوردەکانی ئێران ، بێگومان مەبەستی سەرەکی رژێم ئەوە نەبوو کە یارمەتی گەلی کورد بدات ، بەلکو بۆ تێکدان و شلەژاندنی باری ناوخۆی ئێران بوو . هاوکات رژێمی عێراق هەلسا بە دەرکردنی سەدان هەزار هاوولاتی عێراقی ، کە زۆربەیان کوردی فەیلی بوون ، ئەویش دوای دەستی بەسەر داگرتنی مال و سامانییان ، بە بیانۆی ئەوەی کە ناسنامەی عێراقیان نیە . وە لە کوردستان رژێم و پیاوەکانی کەوتنە بلاوکردنەوەی پروپاگەندەیەکی زۆر ، وایان نیشان دەدا کە گوایە رژێم لایەنگری کوردەکانی رۆژهەلات دەکا ، مەبەستی رژێم لەم کارە ئەوە بوو ، کوردەکان ئامادە بکات بۆ شەر دژی ئێران . لە لایەکی تر رژێم هەولی تێکدانی نێوان پارت و رێکخراوە بەرهەلست کارەکانی کوردی باشووری دەدا ، ئەویش لە رێگای گفتوگۆی نهێنی و بەلێنی بە درۆ لەگەل چەند لایەنێکیان ، گوایە رژێم رێبازێکی نوێ ی بەرانبەر کێشەی کورد گرتووە ، وە دەیەوێ تەواوی مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراق ، دابین بکات .

لە ۱۷ ی ئەیلول ۱۹۸۰ رژێمی عێراق ، پەیماننامەی ئاداری سالی ۱۹۷۵ ی لەگەل ئێران یەک لایەنە پوچەل کردەوە . دوای شەرێکی پرۆپاگەندەیی و سایکۆلۆگی زۆر بۆ جەنگ ، لە ۲۲ ی هەمان مانگ عێراق بەرسمی بەیانی شەری دژی ئێران دا . بەم جۆرە شەری وێرانکاری هەشت سالانەی عێراق و ئێران دەستی پێ کرد . هەموو هێزە بەرهەلست کارەکانی رژێمی عێراقی ، چ لە کوردستان و چ لە عێراق ، ئەم شەرەیان بە ناردوا دایە قەلەم و رژێمی عێراقیشیان بە هەلگیرساندنی بەرپرسیار کرد . هەر لە یەکەم رۆژەکانی شەر ، ناوچەیەکی زۆری کوردستان ، بەدرێژایی سنورەکانی عێراق و ئێران ، هەر لە عیلامەوە تاکو ناوچەکانی پێنجوین کەوتنە ناو ئاگری شەرەکە ، خەلکی شار و گوندەکانی ئەم ناوچەیەش توشی دەربەدەری و مـــال وێرانیـــەکی زۆر بوون .

وەک ئاشکرایە هەردوو رژێمی عێراق و ئێران ، بە هەموو شێوەیەک ، بە ئاگر و ئاسن ، سیاسەتی لەناو بردن و دامرکانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەلکی کوردستانیان ، لە وولاتەکانی خۆیاندا پەیرەو دەکرد ، هاوکات ، هەم لە بەغدا و هەم لە تاران ، بەرژەوەندیان لەوەدا بوو کە هێزی بەرەنگار بوونەوەی کوردی لەناو وولاتی دوژمندا بەردەوامی هەبێ . بۆیە ئێران دەستی کرد بە (یارمەتی ) دانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و هەندێ لایەنی تریش . وە رژێمی عێراق ، لە سەرەتا بە پارە و چەک ، دەستی کرد بە یارمەتی دانی زۆر لە سەرۆک عەشایر و ئاغا کوردیەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ، دوایش هەلسا بە هەمان شێوە ( یارمەتی ) پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی دا .

شتێکی سروشتیە کە شەری نێوان ئێران و عێراق تەنگەژەی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی هەردوو دەولەتی قولتر کردەوە ، بەمەش بارێکی لەبارتر بۆ گەلی کورد رەخسا ، کە سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد دەیتوانی سوود لەم هەل و مەرجە نوێیە ببینێ و بەکاری بهێنێ بۆ دابین کردنی مافە نەتەوەی و نیشتیمانیەکانی خەلکی کوردستان . بەلام وەک دەبینین مەسەلەکە بەتەواوەتی بە دژی بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد شکایەوە ، چونکە ئەو کات چ لە رۆژهەلات و چ لە باشووری کوردستان ، بزوتنەوەکە ، بە هۆی هەلس و کەوت و شێوەی بیرکردنەوەی سەرکردایەتیەکەی ، توشی دابەش بوون و شەری ناوخۆیی ببوو . لە باشوری کوردستان هەندێ هەولی لاواز دران بۆ کۆکردنەوەی تەواوی هێزە بەرهەلستکارەکانی عێراقی ، لە ئەنجامدا لە ۱۲/۱۱/۱۹۸۰ ، لە دیمەشق بەرەی نیشتیمانی نەتەوایەتی ناسراو بە ( جوقد ) بەیان کرا ، وە ئەم گروپ و پارتانەی خوارەوە بەرەکەیان مۆر کرد بوو . ۱- یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان ۲- حزبی شیوعی عێراق۳-حزبی سوسیالیستی یەکگرتووی کوردستان ٤- حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالیستی ( قیادەی قوتری عێراق ) ٥- بزوتنەوەی سوسیالیستی عەرەبی ٦- رێکخراوەی لەشکری رزگاری عێراق ۷- پارتی سوسیالیستی عێراق ، ۸- دیموکراتە سەربەخۆکان . بەلام لەبەر ئەوەی ( جوقد ) لەسەر خاکی نیشتیمان و لە ئەنجامی خەباتی هاوبەشی هێزە نیشتیمانیەکانی کوردستان لە دایک نەبیوو ، وە کاریگەری دەرەوەی لەسەر بوو بەتایبەتی دەولەتی شۆڤینی سوریا ، لە لایەکی ترەوە هەندێ لایەن هەر لەپێناوی چەند ئامانج و دەستکەوتێکی کاتی بەرەکەیان مۆر کردبوو ، وە لەو کاتانەی کە بەیانی دامەزراندنی جوقد راگەیاندرا ، شەری راگەیاند و برا کوژی لە کوردستان درێژەی هەبوو ، تەنانەت لە

نێوان ئەو لایەنانەی کە بەرەکەشیان مۆرکردبوو، بۆ نموونە نێوانی ینک و حسک، وئەگەر تەماشای ئەو لایەنانە بکەین کە بەرەکەیان پێکهێنابوو، جگە لە ینک وحشع و حسک، ئەوانی تر هیچ سەنگێکی سیاسی یان جەماوەری و سەربازیان نەک تەنها لە کوردستان بەڵکو لە عێراقیشدا نەبوو. بۆیە دەتوانین بڵێین جوقد ناوێکی گەورە و ناوەرۆکێکی ئیفلیج و لاوازی هەبوو، هەر بۆیەش زووبەزوویی بەرو پوکانەوەو نەمان رۆیشت. دوای ماوەیەکی کەم لە بەرواری ١٩٨٠/١١/٢٩ بەرەی دیموکراتی نیشتمانی ناسراو بە(جود) لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ( پدک) و حزبی شوعی عێراقی(حشع) و حزبی سوسیالستی کوردستان(حسک)، هاتە دامەزراندن. لایەنەکان بڵاویان کردەوە کە(جود) جێگر نیە بۆ (جوقد) و دژی هیچ لایەنێکی نیشتمانی نیە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی تەواوی هێزە دیموکراتی و نیشتمانیەکان لە بەرەیەکی بەرفراوان، کە خەبات دەکەن بۆ رۆخاندنی رژێمی شۆڤینی و دیکتاتۆری عێراق. بەڵام بەرەی جود نەک تەنها ئەم ئامانجەی بۆ نە هاتە دی، بەڵکو ناکۆکیەکانی نێوان ( ینک و پدک )و لە لایەکی ترەوە نێوان ( ینک و حسک ) قوڵتر بوونەوە، حزبی شوعی عێراقی زۆر هەوڵی دا دوویەرەکی و کێشەکانی نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان بە ئاوایەکی ئاشتیانە چارەسەربکات و خۆی دوور بگرێ لە شەری نێوانیان، بەڵام حزبی ناوبراو نەک هەر سەرنەکەوتوو نەبوو بەڵکو وورده وورده خۆشی لە ناو ئاگری شەری براکوژی دۆزیەوە.

لە سالی ١٩٨١ لە ئەنجامی هێرشەکانی لەشکری ئێران بۆ سەر ناوچەکانی باشووری عێراق و گەرم بوونی شەر لەوێ رژێمی عێراق بەشێک لە هێزە چەکدارەکانی لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان گواستەوە بۆ بەرەکانی شەر لە باشوور. بەم جۆرە ناوچەیەکی زۆری کەوتە ژێر کۆنترۆلی هێزە چەکدارەکانی کوردستان.

لە بەهاری ١٩٨٢ لە ئەنجامی بەردەوامی سیاسەتی شۆڤینیانەی رژێم و شەرە نارەواکەی سەدام حوسێن، و ئامادەنەبوونی خەلکی کوردستان بۆئەوەی ببن بە خۆراکی شەرە بەقرێژەکە. لە خەڵکی کوردستان بێزاری و توڕەیی دژی رژێم و شەرەکەی بە خێرایی پەرەی سەند. بە هەزاران لاوی کورد ریزەکانی لەشکری عێراقیان بە جێ هێشت و خۆیان گەیاندە ناوچە ( ئازاد کراوەکان ). لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان خۆپیشاندان و نارەزایی دژی شەر و رژێم بە شێوەیەکی ( عەفەویانە ) دەستیان پێ کرد، بەڵام پارتە سیاسیەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە بتوانن ئەم بارودۆخە شۆرشگێریەی کوردستان سەرکردایەتی بکەن و بەرەو ئامانجەکانی بەرن. کەم بینی سیاسی و بروا نەبوون بە دیموکراسی و خەباتی هاوبەش، و هەوڵدان بە رێگای زەبر و زەنگ بۆ پاوان کردنی سیاسی ، ئەم جۆرە بیرکردنەوە و هەڵسو کەوتانە، پارتە سیاسیەکانی کوردستانیان خستبووە ناو ململانێیەکی زۆر و شەری براکوژی، کە دژی ویست و خواستی خەڵکی کوردستان و زۆربەی پێشمەرگەکان بوو. هەڵبەتا رژێمی عێراق و ووڵاتانی دەوروبەر دەوری زۆریان لە قوڵ کردنەوەی دوویەرەکی یەکان، و بە هەموو شێوەیەک کۆششیان دەکرد بۆ ئەوەی بەرەیەکی دیموکراتی و نیشتمانی، وەک دامودەزگایەکی نەتەوەیی لە کوردستان دروست نەبێ. بەڵام هێشتا لێپرسراوی مێژوویی هەر دەکەوێتە سەر ئەستۆی سەرکردە سیاسیەکانی ئەو کاتی باشووری کوردستان. هاوکات رژێمی ئێرانی، هەوڵی دا، ئەم بارودۆخە شۆرشگێریەی باشووری کوردستان بۆ مەبەستە گڵاوە، سەربازی و سیاسیەکانی خۆی بەکاربێنێ، بۆیە دوای هێرشێکی بەرفراوان و سەخت و خوێناوی، دژ بە هێزەکانی حزبی دیموکراتی ئێران و ئەوانی تریش، توانیان دەسەڵاتی سەربازی خۆیان بە سەر زۆربەی ناوچە سنووریەکانی باشووری کوردستان دا بسەپێنن، کە جاران زۆربەی ناوچەکان لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بوون .

لە پایزی ١٩٨٣ ، هێزەکانی ئێران بە هاوکاری پێشمەرگەکانی پدک هاتنە ناو باشووری کوردستان و توانیان هەندێ شوێنی ستراتیجی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران داگیربکەن. لە ئەنجامدا رژێمی عێراقی چ بە ژمارە و چ بە تانگ و تۆپ، هێزەکانی لە کوردستان زیاتر کرد، زیاد لە مەش رژێم وەک گورگێکی هار بەربووە ناو خەڵکی سڤیل و بێ دیفاعی کوردستان، بە تایبەتی دژ بە بارزانیەکان کە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دیانە و هەریر و قوشتەپە بون، زیاتر لە ٨ هەزار مرۆڤی بارزانیان بێ سەروشوێن کرد.

بەم جۆرە سالی ١٩٨٣ ئاگری شەری ئێران و عێراق، زۆربەی زۆری خاکی کوردستانی گرتەوە و زۆر لە ناوچە سنووریەکان خاپوور کران .

پەرەسەندنی بزاڤی رزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کوردستان لە ئێران و عێراق و تورکیا، ماوەیەک بوو رژێمی سەربازی تورکیای تووشی دڵەراوکێ کردبوو، بۆیە تورکەکان کەوتنە خۆ بۆ زیاتر دوژمنایەتی کردنی زاڤەکە، ئەویش بە رێگای هاوکاری کردنیان لەگەڵ رژێمە داگیرکەرەکانی تری کوردستان، لە سالی ١٩٨٢ تورکیا و عێراق لە نێوان خۆیاندا پەیمانێکی نهێنی یان مۆر کرد، خالی هەرە سەرەکی ئەم پەیمانە ئەوە بوو کە: لەشکری هەردوو دەوڵەت مافی ئەوەیان پێ درا کە بە قوڵایی ١٧ کم ئاسمانی و بچنە ناو ( خاکی ) یەکتری. لە کۆتایی گوڵانی ١٩٨٣، بە ئاگایی و رەزامەندی ووڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، لەشکری تورکیا کە ژمارەیان خۆی لە ٣٠ هەزار کەس دەدا، بە قوڵایی ٣٠ کم هاتنە ناو باشووری کوردستان ، بۆ ئەو ناوچانەی کە بنکەکانی پدک و حشع یان لێ بوو.

هەروەک ئاشکرایە مەبەست لە هێرشەکەی تورکیا بەو ئامانجە بوو کە رێگا لە بزاڤی رزگاری نیشتمانی پەرەسەندووی کوردستان بگرێ، کە راستەوخۆ کاری کردبووە سەر بزاڤی کوردەکانی باکووری ژێردەسەڵاتی تورکیا . لە لایەکی تر هێرشەکە دەربرینی ماسوولکە و چاوسوورکردنەوەیەکیش بوو لە ئێران، کە ئەو کات هێزێکی زۆری لە سەر سنوورەکانی باشووری کوردستان کۆ کردبووەوە و خۆی ئامادە دەکرد بۆ بەرەیەکی بەرفراوانی شەر لە باشووری کوردستان.

جا تورکەکان مەترسیان لەوەدا بوو، کە لە وانەیە ئێرانیەکان بتوانن بیرە

نەوتەکانی باشووری کوردستان داگیر بکەن ، ئەو شوێنانەی کە تورکەکان ساڵەهای ساڵە چاویان تێ بریوە و هەوڵی قوت دانی دەدەن . لە لایەکی تر تورکیا بە هۆی ئەو نەوتەی کە لە باشووری کوردستان دەردەهێندرێ وە لە رێگای تورکیا دەگاتە بازارەکانی دونیا ، ئەو کات ساڵانە ٢٢٥ ملیۆن دۆلاری دەستکەوت بوو .

هاتنە ناوەوەی لەشکری تورکیا بۆ باشووری کوردستان ، هەندێ بارگرژی و ساردی لە پەیوەندیکانی نێوان ئێران و تورکیا دروست کرد . ئێران بەیانی کرد لەوانەیە تەواوی پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەکانی لەگەڵ تورکیادا ببرێ ، ئەمەش مانای ئەوەی دەگەیاند کە تورکیا ساڵانە بایی ١ ملیارد دۆلار بازرگانی لەگەڵ ئێران لەدەست بدات ، بەڵام گفتو گۆکانی نێوان تورکیا و ئێران لە پاییزی ١٩٨٣ ئەم بارگرژیەی نێوانیانی نەرم و شل کردەوە . بەمەش ئەم راستیە مێژوویە دووپارە بووەوە کە ووڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان ، ئەگەر لە سەر زۆر شت ناکۆک و ناتەباش بن بەڵام بۆ دوژمنایەتی کردنی کێشە رەواکەی گەلی کوردستان هەردەم کۆک و تەبان هەر وەک ئاشکرایە ، عێراق و ئێران شەری نێوانیان بەکار دەهێنا بۆ لەناو بردنی بزوتنەوەی دیموکراتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ، زیاد لەمەش سیاسەتی وێران کردنی ووڵاتەکەشیان پەیرەو دەکرد ، ئەویش لە رێگای خاپوور کردنی دێهاتەکانی کوردستان و گۆرینی دیموگرافیای زۆر شوێنی نیشتیمانی کورد ، لە هەمان کاتدا هەردوولا هەستان بە چەکدار کردنی زۆرەملێیانەی خەلکی سڤیلی کوردستان . ئەوان دەیان ویست ئەم خەڵکە چەکدارە بەکار بهێنن هەم دژی ووڵاتی دوژمن و هەم دژ بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ( کە ئەو کات بەشێکی زۆری رۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە ژێر دەستەڵاتی پێشمەرگەدا بوو ) . بەڵام خەڵکە بەزۆر چەکدار کراوەکە ئامادە بوو بەرە بەرە پاڵ بداتە بەر پێشمەرگە و ببێتە بەشێک لە شۆرش . بڵام دیسان دوژمنایەتی و ناکۆکیە توند و تیژەکانی نێوان پارت و گروپە چەکدارەکان چ لە باشوور و چ لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، بوونە کۆسپی گەورە بۆ سوود وەرگرتن لەم بارودۆخە شۆرشگێریە . پارتە سیاسیەکان نەیان توانی خۆیان کۆبکەنەوە لەناو بەرەیەکی دیموکراتی دژ بە داگیرکەرانی کوردستان و شەرە وێرانکاریەکەیان . بە پێچەوانەی ئەمە ، لە بەهاری ١٩٨٣شەری براکوژی لەنێوان یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی ( جود ) زۆر بە توندی دەستی پێ کرد ، ئەنجامەکەشی شەهید بوونی سەدان پێشمەرگە بوو ، هاوکات ی ن ک کەوتە هاوکاری و گفتوگۆ کردن لەگەڵ رژێمی دیکتاتۆری عێراق . سەرکردایەتی ی ن ک پێی وا بوو کە رژێمی شۆڤینی سەدام تووشی تەنگەژەیەکی توندی سیاسی و سەربازی و ئابووری بووە ، بۆیە ئامادەیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ ، هەندێ پاشەکشە بکات لە هەڵوێستە شۆڤینیەکانی بەرانبەر بە گەلی کوردستان و دان بە مافەکانی دا بنێ . بەمەش ی ن ک دەتوانێ پاوانی تەواوی باشووری کوردستان بکات . وەک دیارە گفتوگۆکانی ی ن ک لەگەڵ رژێم نەگەیشتن بە هیچ ئەنجامێک . ئەمەش شتێکی چاوەراون کراو بوو ، چونکە رژێمی سەدام ( ی ن ک )ی وەک پاسەوانێک وەیان داردەستێک پێویست بوو ، نەک وەک نوێنەری گەلی کورد ، کە ئەو کات سەرکدایەتی ( ی ن ک ) بە نارەوایانە خۆیان بە تاکە نوێنەری گەلی کورد دەزانی . ئەم هەڵس و کەوت و بۆچوونانەی ( ی ن ک ) و شەری برا کوژی نێوان پارتە سیاسیەکان ، کارێکی ئێکجگار نەگەتیڤانەی کردە سەر ناوبانگی شۆرشی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی رێزەکانی گەڵ و باری دەروونی خەلکی خۆراگری کوردستان . دوای بێ هودە بوونی ( ی ن ک ) لە گفتو گۆکانیان لەگەڵ رژێم ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ سەرکردایەتی (ی ن ک ) بە بەیانامەیەکی رسمی رایان گەیاند کە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ رژێم کۆتایی پێ هێنا ، ئەم هەنگاوەی (ی ن ک ) لەلایەن پارتە سیاسیەکانی کوردستان و جەماوەرەوە پێشوازی لێ کرا . وە بوو بە سەرەتایەک بۆ نزیک بوونەوەی هێزەکانی باشووری کوردستان .

بە بروای من ئەگەر هاتبا سەرکردایەتی هێزە سیاسیکانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەرانبەر بە گەلەکەیان لە ئاستی ئەو ئەرکە مێژوویە دابان کە لەسەر شانیان بوو ، ئەوا لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٦ دەتواندرا زۆر دەستکەوتی نەتەوەیی گەورە بۆ گەلەکەمان بەدەست بهێندرێن ، چونکە گیانی بەرەنگار بوونەوە و ئامادەیی خەڵک بۆ راپەرینێکی جەماوەری لەو ماوەیەدا زۆر بەهێز بوو ، وە خەڵکی کوردستان چەند جارێک ئەم راستیەیان بە کردەوە سەلماند ، مەبەست ( راپەرینە جەماوەریە - عەفەویەکانی - ساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٤ و ١٩٨٥ و ١٩٨٧ )ن جا ئەگەر ئەو کات لە شوێنی چەند پارت و گروپێکی چەکداری ناکۆک و دژ بەیەک ، دام و دەستگایەکی نەتەوەیی نیشتیمانی شۆرشگێر هەبوایە ، ئەوە هەرچی نەبێ دەتوانرا هەندێ لە دەستکەوتەکان دابین بکرێن .

دوای کۆتایی هاتنی پیوەندیەکانی (ی ن ک) لەگەڵ رژێمی عێراق ، سەرکردایەتی (ی ن ک) هەڵسا بە پەیوەندی کردن و خۆ نزیک کردنەوە لە پارتە سیاسیەکانی کوردستان و رژێمی شۆڤینی ئێرانی ، کە ئەو کات زۆربەی زۆری پارتەکانی باشووری کوردستان کەم و زۆر پەیوەندیان هەبوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ، وە هەر لەژێر کاریگەری دەوڵەتی ئێران و بە یارمەتی ئەو ( هەڵبەتا بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی نەک بۆ بەرژەوەندیکانی گەلی باشووری کوردستان ) لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ و سەرەتای ١٩٨٧ هەردوو پارتە نەیارەکەی باشووری کوردستان توانی یان کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن . دوای ئاشتبوونەوەی تەواوی هێزەکانی باشوری کوردستان ، هێزەکانی پێشمەرگە توانیان زۆر سەرکەوتنی سەربازی دژی هێزە داگیرکەرەکانی عێراقی بەدەست بهێنن ، نەبەردەکانی ناوچەی قەرداخ و دەشتی کۆیە و گوندەکانی دەور و بەری سولەیمانی و ناوچەی گەرمیان و پەلامار دانی فرۆکەخانەی بامەرنی و گرتنی رێگای نێوان کانی ماس و زاخۆ و،،،، شایەدی ئەم سەرکەوتنانەن .رژێمی شۆڤینی عێراق بۆ بەرنگار بوونەوەی جەماوەر و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوتە خۆ ، ئەم جارە بە شێوەیەکی زۆر دوڕندانە رِق و قینی رەش و شۆڤینیانەی خۆی دژ

بە گەلی کورد نیشاندا ، ئەم دروندایەتیەی رژێم لە ساڵی ١٩٨٧ گەیشتە ئەوپەری ، کاتێک هەڵسا بە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی بەشێوەیەکی بەرفروان دژ بە پێشمەرگە ، ئەویش لە ناوچەکانی بادینان و خۆشناوەتی و دۆلی جافەتی و قەرەداخ و ... کە قوربانیەکانی زیاتر خەڵکی گوندەکانی ناوچە ناوبراوەکان بوون ، لەلایەکی تر رەش بگیری و لە سێدارە دان و گولله باران کردنی بە کۆمەڵ و هەڵکەندنی گۆرستانی بەکۆمەڵ بۆ خەڵکی خۆراگری کوردستان ، لێرە و لەوێ بوون بە دیاردەیەکی رۆژانە .

گەلی کوردستان وە هەروەها زۆربەی زۆری پێشمەرگەکان چ لە عێراق و چ لە ئێران دژی هەموو جۆرە هاوکاریەک بوون لەگەڵ رژێمی عێراق و ئێران بەتایبەتی لە شەری نێوانیاندا ، بەڵام پارتە سیاسیەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان ، وە بە تایبەتی ( ی ن ک و پ د ک ) ئەم جۆرە هاوکاریەیان لەگەڵ رژێمی ئێراندا هەبوو . سەرکردایەتی پارتە ناوبراوەکان وایان نیشان دەدا کە لە بارو دۆخێکی وەک ئەمرۆی کوردستان ، ئەوان پێویستیان بە ( یارمەتی ) ئێران هەیە ، بەڵام ئەوەی تایبەتە بە شەری نێوانیان ، ئەوە ئەوان لەم شەرەدا هاوکاری لەشکری ئێران ناکەن . کەچی بەڵگە و نموونەی زۆر هەن کە نیشانی ئەدەن (ی ن ک و پ د ک) زۆر جار بە تەنیا و بە یەکەوە لەگەڵ لەشکری ئێرانی هێرشیان بردۆتە سەر سەنگەرەکانی لەشکری عێراقی ، ئەمەش نەک هەر تەنها لەسەر ناوچە سنووریەکان ، بەڵکو لە قوڵایی خاکی باشووری کوردستانیش . بەم جۆرە عەقلیەتی سەرکردایەتی کورد کوێرانە چارەنووسی شۆرشی کوردستانیان بەستەوە بە شەری ئێران و عێراق ، بەمەش ناوبانگی شۆرشی کوردیان لکەدار کرد و زیانێکی سیاسی گەورەیان پێ گەیاند . بەم جۆرە شۆرشی گەلی کورد لەناو شەری عێراق و ئێران کەسایەتی و تایبەتمەندی خۆی بزر کرد و بوو بە بەشێک لە لە ناوەراستی شەرەکە .

مارتی ١٩٨٨ هێزەکانی ( ی ن ک و پ د ک ) بە یارمەتی لەشکری ئێران هێرشیان بردە سەرناوچەکانی هەڵەبجە و خورماڵ و سەیسادیق ، وە توانیان هێزەکانی عێراقی تێک بشکێنن و پاشەکشەی پێ بکەن ، هەر لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا ، زۆر لە کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ، کە هەندێ بنکەیان لەم ناوچانەدا هەبوون کەوتنە بەر هێرشی سوپایی و پاسدارانی ئێرانی و چەند سەد کەسێکیان لێ شەهید و بە دیل گیران .

رژێمی عێراقی لە ١٦/١٧/٣/١٩٨٨ لەژێر پەردەی شەر دژی ئێران و مافی بەرگری کردن لە ( خاکی نیشتیمان ) یەکێک لە گەورەترین تاوانی دژ بە گەلی کورد و مرۆڤایەتی ئەنجامدا ، ئەویش شەهید کردنی هەڵەبجە بوو بە گازی سیناید و خەردەل . بەم جۆرە کوردستان لە ماوەی هەشت ساڵی شەری وێرانکارانەی عێراق و ئێران بوو بە گۆرەپانی شەر و پێکدادانیان ، وە لەبەر چاوی هەموو دونیا بوو بە تاقیگایەکی زیندوو بۆ بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی زۆر لە چەکە ( قەدەغەکراو ) بە کۆمەڵ کوژەکان . ئەگەر چی لێرە و لە وێ لە ناو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا باسی بەکارهێنانی چەکی



کیمیاوی دەکرا ، بەڵام بە شێوەیەکی رسمی باسەکە هەر ئەوە بوو کە لە شەری کەنداو چەکی کیمیاوی بەکار دەهێندرێ بەڵام لای زلهێزەکانی دونیا ئاشکرا بوو کە کێ ئەم چەکە بە کۆمەڵ کوژانە بەکاردەهێنێ وە کێش بوێتە قوربانی بەکارهێنانیان . بەم جۆرە گەلی کوردستان جارێکی تریش بوو بە قوربانی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکانی وڵاتانی ناوچەکە و زلهێزەکانی جیهان .

لەم هەڵ و مەرجە نوێیەدا ، هێزە سیاسیەکانی کوردستان بۆ بەرەنگار بوونەوەی شەری قڕ کردنی خەڵکی کوردستان کە رژێمی شۆڤینی عێراق پەیرەوی دەکرد ، هەڵسان بە کۆکردنەوەی هێزەکانییان ، لە کۆتایی مانگی گوڵانی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانی - عێراق- لەدایک بوو ، کە زۆربەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان بەشداریان تیا کرد بوو . بەم جۆرە بۆ یەکەمین جار لەمێژووی گەلی کورد ، ئۆرگانێکی رزگاری نیشتیمانی سەری هەڵدا . بەڵام پاش چی !!؟ دەبوایە ئەم ئۆرگانە نەتەوەیە هەر هیچ نەبا پێش ١٠ ساڵ بەر لە شەهید بوونی هەڵەبجە لەدایک ببا .



دوای ئەوەی کە دوڵەتی ئێران ، لە پڕ بڕیاری ژمارە(٥٩٨) جڤاتی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی قبوڵ کرد ، ( هەڵبەتا عەقلیەتی سیاسی کوردیش ئەمەی پێش بینی نەکرد بوو ) . لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٨ دەنگی تۆپ و تەقینەوەی بۆمبا لە بەرەکانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بڕا . راوەستانی شەڕ دەستە بەخوێنەکانی رژێمی عێراقی واڵاتر کرد ، بۆ شەڕی قەڵاچۆ کردنی گەلی کوردستان و وێران کردنیووڵاتەکەی . ئەوە بوو سەربازانی عێراقی رووی خۆیان لە بەرەکانی شەڕ دژی ئێران وەرگێرا وە بەخۆیان و تانک و تۆپ و فڕۆکەی جەنگی و چەکی کیمیاوی روویان کردە کوردستان لەماوەی چەند حەفتەیەک ، لەشکری عێراقی توانی ( سەرکەوتن ) بەسەر خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان بە دەست بهێنێ . لە ئەنجامی ئەو هێرشە دورندانەدا کە بە ئەنفالە بەدناوەکان ناسراون ، بە سەدان گوند لەگەڵ زەوی تەخت کران و بە سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون و ١٨٠هەزار کەسیش لەلایەن رژێم بێ سەرو شوێن کران .

ئەگەر بە کورتی سەرژمێرێکی زیانەکانی گەلی کوردستان بکەین لەماوەی هەشت سالی شەڕی عێراق و ئێراندا ئەوا دەبینین .

١– زیاتر لە ٤٠٠٠ هەزار گوند لەگەڵ چەند شارۆچکەیەک بە پانتایی زیاتر لە ١٥ هەزار کم چوارگۆشە ، واتە زیاتر لە هەموو پانتایی خاکی لوبنان وێران بوون ، وە نزیکەی ملیۆن و نیوێک دانیشتوانەکەی ئاوارە و دەربەدەر بوون ، لەوانە ١٥٠ هەزاریان ئاوارەی ئێران و تورکیا بوون ، ئەوانی تریش راپێچی ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی رژێمی عێراقی کران . بەم جۆرە لە کۆتایی سالی ١٩٨٨ باشووری کوردستان پێکهاتبوو لە چەند شارێکی بێ گوند . جا لەبەر ئەوەی کوردستان ووڵاتێکی کشتوکاڵیە ، بۆیە دەتوانین بڵێین ئابووری وەیان ژێرخانی کۆمەڵگای باشووری کوردستان بە تەواوەتی تێک چوو .

٢– ئەگەر سەرژمێرێکی قوربانیکانی چەکی کیمیاوی و ئەنفالەکان و گوللە باران و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان بکەین ، دەتوانین بڵێین لەم ماوەیەدا نزیکەی چارێکە ملیۆنێک مرۆڤی کورد لەبەین چوو .

٣– لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا پانتایەکی زۆری خاکی کوردستان مین رێژ کرا . بە بڕوای هەندێ لەرێکخراوە نێونەتەوەیی و خۆماڵیەکان ، نزیکەی ٥ ملیۆن مین چاندراون ، کە زیانە ئابووری و مرۆیەکانی تاکو ئەمڕۆش هەست پێ دەکرێن .

٤– هەر لەم ماوەیەدا زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کوردی فەیلی ئاوارە و دەربەدەری ئێران کران ، ئەویش دوای دەست بەسەر داگرتنی ماڵ و سامانیان .

ئەمانە تەنها زیانەکانی باشووری کوردستانن ، خۆ ئەگەر زیانەکانی رۆژهەڵاتی کوردسانیشیان بخرێنە سەر ، کە زیانەکانی کەمتر نین ، ئەوجا بەتەواوی تێدەگەین زیانەکانی گەلی کوردستان چەند گەورەن . هەڵبەتا ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر هەیە .

ئەمانەی سەرەوە تەنها زیانە ئابووری و مرۆیەکانن ، بەڵام ، کۆمەڵگای کوردستان ، لە ئەنجامی شەڕی نێوان عێراق و ئێران و شەڕی گینۆسایدی هەردوو رژێمەکە دژ بە گەلی کورد ، تووشی زیانێکی نێجگار گەورەی کۆمەڵایەتی و دەروونیش هات ، ئەمەش بابەتێکی سەربەخۆیە و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دەوێ .

لەلایەکی تر شۆڕشی ئەم ماوەیەی گەلی کورد تووشی تێکشکانێکی سیاسیش بوو ، کەچی بەداخەوە تاکو ئێستا هیچ لە پارت و رێکخراوە کوردستانیەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە دانیان بەم راستیەدا نەهێناوە .

## سەرچاوەکان


١–گۆڤاری پەیڤ ژمارە ٤ ، نیسانی ١٩٨٧.

٢– هەمان گۆڤار ژمارە ٩ ، کانونی دووەمی ١٩٨٩ .

٣– د. عبدالحسین شعبان . النزاع العراقی –الایرانی ملاحضات و ارا فی ضو القانون الدولی ، بیروت ١٩٨١.

٤– س . ئا . نیازماتۆڤ ، شەڕی ئێران و عێراق ئاوردانەوەیەکی مێژوویی مۆسکۆ ١٩٨٩ .

٥– الثقافە الجدیدە ، ژمارە ١٤٤ تەموزی ١٩٨٣ .

٦– دەکومێنتەکانی چوارەمین گۆنگرەی نیشتمانی ، پارتی کۆمەنیستی عێراق ، ١٩٨٥ .

٧– رێگای ئاشتی و سۆسیالیزم ، ژمارە ١٨ سالی ١٩٨٩ .

٨– بەرەی کوردستانی ، ژمارە ٢ ئاداری ١٩٩٠ .

٩– فاتیح رەسول ، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان ، رووداو بەڵگەنامە ، بەرگی دووەم ، ١٩٩٢ سوید

١٠– سەرچاوەی پێشوو بەرگی سێیەم ، ١٩٩٤ سوید .


ئەڤ رەشپۆشیا هون دبینن، ئەو نە رەنگێ وەلاتێ منە، بەلکو پەردەیەکا رەشە دژمنان ب سەر دا راکێشایە...... دێ لاوینو زەندان هەلدەن و وێ بەرکا رەش هلینن . دا هون ببینن چ بهارەکا کەسک و سۆر یا دبندا مای.... !

ئەمر
مەحمود ئێزدی



### ٦٠٠ رۆژێن ڤەکۆلین و لێگەریانا تەرمێ کیڤارا

# شۆرشگێرێ کو کوشکا سپی ژترسا وی لەرزی

**رزگار کێستەیی**

ژ عەرەبی وەرگێرایە

ل رۆژا ١٤ای خەزیرانا ١٩٢٨ ئەرنستو چی کیڤارا ل باژارێ رۆزاریو یێ ئەرژەنتینی هاتە سەر جیهانێ ... و ل رۆژا ٩ی چریا پێشی ١٩٦٧ هاتە گوللەبارانکرن ل بولیڤیا ... وی هەر ژ سالا ١٩٥٦ پشکداریا هەڤرێ یێ خوە فیدل کاسترۆ کربوو دشۆرشا کوبادا یا کو دەسەڵاتا دکتاتۆر پاتیستا وەرگێرایی.
کوبا ژی وەک رێزگرتن بۆ خەباتا وی سالا ١٩٩٧ کرە سالا بیرئانینا ڤی شۆرشگێری یێ کو خەون و هیڤیا وی ئەو بوو کو ئاگرێ شۆرشەکا جیهانی گەش بکە .
لسەر کیڤارایی گەلەک هاتیە نڤیسین .. بتایبەتی چیرۆکا وندا بوونا وی ببوو خالەکا گرنگا پویتە پێکرنێ ، ژبەر کو تاکو نوکە ژی کەسێ بدورستی نە دزانی کانێ چ لێهاتیە .
دڤان رێزێن تێن دا ئەم دێ خواندەڤانێن هێژا بخومرە ببن دناڤ چرۆکا کو کیڤارا و هەڤالێن خوە گاڤێن خوە یێن داویێ تێدا ژیایین و دناڤ وێ رەوشا گران و ئالۆز دا یا کو بگرتن و کوشتنا وی بداوی هاتی .
ژ بۆ پتر روونکرنا قولاچکێن تارییێن ڤێ روودانا گرنگ ئەم دێ زڤرینە سەر ئاخفتن و دیتنێن وان شاهدێن کو پشکداری دگرتن و کوشتنا وی دا کرین :
ل سالا ١٩٦٦ پشتی کو شەرێ پارتیزانی ل کۆنگو شکەستن خواری ، کیڤارای ئەو وەڵات هێلا و بەرێ خوە دا بولیڤیا ژ بۆ گەشکرنا ئاگرێ شەرێ پارتیزانیێ و ب ئارمانجا " ئافراندنا ڤێتنامەکا دی ژی " ل دویڤ ئاخفتنا وی .
ل شوینا هندێ کو ئەو بەرێ خوە بدە " هاڤانا " یا کو شالیاریا وی یا خۆش و رەنگین لێ بوو ، کو هەر ژ سالا ١٩٦١ شالیاریا پیشەسازیێن نیشتمانی وەرگرتبوو ... و دڤی دەمی دا خەلک ل بەرسڤا ڤێ پرسیارێ دگەرا : ئەڤ دکتۆرێ ئەرژەنتینی یێ کو بوویە شۆرشگێرەکێ شارەزا و ژێهاتی کیڤە وندا بوو ؟!
دەزگایێن مخابراتا ئەمریکی هەموو خالێن سەر سنورێ بولیڤیا ئێخستنە بن چاڤدێری و کۆنترۆلا خوە و وێنەیێن وی ب ئاوایەکێ بەرفرەهـ بەلاڤکربوون . لێ دسەر ڤێ چەندێ ژی را ئەو شیا ڤی دەزگایێ مەزنێ سیخورییێ بخاپینە و دەرباز ببە ، پشتی کو وی ریهدینا خوە تراشی و تەڤی هندەک پرچا خوە و هندەک ددانێن دەس چێکری ژی دانایین و ناڤێ خوە و دەنگێ خوە ژی گوهرین .
رۆژا ٣ی چریا پاشین ١٩٦٦ ئەو گەهشتە فرۆکەخانا لاپاز ، ژ خالێن کونترۆلێ دەرباز بوو ، و ئێکسەر بەرێ خوە دا دارستانێن پاک و جوانێن ناناکاواس ل نێزیکی سنورێ پاراگوای و ل پەرێ جیهانێ .
نێزیکی ٤٠ – ٥٠ کەسێن کوبی و بولیڤی و پیرۆیی لگەل دا بوون کو هەموو ژی پارتیزانێن چەلەنگ و ژێهاتی بوون . ڤێ دەربازبوونا وان بۆ بولیڤیا ، ترس و لەرزەکا مەزن ئێخستە ناڤ دەزگایێن لەشکەری یێن بولیڤیا ، هەروەسا ئەو بوو ئارمانجا مەزنترین هێرشا " نێچیرێ " ل جیهانێ :
واشنتۆن هەموو شیانێن خوە و دەزگایێن خوە یێن راگەهاندنێ ل دژی وان دانە کاری ، و حکومەتا بولیڤی لەشکەرەکێ مەزن هنارت بۆ ژناڤبرنا ڤان پارتیزانان ، تشتێ ژ هەموویان گرنگتر ئەو بوو کو جووتیار نەشیان تێبگەهن کو ئەڤ شۆرشە ژبۆ رزگاریا وانە ، دا کو بشێن ماتی ژوان بکەن و پشتەڤانیا وان بکەن . هەروەسا پارتیا کومونیستا بولیڤیا لدویڤ بریارا مۆسکۆ و ( لیونێد برێژنێڤ ) پشتا خوە دا وان و هەموو تێکەلیێن خوە بوان رە برین . دسەر ڤێ چەندێ هەمووێ را کیڤارا شیا تەڤی هەڤالێن خوە یازدە مەهان ددەڤەرەکا مینا دۆزەخێ دا خوە ڤەشێرن و بپارێزن ، لێ پاشی گورۆپا وی یا پارتیزانان هەر کێم بوو تا کوماینە بیست کەس ، هنەک پێخواس ، هنەک نەخوەش و هند ژی بریندار... گەورێن وان دزوها و پێێن وان دئێڤتی ( وەرمتی )، دبرسی و تێهنی ، نە خوارن و نەژی ڤەخوارن ، چانتکێن وان ب پشتا وان ڤە و

رمختێن فیشەکا ل سەر ملێن وان ، چار هزار لەشکەرێن بولیڤی ژی ب پشتەڤانیا هێلیکۆپتەر و فرۆکێن جەنگی و تاپالما بدویڤ وان ڤە دا کو وان قرپکەن . دڤی ئەو ل رووبارێن هار و راببوویی دەربازبیان و ل چیا و کاشێن بلند سەرکەفتبان . تشتێ ژ هەموویان سەیرتر ئەو بوو چەوا ئەڤ مرۆڤێ کو نەخۆشیا ( بێنتەنگیێ ) هەیی شیا بڤی کارێ هندەگران و سەخت رابیە ؟ نڤستن وی نەبوو ، هندەک جاران دەمێ ئێشا وی ئەو تەنگاڤ دکر وی خوە ب هەڤالێن خوەڤە دگرت ، و بکورتی هەولا وان ژبۆ قورتالبوونێ گەلەکا سەخت و ب زەحمەت بوو ، و ئەو ژ بۆوان رێکەک بوو بەرەڤ مرنێ . دڤیا هەر تشت وی بخوە کربا : شەرکربا .. خوارن دابا نەخوەشا و ئەو چارەسەرکربان ... و بریندار ڤەگوهاستبان و ب هەزاران کیلومەتر بڕیبان و بمەشان دناڤ وەلاتەکی بیانی و نەناس دا . ئەو کەفتبوونە دگۆشەگیری یەکا دروست دا و مابوون لەشێن سست و خاڤ و ژبیرکری دناڤ کوراتیا دارستانێن نەناس دا ، گیڤارا بچاڤێ سەرێ خوە ددیت کانێ چاوا باشترین پارتیزانێن وی یێن مێرخاس ئێک لدویڤ ئێکی دمرن ، و چاوا چەمبەرا دوورا وان کاڤ بۆ کاڤێ تەنگ تر دبوو و چاوا رۆناهیا خەتیرا وان هەر دچوو و کێم دبوو .

ل داویێ رۆژا کوژەک هات ٨ ی چریا پێشی ١٩٦٧ رۆژا کو ببریندارى ئەو گرتی و بریە خواندنگەهەکا بچووک و ل رۆژا پاشتر سەربازەکێ بولیڤی ئەو گوللەبارانکری ، دەمێ کو بڕیار داینە وی سەربازی کو وی گوللەباران بکەت ، وی تبلا خوە دانا سەر جەلەبکا رەشاشا خوە و دەستێن وی دلەرزین ، لوی دەمی گیڤارای لوی کرە قیڕی و گۆتێ " دێ ..... گوللا بەردە هەی پویچە مرۆڤ ... تۆ یێ مرۆڤەکی دکوژی " و لگەل کەفتنا وی هیڤیا هیڤیدارێن شۆرشا جیهانی مر . ڤێ چەندێ بەری سیە سالان رویدا ، لسەردەمەکی کو گەلەکا خەونێن مەزن هەبوون ژبۆ گوهارتنا جیهانێ ، و لوی دەمی ژی هەرتشت وندا بوو و هەتا تەرمێ گیڤارای ژی .

## شکاندنا بێدەنگیێ

لێ ل چریا پاشی یا ١٩٩٥ بێدەنگی هاتە شکاندن !! دەمێ کو گەنەرالێ بولیڤی ماریو ڤارگاس سالیناس دیارکری کو ئەو ئەو جهێ ڤەشارتنا تەرمێ گیڤارای دزانە .. کو ( ل دویڤ گۆتنا وی ) دکەڤە " ڤان گراند " واتە ( دۆلا مەزن ) .. وی گوندێ جیایی یێ کو ٧٧٠ کلم دکەڤە باشوورێ رۆژهەلاتێ لاپاس یا پایتەخت و بدروستی لبن ئەردێ جهێ دادانا فرۆکان ل فرۆکەخانێ . لگەل ڤێ ئاگەهداریێ سەرکۆمارێ بولیڤیا دەستپێکر کۆمیتەیەکا تایبەت پێکئینا بۆ لدویڤ چوونا ڤێ چەندێ پشتی دەمەکێ کێم ڤی نووچەی کەل ئینا ڤێ دەڤەرێ و لێکۆلینەران ، رۆژنامەڤانان ، سیاسەتمەداران ،هەموویان بەرێ خوە دانە " دۆلا مەزن " . پسپور و شارەزایێن بولیڤی ، ئەرکەنتینی ، و کوبی دەستپێکرنە ئەردی ڤەدکۆلن و ل تەرمی دگەرن ، ل هەر بەرمایەک و شۆپەکێ دگەرن ، لبن ئەردێ فرۆکەخانەیا کو ژ وی دەمی هێرڤە هێشتا چ کوهڕین نەکەفتینێ .

وێ رۆژێ جووتیاران چەند پارتیزانەکێن ب ڕهدین دیتبوون و بلەز چووبوون لەشکەرێ بولیڤی بڤێ چەندێ ئاگەهدارکربوون ، پشتی دەمەکێ کێم ئەو دۆل هاتبوو چەمبەرکرن و دەرگە و رێکێن وێ هەموو هاتبوونە گرتن ، و شێلکێن گوللێن لەشکەرێن بولیڤی وەکی تاڤیا بارانێ بسەر وان دا دبارین و هوسا ئەو کەفتنە خەفک و داڤێ ، و گیڤار ژی ژ پێ خوە یێ چەپێ ب گوللەیەکێ هاتە بریندارکرن ، تڤەنگا وی ژکار کەفت و دەمانجا وی ژی چ گوللە ل سەر نەمابوون و بڤی ئاوایی ئەو ب دیلی کەفتە دەستێ لەشکەران . وی ب دەمەکی کێم بەرێ ڤێ رویدانێ یادداشتێن خوە یێن داویێ تۆمار دکرن .. دنڤیسە و باسێ پیرەژنەکێ دکە یا کو خودانا چەند میهەکا بوو دبێژە : " وێ پیرەژنێ کچەک هەبوو کو تووشی نەخۆشیا خەرزێ گەوریێ ( غدە الدرقیە ) ببوو مە ( ٥٠ ) بیزو دانێ دا کو مە نیشانی کەسێ نەدە و نەخباریێ ل مە نەکە .

بەری چەند مەهەکان ( واتە سیە سالان پشتی کوشتنا گیڤاری ) رۆژنامەڤانێ فرەنسی جان پۆل ماری چاڤ ب وێ کچکێ کەفت و ئەوێ بڤی ئاوایی بۆ وی باسێ گیڤارای کر و گۆت : " ئەو زەلامەکی بەژن بلند بوو ، یێ ب ڕهدین بوو ، ستێرەک ل سەر کولاڤێ ( کومێ ) وی بوو ، ئەو ب تەناهی و



گیڤارا لگەل جەمال عبدالناصری

جوانی لگەل من ئاخفت ، و گۆتە من : نەترسە هەر تشتی ئەم ژ بۆ وە دکەین ، ژ بۆ هەژاران ، ل ڤێرێ نە خواندنگەه هەیە و نە نەخوشخانە و نەژی دەرمان ، ئەڤەژی تشتەکی گەلەک خرابە " .

کچک بەردەوامیێ ددە ئاخفتنا خوە " بەلێ ئەوی راست دگۆت، براستی مرۆڤەکێ هوسا هۆشمەند راست دبێژە ئەو درەوێ ناکە ، مە هندەک هێک و میهەک دانە وی ، و ئێڤاری وی جارەکا دی سەردانا مەکر و پارە ژی دانە مە ، تا کو هینگێ چ جارا مە هند پارا وەرنەگرتبوو و نەبوو ، و ل رۆژا پاشتر گولله و تۆپ باران و شەرِی دەستپێکرە ڤە و ئەم وێ رۆژێ هەموویێ مایینە دخانی ڤە و مە نڤێژ و دوعا دکرن ، مە دگۆت : وەی خودێو ئەو دێ گەنەرالێ مە هەژاران کوژن" .

دیسان ئەو بەردەوام دبە و دبێژە : چی گیڤار گۆتە من : " ئاڤەکا مشە ( پر ) دێ ل ڤێ دەڤەرێ پەیدا ببە " و ئەڤ گۆتنا وی ژی راست دەرچوو ، چونکی پشتی سالەکێ بارانەکا زۆر باری دسەر هندێ را کو ئەڤ دەڤەرا مە ب هشکاتی و کێم ئاڤی ناسیارە ، دەمێ کو ئانێ مە نەدما یان ژی نەخوەشیا من ئەز تەنگاڤ دکرم گیڤارا ئێک ژ هەڤالێن خوە دشاند ژ بۆ هاریکاری یا من .

رۆژا ٩ چریا پێشی ١٩٦٧ فرۆکەکا هێلیکوپتەر ژ گوندێ لاهیگوا فری بەرەڤ باکوور ( ل ڤی گوندی پاشمایەکێ بیرووکی یێ گیڤارای هەیە ، ئەو ژی کەڤرەکێ تیژ و بلندە و هەروەسا موزەخانەیەک ژی کو ئەو کورسیکێ تێدا دەمێ کو گیڤارا ڤەگوهاستیە خواندنگەهێ بەری گولله بارانکرنێ لسەر روئنشتبوو ) دەمێ کو فرۆکێ ل " دۆلە مەزن " دادایی خەلکی سندوقەک دیتن کو بفرۆکێ ڤە گرێدایە .. ئەو ژی تەرمێ گیڤارای بوو تێدا .

دەمێ کو لسالا ١٩٦٧ لەشکەرێ بولیڤی دڤیان کوشتنا گیڤارای ل " دۆلا مەزن " بێ سەروشوین بکەن و پەردەکا بێدەنگیێ بسەر دا راکێشن ، لوی دەمی رۆژنامەڤانێ بولیڤی گۆستاڤۆ سانچێس یێ کو بەرێ ل لاپاز سالا ١٩٥٢ ئەڤ شورشگێرە نیاسی و کەفتیە دلێ وی ، بەرێ خوە دا جهێ رویدانێ .

گۆستاڤۆ ی سالا ١٩٦٧ بەرێ خوە دا ڤی گوندێ چیایی ، یێ کو بوویە بنگەکێ سەرباز و ئەفسەرێن پایەبلندێن بولیڤی و سیخورێن دەزگایا مخابراتا ئەمریکی و رۆژنامەڤانان و ئەو ژ وێرێ پێنگاڤ پێنگاڤ کەفتە دویڤ یێ سەربازێن کو تەرمێ گیڤارای دبرنە نەخوەشخانێ ... سوزانا یا سیستەر بڤی ئاوایی باسێ گیڤارا دکە : " بلوزەکێ بدەستی هاتیە کرن و دوو شەلوال دبەر بوون و سێ جووتێن گورا ژی دپیا بوون دا کو پێن وی ژ سەرما و سەقەمێ بپارێزن " . هەروەسا ئەو باسێ وێ یەکێ ژی دکە کانێ چەوا ئەو بەهتی ما دەمێ چاڤێن وێ ب هەردوو چاڤێن وی یێن مەزن ڤەکری کەفتین ئەو ژی تەماشەکرنا وی یا بەرەڤ بێ دوماهیێ بوو .

## هەشت گولله

دکتورێ کو تەرمێ گیڤارای ل نەخوشخانێ پشکنی بوو دراپۆرتا خوە دا دنڤیسە : " هەشت گولله ب لەشێ وی کەفتبوون ، دوو ژ وان ب ستۆیێ وی کەفتبوون ، سێ ب سنگی ، ئێک ژی ب سەعەتا وی و ئێکێ ژی رِانێ وی سمتبوو و یا دی ژی ب پیێ راستێ کەفتبوو " .

ئەم بزانین کانێ پاشی ڤێ چەندێ چ رویدا ؟ چیرۆکا گریا نەڤەکری لڤێرێ دەست پێ دکە ... خویایە کو CIA دومەختی دا داخواز ژ حکومەتا بولیڤیا کر کو هەردوو دەستێن گیڤارای بۆ وان بینن دا کو ئەو باوەربکەن کو یێ هاتیە کوشتن .

وان ژی هەر دوو دەستێن وی برین ، و پاشی هاتنە دزین ، هاتنە فرۆتن و پشتی چەندەکێ ل کوبا دیار بوون !

خەلکێ ئاکنجیێن " دۆلا مەزن " ژی یا کو هەژمارا خەلکێ وێ چەند هزارەکن ، هەر ئێکی چیرۆکا خوە یا هەی ، وێنەگرێ کو وێنەیێن گیڤارای یێن پشتی کوشتنێ گرتین ، تا کو ئەڤرۆ ژی هەرێ وان وێنا دفرۆشە ! و هێلیا یا مامۆستایا گەنج ژی بازرگانیێ ب راگەهاندنێن خوە یێن رۆژنامەڤانی دکە ، لێ لێهیا ئەو ژنا ساکار و دلپاک بریار دا کو پشتی ( رۆژا کۆڤانا مەزن ) ژیانا خوە تەرخان بکە ژ بۆ خزمەتا هەژاران ، و کارلوسێ کەڤنە شوفێرێ دلرەق یێ کو گیڤارایێ بریندارێ دیل و دەست کەلەبچەکری دایە بەر زللا ، هێشتا ل بیرا وی یە کانێ چەوا گیڤارای " تف کرە دێمێ وی " لدویڤ گۆتنا وی بخوە بۆ رۆژنامەڤانان .



خروشۆڤ و گیڤارا

پرانیا بەرپرسێن بولیڤی یێن کو پشکدار بووین دگرتن و کوشتنا گیڤارای دا ، یان هاتنە کوشتن و یان ژی مرنە ، ژبلی گەنەرال ماریو ڤارگاز سالیناس یێ کو ئاگەهداری دایی کو تەرمێ گیڤارای ل فرۆکەخانێ ل ژێر جهێ دادانا فرۆکان هاتیە ڤەشارتن ، ب ئەگەرا ڤێ راگەهاندنا وی هەلکۆلینا ئەردی دەستپێکر و بێی کو بگەهنە ئەنجامەکی ، گەنەرالێ ناڤبری هاتە شاندن بۆ وی جهی ... لێ دەمێ گەهشتیە وێرێ وی زڤێریا خوە دیارکر و گۆت : " ئەڤ ئەردە ددەمێ ڤان سیە سالان دا یێ مەهی و ئەمایە وەک خوە " .

لەشکەرێن بولیڤی یێن کوهێشتا دساخن ژی تا نهو خوە بێدەنگ کرنە !

دمینە کەسەکی دی یێ کو رۆلەکی دیرووکی لەیستی دڤێ کریارێ دا ئەو ژی کاری برادۆ سالمون یێ ٥٧ سالی یە .. یێ کو سەرگوردەکێ لەشکەری بوو ( پشتی هینگێ بوو گەنەرال ) و ئەو بوو یێ کو گیڤارا دیل گرتی... نوکە ئەو ل باژارێ سانتا کروس دژیت یێ کو پێنج سعەتا ژ " دۆلا مەزن " دوورە ...

دەمێ رۆژنامەڤانان بەری چەند مەهان هەڤپەیڤین پێرە کرین ، ئەوی رونشتی بوو ل سەر کورسیەکی دڤیللا خوەڤە ، ئەڤە پازدە سالە ئەو یێ نیڤ ئیفلیجە پشتی کو ب گوللەیەکا کۆرە هاتیە هنگافتن !

د ئەیلولا سالا ١٩٦٧ دا ئەو تەڤی ٦٠٠ زەلامێن کو ل سەر دەستێ شارەزایێن ئەمریکی هاتینە مەشقدان ، گەهشتە جهێ رویدانێ .

سالمون داخواز ژ رۆژنامەڤان کر کو کورسیا وی ببنە بەر مێزا وی یا نڤیسینێ ... وی دەست ئاڤێتە کاغەزەکێ و چیا ، دۆل ، جهێ سەربازان و هێلیکۆپتەران ل سەر نەخشکرن و دەستپێکر کریار ل سەر وێ کاغەزێ بۆوان شرۆڤەکر و گۆت : " سعەت ئێکی پشتی نیڤرۆ یا رۆژا هەشتێ چریا پێشی یا سالا ١٩٦٧ سەربازێن بولیڤی ل دەڤەرا کیبرادودیل چوروو ، دوو پارتیزان دیتن کو گەلەک بزۆری و گرانی برێڤە دچوون ... ئێک ژوان یێ بریندار بوو و سەربازان هەردووک دیل گرتن ... ئەز ب غار بەر ب وان ڤە چووم ... پارتیزانێ بریندار گۆتە من : " ئەز گیڤارامە ... هەموو تشت ژی ب دوماهی هات " و وی داخوازا ئاڤێ کر ، من زەمزەمیێ خوە یێ ئاڤێ برێژ و تۆرە داڤێ . پاشی داخوازا جگارەیەکێ کر ، من پاکێتا خوە یا جگارا دایێ کو ژ توتنا سپی بوو ، وی نەوەرگرت و گۆتە من : نە ڤان جگارا ، توتنا ڤانا یا نەرمە ، ما تە جگارێن توتنا رەشنین ؟

پاشی مە ئەو ب دارەکێ ڤە گرێدا ، پشتی هینگێ ژی مە برە خواندنگەها گوندێ لاهیگویرا ، و مە دەست پێکر ئەم بدویڤ پارتیزانێن مایین کەفتین و مە گرتن ، پێنج ژ وان شیان برەڤن و خوە قورتال بکەن ، پارتیزانێن دیل دناڤ کیسا دا هاتنە شاندن بۆ " دۆلا مەزن " و ل رۆژا پاشتر سەربازەکی ئەو ئاگەهدار کر پارتیزانێن دیل هەموو هاتنە گوللەبارانکرن لدویڤ فەرمانا لاپاز ژ ترسێن هندێ دا نەکو دادگەه کرنا وان ببە ئەگەرا دەنگڤەدان و ئاژاوەیەکا مەزن .

گەنەرال دیگۆل داخواز کر دلۆڤانیێ بکاربینن لگەل دیلان ، لێ واشنتۆن فەرمانا خوە یا بێ دەرفەت شاندبوو بۆ لاپاز " بکوژن ، کەسەکی ژوان نەهێلن ساخ ، چ شوین پێ شوینێن وان ژی نەهێلن " .

گەنەرال پێڤە دچە " پشتی دەمەکی ئێک ژ ئەندامێن سەرکردایەتیا کۆماری بۆ من دیارکر کو تەرمێ گیڤارا یێ هاتیە سۆتن و هەستیێن وی ژی یێن هاتینە بهژاندن و خوەلیا وان ژی یا دایە بای " .

لێ تاڤی ڤێ چەندێ ژی تەرمێ وی هاتبە ڤەشارتن یان ژی نە ، نە تشتەکی وەسا ب ساناهی یە کو ب دارا و پانزینێ بێتە سۆتن ، ژبەر کو لەشکەران ژ چەند دەمژمێرەکێن شەڤێ پێڤەتر وەخت نەبوو کو هەموو تشتەکی وی بێ سەروشوین بکەن .

هەڤالێ گیڤارای یێ رۆژنامەڤان گۆستاڤۆ لسەر ڤێ چەندێ دبێژە : " دەم گەلەک کێم بوو .. من دزانی بوو کو تەرمێ گیڤارای لڤان دەرایە ، ل جهەکی گەلەک نێزیک و تەڤی تەرمێن نێزیکی ٣٠ پارتیزانێن دی یێن کو ل جهێن جودا جودا هاتبوونە کوشتن و گۆرێن ب کۆمەل دا هاتینە ڤەشارتن ، ئەو ل ڤێدەرێ نە ، ئەز ڤێ چەندێ باش دزانم و هەست ژی پێ دکەم " .

کارو بزاڤێن لێگەریانێ هەر دبەردەوام بوون ، لێ بێ ئەنجام ، تا کو رۆژەکێ پەیکەرەکێ هەستی هاتە دەرێخستن کو ئەو ڤەدگەرە بۆ سالا ١٩٥٨ و نیشانێن شکاندن و دەرێخستنا هەستیان لێ هەنە ، ئەڤە ژی بۆ ئەگەرا هندێ کو شارەزا بشێن وی بناسن کو هەڤالەکی گیڤارای یێ بولیڤی یە ، ئەو ژی خایم ئارانو کامبیرۆ یە کو بناڤێ " ئال چاپۆکو " ناسیارە .

نوکە ( دۆلا مەزن ) یا بوویە ئەردەکی تەڤدە هەلکۆلایی و ٦٠٠ رۆژە تەڤر و ماهولک ڤێ دۆلێ هەلدکۆلن دا کو گریا گۆرێ ووندا بووی ڤەکەن ، و ل داویێ ژی تەرمێ ڤی شورشگێرێ رومانسی هاتە پەیداکرن .

ئەڤەژی داویترین نیشانە و رویدانا داویا چەرخێ بیستێ یە یێ کو گەلەک مرۆڤێن مەزن و سەمبول ئینانینە ژیانێ ، کو دبە ل هزار سالێن بێن ئەم یێن وەسا نەبینین ... کی دزانە دبە ژی ببینین !



گیڤارا و هەڤالێ خوە کاسترو

ژ هەژی گۆتنێ یە کو رۆژا ٩/١٠/١٩٩٧ تەرمێ گیڤارو سێ هەڤالێن وی ب رێورەسمەکا مەزن و هەژی ل کوبا هاتنە ڤەشارتن، کو دەنگڤەدانەکا مەزن هەبوو دمەدیا جیهانی دا .

تێبینی :
من ئەڤ نڤیسینە ژ گۆڤارا عەرەبی یا المجلە هەژمار ( ٩١١ ) ٢/٨/١٩٩٧ وەرگێرایە کوردی . ( ر . ک )

# گالیگۆلا

## ئیمپراتۆری خوێن و بۆن

-عەبدولقادر شەوکەت-

هەرکاتێ کە لاپەڕەی مێژووی شارستانیەت هەڵ دەدەینەوە ، دەبینین کە ئەم مێژووە پڕ بووە لە جۆرەها جۆری ستەم و جەور کردن کە هەندێکی گەیشتووەتە پلەی شێتێتی . مرۆڤ هەزارەها ساڵ بەرگری جەور و ستەمی کردووە و هەوڵی داوە کە سەرکەوێ بە سەریا بە شێوەیەک کە ژیانی کۆمەڵ بچێتە ژێر سایەی چەند یاسایەکی بنەڕەتی کە داد و یەکسانی بەرامبەر بە یاسا بۆ خەڵکەکە مسۆگەر بکات و ڕێگا لە جەور ستەم بگرێت و کەس نەتوانێ بە یاسا یاری بکات بە چارەنووسی خەڵکی ، هەروەها دووریان خاتەوە لە مل پەڕاندن و کوژران بە هۆ یان بێ هۆ . بە داخەوە پیاو ناتوانێ بێژێت کە لەم سەردەمەدا مرۆڤایەتی ڕزگاری بووە لە زوڵم و جەور ، بەڵکو جەور و ستەم هەر بەردوامە لە جۆرەها کۆمەڵگای ئەم جیهانە .

گەورەترین هۆ بۆ ستەم کردن بەرامبەر بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە لایەن کەسانەوە ئەوەیە کە کاتێک یاسایەک نەبێت کە ڕێگایان لێ بگرێت وە کەس نەتوانێ لێیان بپرسێت چی دەکەن ، هەتا وای لێدێت کە ئەو دەستەڵاتەی کە هەیانە دەگاتە رادەیەکی بۆگەن کە لەو کاتەدا هیچ پێوەرێک ، وە یان حسابێک بۆ گیانی خەڵکی و ماڵ و شەرەفیان ناکرێت . هەموو کاتێک ئەو زۆردارەی کە بیەوێت بە کەیفی خۆی هەر کەسێک بێت دەیگرێت وبە کەیفی خۆی کاری ناڕەوای بەرامبەر دەکات. بەسەرهاتی ئەم ئیمپراتۆرە ڕۆمانی یەش لاپەڕەیەکمان لە مێژووی جەور و ستەم لە مێژوودا دەخاتە پێش چاو ، لاپەڕەیەک کە پڕە لە توند و تیژی و کەمتەرخەمی لە بری هەست و بەزەیی و داد و ڕێز گرتنی مافی مرۆڤ .

ئەم ئیمپراتۆرە لە نێوان ساڵەکانی ٣٧ ز تا ٤١ ی زایینی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ڕۆمانیی کۆنی کردووە . لەو کاتەدا کە ئەم دەوڵەتە هەموو ئەوروپا و بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەژێر چنگدا بووە .

هاتنی ئەم ئیمپراتۆرە بۆ سەر فەرمانڕەوایی بەهۆی ئەوەوە بوو کە خودی خۆی لە بنەماڵە ناسراوە فەرمانڕەواکانی ڕۆمان بوو وەکو بنەماڵەی ( ئەنتۆنیۆ ) و ( ئۆکتافیۆس ) . ئەم کابرایە بە منداڵی لەناو سەربازەکاندا گەورە ببوو و هەروەها ژیانی لە ناو ئەواندا بەسەر بردبوو ، هەروەها جل و بەرگی وەکو ئەوانی لەبەر دەکرد و خواردنی وەکو هی ئەوانی دەخوارد، بۆیە لەناویاندا ناسراو و خۆشەویست بوو ، هەربۆیەش ئەم نازناوی ( گالیگۆلا ) یان بۆ خواستبووەوە کە بە کوردی ماناکەی یانی ( کەوشی بچکۆلە ) ، چونکە کەوشی وەکو کەوشی سەربازەکانی لەپێ دەکرد کە جۆرە کەوشێک بوو تایبەت بوو بە ئەفسەر و سەربازی ڕۆمانی لەو کاتەدا ، وە ئەم ناوەش بۆ نازداری و دڵ نەوایی لێیان نابوو ، دەنا خۆی لە ڕاستی دا ناوی ( جایۆس ) بوو . لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا ، فەرمانڕەوایی گرتە دەست و بوو بە ئیمپراتۆر ، کە ماوەی چوار ساڵێک ڕایکێشا کە پڕ بوو لە خوێن ڕشتن و ستەم کردن و خۆ سەپاندن بەسەر گیانی خەڵکی دا .

سەرتای فەرمانڕەوایی بە نەرم و نیانی و دڵ ڕاکێشانی خەڵکەکە بەرامبەر بە خۆی دەست پێکرد وەکو تاکتیکێک ، بۆ نموونە دەستەڵاتێکی فراوانی دا بە ئەندامانی مەجلیسی پیران و زیندانی یەکانی هەموو ئازاد کرد و باجی لەسەر خەڵکی کەم کردەوە و ئەوەی هەڵدرابووە هەندەران بەخشینی و هێنانیەوە بۆ شوێنی خۆیان سامانێکی زۆری بەسەر خەڵکی دا بەشی یەوە ، تەنانەت ئەم کابرایە حەزی لە شانۆ و شانۆگەری بوو بۆیە پارەیەکی باشی دەبەخشی بەسەر ئەکتەرەکان دا تا وای کرد خەڵکەکە هۆگری بن و ملی بۆ کەچ کەن . بە کورتی کارێکی وای کرد کە خەڵکی بکەونە خولیای ئەوەوە کە خوا دەروازەی خێر و خۆشی بۆ کردوونەتەوە و لە سایەی ئەم پاشایەدا ژیانێکی خۆش و پڕ کامەرانی بەسەر دەبەن ، بەڵام ئەم حاڵە زۆری نەخایاند تەنها چەند مانگێک نەبێت ، کە ئیتر خەڵکەکە بە چاوی خۆیان ڕاستی ئەم کابرایەیان بۆ دەرکەوت کە چ تاوانبارێک و خوێن ڕێژ و دڕندەیە وە بزانن کە ئەم کابرایە لە ڕاستی دا دیکتاتۆرێکی شێتە و نەخۆشی دەروونی هەیە و خوا کردوویەتی بە تووشی ئەوانەوە و ئەو ڕاستی یەشیان بۆ دەرکەوێ کە ئەم پیاوە هەرچی یاسا و ئیدیاڵ و ئەخلاق هەیە دەیداتە بەر شەق و کەسیش ناتوانێ لە ڕێگایا بووەستێ .

گالیگۆلا هەر لە سەرەتای دەستەڵاتیەوە هەستی بەوە کردبوو کە قسەی ڕەوایە و خەڵکی سڵی لێ دەکەنەوە و ئەم دەتوانێ هەر شتێکی ناڕەوا هەبێت بیکات بەرامبەریان کەسیش ناتوواێ فرزەی لێوە بێت . لێرەوە ژەهری گەورەیی و حەز لە دەستەڵاتی بێ پایان چووە کەللەیەوە و مۆخ و دەماری تێک دا ، کە ئیتر هەڵس و کەوتی کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەم ژەهرەوە . بەم جۆرە هەرچی بڕیار و حوکمێکی کە دەیدا بەسەر خەڵکی دا دەگەڕایەوە بۆ ئەو هەستە شێتانەیەی کە هەیبوو ، وە وای دەزانی کە هەموو جیهان هی ئەوە بە هەموو شتێکەوە کە تێیدایە و کەس ناتوانێ بەرەوڕووی ڕاوەستێت وەیان بێژێت نا وە یان تەنانەت کەس ناتوانێت لێی بپرسێت کە مەبەستی لەو بڕیارانەدا چییە وە یان لەبارەیەوە پرسیار بکات ......

بەم شێوەیە ڕەفتاری شێتانەی بووە مایەی نەهامەتی خەڵکەکە و زراویانی ڕژاندبوو .....

ئەندامانی مەجلیسی پیران کە کاتی خۆی وای کردبووە مێشکیانەوە کە گوایە دەستەڵاتیان زیاد دەکات و ڕێگای گفتووگۆ کردنیان زیاتر پێدەدات لەسەر کاروباری دەوڵەت ، وای لێکردبوون کە کاتێ دەچوونە بەردەمی دەبووایە قاچیان ماچ کردایە ، وە یان کاتێ کە گوێ بۆ قسەکانی شل دەکەن دەبێ زۆر مەمنوون بن کە ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندوون کە گوێیان لە وتەکانی بێت کە هەمووی پەند و حیکمەتە ، هەروەها سەپانبووشی بە سەریانا کە ملکەچ بن بۆ بڕیارەکانی بە بێ گەڕانەوە بۆ دەزگایەکی تری میری وەیا کاربەدەستێکی ترکە هەرچەند گەورە بێت لە پایە و دەستەڵاتدا .

هەروەها لە لایەن ڕەفتاری یەوە بەرامبەر بە ئافرەت ، زۆر

سەیر و سەرنج راکێش بوو ، بۆ نموونە فەرمانی دابوو کە ( درازیللا ) ی خوشکی تەڵاق بدرێ و ئەم خۆی مارەی بکات ، وە کاتێکیش کە ئەم خوشکەی مرد زۆر خەفەتی بۆ خوارد .... بەڵام ئەمە ریگای لێ نەگرت کە فەرمان بدات بە تەڵاق دانی زۆر لە ژنانی شاری رۆما بۆ ئەوەی خۆی ببێت بە مێردیان یان دۆستیان .... بۆ نموونە جارێکیان بانگ دەکرێت بۆ ئاهەنگی ژن هێنانی یەکێک لە ناودارەکانی شاری رۆما ، وە کاتێک کە بووکەکە دەبینێت دڵی لێی دەچێت و فەرمان دەدات کە هەر ئەو شەوە بیگوێزنەوە بۆ کۆشکەکەی خۆی و بیکاتە دۆستی خۆی . بەم شێوەیە ئەم کابرایە هیچ جۆرە یاسا و عورفێکی نەدەزانی کە بنیاتی هەڵوێست و پەیوەندیەکانی لەسەر بنیات بکات . هەڵس و کەوتی ئەم پیاوە وای لێهات کە رۆژ بەرۆژ سەرنج راکێشەرتر دەبوو ..... کاتێ کە خۆی دەشۆرد لە جیاتی ئاوی خۆ شتن ، بۆن ئاوی بەکار دەهێنا .... وە ئەمەندەش دەست بڵاو بوو کە خەزێنەی دەوڵەتی هەڵتەکاندبوو ، بۆ نموونە وەکو دەگێڕنەوە جارێکیان دەعوەتێکی کردووە بۆ ناسیاوانی کە دەوروبەری دوو ملیۆن و نیوی ئێستای تێ چووە ، زۆر جار لە تارمەی کۆشکەی راوەستاوە و بە چنگ پارەی هەڵداوەتە خوارەوە بۆ خەڵکی و دوایی سەیری خەڵکەکەی کردووە کە چۆن پەلاماری یەکتری و پارەکە دەدەن و بەم دیمەنە گوشاد دەبوو .

هەندێ لە رەفتارە سەیرەکانی تری ئەوە بوو کە جارێکیان فەرمانی دەرکردووە کە هەرچی سەر رووتاوە هەیە لە زیندانیان بە زیندووی بدرێنە دەم نێچیری درندە و ببنە خۆراک بۆیان ، کە ئەمەش یەکەم ( سێرکی ) خوێنینە لە مێژوودا کە ئەم کابرایە گێڕاویەتی ، چونکە خەڵکەکەی بە زیندووی داوەتە دەم ئاژەڵی درندە ، لەوەش سەیرتر ئەویە کە ئەم خۆشی سەری رووتاوە بووە ، وە یان کاتێک کە پێویستی بە پارە ببوایە دەهات بیانووی بە چەند کەسێکی دەوڵەمەند دەگرت و تۆمەتی خیانەتی دەخستنە پاڵ و لە ملی دەدان ، پاشانیش دەستی بەسەر هەرچی سەروەت و سامانیاندا هەیە دەگرت بە بێ ئەوەی بدرێن بە دادگا .

شێتی ئەم مرۆڤە گەیشتە ئەوەی کە ئەسپێکی هەبوو زۆر لای خۆشەویست بوو بە ناوی ( ئەنستانس ) هێنای کردی بە ئەندامی مەجلیسی پیران و هەروەها کردیە جێگری خۆشی پاش نەمانی .

سەردەمێک ئەم کابرایە تووشی شەونخوونی ببوو بۆیە بەدرێژایی شەو بە ناو کۆشکەکەی دا دەسووڕایەوە و هاواری دەکرد و دەیشیراند تا رۆژ دەبووەوە .

کار وای پێ گەیاند کە بگاتە ئەو رادەیەی کە خۆی بە خوا دابنێ و داوا لە خەڵکەکە بکات بیپەرستن ، هەروەها باجی خستبووە سەر هەموو مرۆڤێک تەنانەت ئافرەتە خۆفرۆشەکانیش و وای کردبوو کە ئەگەر ئەو ئافرەتە شووش بکات و ژیانێکی سەربەرز بژی و منداڵیشی هەبێت دەبێت هەر باجی خۆی بدات تا مردن لە بەر ئەوەی کە رۆژێک لە رۆژان ئەو کارەی هەبووە .هەست کردن بەوەی کە دەستەڵاتەکەی بێ سنوورە خستبوویە ئەو حاڵەتەی کە هەرچی یاسا و بریارە لە خەیاڵی شێتانەی خۆیەوە هەڵیئێنجێ و تەنانەت هەندێ جار بەوانەی کە لە دەورویشتی بوون دەگووت . ( چیم بوویت بە هەر مرۆڤێک ، دەتوانم پێی بکەم ) ، وەکو جارێکیان لە دەعوەتێک دا بە میوانەکانی دەبێژێت : ( کە ئێستا دەتووانم هەر هەمووتان بکووژم لە کاتێکدا کە لەسەر کورسی یەکانتان دانیشتوون ) وەیا هەندێ جار کە ئافرەتە دۆستەکانی لە باوەش بوو پێی دگووتن : ( بە تەنیا وشەیەک کە لە دەمم بێتە دەرەوە ، ئەو سەرە جوانەت لە لەشت جیا دەکرێتەوە ) .

ئەدیبی بەناوبانگی فەرەنسی ( ئەلبێر کامۆ )ش شانۆگەرییەکی لەسەر ئەم ئیمپراتۆرە نووسیوە ، تیایدا هەوڵی داوە کە تەفسیرێکی فەلسەفی بۆ کەسایەتی ئەم کابرایە و هەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی بکات ، وە لێکدانەوەکەشی بۆ کەسایەتی ( کالیگۆلا ) ئەوە بووە کە ئەم کابرایە وای هەست کردووە کە زۆر ئازادە وەیاخود بڵێین ئازادیەکی تەواوی موتڵەقی هەیە و ئەم ئازادیە موتڵەقەش هیچی تیا بەسەر نییە جگە لەوەی کە بێ سەروبەری دروست دەکات لەناو کۆمەڵدا ، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی نوقووم بوون لە خوێن و ناڕەوایی دا کەوا لە مرۆڤ دەکات هەست بە نائومێدی ژیان و وەحشەتناکی بکات ، چونکە ئازادی لای ( کامۆ ) ئازادی لێپرسینەوەی بەستراوەیە ، کە ئەمیش لەسەر بناغەی خۆبەستنەوە بە وەدیهێنانی خۆشنوودی و رێزگرتن لە بەرژەوەندی کەسانی تر و کۆشش کردن بۆ کەمکردنەوەی ئازاری هەست کردن بە کارەساتی ژیان .

لەگەڵ ئەو لاپەڕە رەش و خوێناویانەی کە کالیگۆلا مێژووی پێ نەخشاندووە ، لە هەمان کاتدا زۆر پەند و وانەی لێ وەردەگیرێ بۆ ئێمەی مرۆڤ لەم سەردەمەدا ، ئەوەش ئەوەیە کە دەستەڵاتی تاکڕەوی موتڵەق دەبێتە هۆی کردنی تاوانی خوێنین و هەروەها مرۆڤ دوچاری هەڵەی زۆر زەق و گەورە دەکات کە بە هیچ جۆرێک چارکردنی نابێت لە دووایی دا .

هەروەها ئەو وانەیەش فێر دەبین کە دەستەڵاتی تاکەکەس هەرچەندە پڕ بێت لە باشی و خێر و بێر وەکو چۆن لە سەرتای فەرمانڕەوایی کالیگۆلادا بینیمان ، ئەوا لە کۆتایی دا هەر تێک دەچێ و نوقم دەبێت لە داچوون دا چونکە دەستەڵات لای یەک کەس بێت و هیچ چاودێرییەکی لەسەر نەبێت و کەس نەتووانی بوێرێ رای تەواوی خۆی دەربڕێت بۆ ئەوی ئەو دیکتاتۆرە بتووانێ بەسەر بڕیارەکانی دا بچێتەوە ، ئەوا ئەنجامەکەی هەر ئەوە دەبێت .

راستی یەکی تریش کە بۆمان دەردەکەوێت لە بەسەرهاتی کالیگۆلا ئەوەیە کە دەستەڵاتی موتڵەق تەنها هەر نابێتە ناسۆر بۆ خەڵکەکە بەڵکو دەبێتە ناسۆر بۆ ئەو کەسە خۆشی کە بێ شک ئەو جۆرە دەستەڵاتە بێ سەروبەرییە ئەنجامی هەر داچوون و داڕزان دەبێت لە کۆتایی دا ، لە هەمان کاتدا دەبینین کە زۆر زەحمەتە زۆردارێک رزگاری بێت و بۆی دەرچێت دوای ئەو زوڵم و جەورەی کە دەیکات ، بەڵکو لە کۆتایی دا هەر تووشی چارە رەشیی خۆی دەبێت و مافی تاوانەکانی خۆی وەردەگرێت وەکو کالیگۆلا کە لە ئەنجامدا بەدەستی یەکێک لە هەرە ئەفسەرە نزیک و دڵسۆزەکانی خۆی لەناو چوو کە ناوی ( کاسیۆس ) بوو .

---

* ئەم باسە لە کتێبی ( عباقرە و مجانین ) ی رجاء النقاش کە بە عەرەبی نوسراوە خراوەتە سەر کوردی .

## هەڤپەیڤینەک لگەل هونەرمەند

# جەنان ساوە

هونەرمەندێ ئاشووری یێ هێژا جەنان ساوە ئێکە ژ وان هونەرمەندان یێن کو پەیاما براتیا گەلان هەلگرتی و ژبەر وێ یەکێ ژی ئەو نە ب تنێ هونەرمەندێ گەلێ ئاشووری یە ، لێ گەلێ کورد ژی وی وەک هونەرمەندەکی خوە دزانە . ئەو ب شانازی و ب ئاوایەکێ سەرکەفتی ب کوردی دسترە و ب تایبەتی ژی سترانێن فولکلوری یێن دەڤەرا بەهدینان ، کو هەموو سترانبێژێن کورد نەشێن وەکو وی ڤان سترانێن فولکوری بسترێن و ئەو دخوازە ژی دڤێ بارێ دا هێشتا خوە پێشدا ببە .
ئەو نوکە ل باژارێ شیکاگۆ یا ئەمریکا دژی و ئەڤ سالە ژ بۆ چەند ئاهەنگەکان هاتە سوێد ، مە ژی ئەڤ هاتنا وی ب دەلیڤە زانی و ئەم بهەڤرا چەند دەمژمێرەکان ل مالا هونەرمەند حەسەن شەریف رۆنشتین و ئەڤ دانوستاندنێن خوارێ مە ژ بۆ هەوەیێن هێژا پێشکەش کرن .

- پەیام -

- برانیا مە دەنگێ تە بهیسیە لێ ئەم دخوازین باشتر تە بناسین ، تو دشێی خوە بۆ خوێندەڤانێن مە بدەیە ناسین ؟

# ناڤێ من جەنان ساوە یە ، ئەز ل سالا ١٩٥٦ ل باژارێ دهۆکێ هاتیمە دنیایێ و ئەز هەر ل وێرێ مەزن بوویمە ، تاکو ل سالا ١٩٨٠ ئەز ژ وەلاتی دەرکەفتیم .
ل سالا ١٩٧٥ ل دهۆکێ من ژن ئینایە و مە بهەڤرە کچەک ژی هەبوو ، لێ پشتی ئەم چووینە ئەمریکا ئەم ژێک جودا بووین .
ل سالا ١٩٨٦ من ژنەکا دی ئینا ل ئەمریکا کو ئەو ژی هەر ئاشووری یە ، و من کچەک ژوێ ژی هەیە و نهە ئەز و ژنا خوە و کچا خوە بهەڤرا ل باژارێ شیکاگۆ یا ئەمریکا دژین .

- گەلۆ تو دشێی بۆ مە دیارکەی کانێ کەنگی کاروانێ تە یێ هونەری کەفتیە رێ ؟



# بەری سالێن ١٩٧٠ یان ئەز جارجاران دستریم ، لێ نە ل ئاهەنگان . لێ ل دەوروبەرێن سالا ١٩٨٧ هونەرمەندێ نەمر تەحسین طە و پسمامێ من بهەڤرە تۆمارگەهەکا کاسێتان ل دهۆکێ ڤەکر و من دەست پێکر کار ل وێ تۆمارگەهێ کر ، بڤی ئاوایی تێکەلیا من لگەل نەمر تەحسین طە گەلەک خورت بوو و وی ئەز گەلەک پالدام و پشتەڤانیا من کر کو بسترم ، هەلبەت دەست پێکرنا من ژی ب سترانا کوردی بوو .

- برامیا سترانبێژێن مە خودان سەروکانیێن هونەری نە ، یانی باب ، دایک یان کەسەک ژ پێشیێن وان سترانبێژ بوون گەلۆ سەرۆکانیا تە هەیە و ئەگەر هەبە کی یە ؟

# بەلێ باپیرێ من و بابێ من هەردووک سترانبێژ بوون ، بیرا من تێت ئەز گەلەکێ بچووک بووم دەمێ ئەز ل سەر چۆکێ

باپیرێ خوە دروێنشتم و من داخوازا سترانا ( بابێ فەخری ) ژێ دکر و وی ژی بدەنگەکێ خۆش بۆ من دگۆت .
هەروەسا بابێ من ژی سترانبێژەکێ ژیهاتی بوو ، سترانێن من یێن فولکلۆری ژی هەموو ئەون یێن من ژ وی وەرگرتین .

*– گەلەک دبێژن چ جودایی دناڤبەرا مۆزیکا کوردی و ئاشووری دا نینە ، ژبلی زمانی ؟*

# بەلێ ، وەک مۆزیک چ جودایی دناڤبەرا وان دا نینە ، ژبلی زمان و ئاخفتنێ .

*– وەک ئەم دزانین تە تاکو نها چەند سترانێن فولکلۆری تۆمار کرینە ، ئەرێ ئەو ستران هەموو هەر فولکلۆر بوونە یان سترانێن نوو ژی دناڤ دا هەنە ، و ئەگەر هەبن کێ پەیڤ و ئاواز بۆ دانایینە ؟*

# پرانیا سترانێن کو من تۆمار کرین هەر فولکلۆرن ، لێ هندەک سترانێن نوو ژی هەنە کو من گۆتینە ، ئەو ژی سترانێن هندەک هونەرمەندێن دی نە .
ئەز گەلەک حەز دکەم سترانێن کوردی یێن نوو ژی بێژم نە هەر سترانێن فولکلۆری ب تنێ بن ، و ئەز گەلەک جاران دروێنم و هەول ددەم پەیڤان ژی بۆ خوە بنڤیسم . لێ ئەز نەشێم ژبەر کو دەمەکێ درێژە ئەز ژ وەلاتی دەرکەفتیم و ل ئەمریکا ژی چ کورد نێزیکی من نینن کو ئەز تێکەلیێ لگەل بکەم و ژبەر ڤێ چەندێ ژی کوردیا من یا لاواز بووی و ئەز نەشێم پەیڤان ب کوردی ژ بۆ خوە بنڤیسم ، وەک هوین دزانن زمانێ من یێ زکماکی ژی ئاشووری یە .

*– تا کو نها تە چەند کاسێت تۆمارکرینە و چەند ژ وان کوردی نە و چەند ئاشووری نە ؟*

# من ١٤ کاسێت تۆمارکرینە و یەک ژوان کوردی یە ١٢ ژی ئاشووری نە . هەرچەندە وەک من ل پێشییێ ژی دیارکری دەستپێکا سترانبێژیا من ب سترانا کوردی بوو و یەکەم کاسێتا من ژی ب کوردی دەرچوو ، لێ کێم بوونا بەرهەمێن من یێن کوردی ل ڤێ داویێ ئەگەرا هندێ بوو کو ئەز پشتی ژ وەلاتی دەرکەفتیم تێکەلیا من لگەل کوردان کێمتر بوو ، ژبەر کو بازارێ ئەز لێ دژیم ( شیکاگۆ ) کورد لێ نەبوون ، لێ ئەڤە سالەکە کو ئەز جارەکا هەول ددەم کو تێکەلیێن من لگەل کوردان ل ئەمریکا موکوم ببنەڤە ، ئەو ژی برێکا سازکرنا چەند ئاهەنگ و شاهیێن کوردی .

*– ژبلی زمانێن ئاشووری و کوردی تە ب چ زمانێن دی ستران گۆتینە ؟*

# نەخێر ژبلی ڤان هەردوو زمانان من ب چ زمانێن دی نە سترییە .

*– گەلۆ چ جاران دژایەتیا تە هاتیە کرن یان گازندە ژ تە هاتنە کرن ژبەر سترانندنا تە یا ب کوردی ؟*

# بەلێ دژایەتیا من ل سەر ڤێ چەندێ هاتیە کرن ، ئەز دبێژم ئەڤە گرفتاریا گەلەک هونەرمەندا نە ، دژایەتیا من نە تەنێ ل سەر سترانندنا ب کوردی هاتیە کرن ، بەلکی لسەر مەسەلێن ( طایفی ) ژی هاتیە کرن ، ئەز هیڤیدارم ژ خەلکێ مە کو شاش دهونەرمەندان نەگەهن و ئێدی ڤان ئاستەنگان چێنەکەن

> بیرا من تێت ئەز گەلەکێ بچووک بووم دەمێ ئەز ل سەر چۆکێ باپیرێ خوە دروێنشتم و من داخوازا سترانا ( بابێ فەخری ) ژێ دکر و وی ژی ب دەنگێ خوە یێ خوەش بۆ من دگۆت .

و هەموو ب چاڤەکێ رێز و برایەتی تەماشەی هەڤدوو و هونەرمەندان بکەن .

*؟ناسینا تە لگەل کێ ژ هونەرمەندێن کورد هەبوو و هەیە و تۆ دشێی هندەک ژ بیرهاتێن خوە تەڤی وان ئەگەر هەبن بۆ خوینەڤانێن پەیامێ ڤەگێری ؟*

# ناسینا من لگەل هونەرمەندێ نەمر تەحسین طە ، محمد طیب ، سەعید گاباری و عبداللە زێرین هەبوو ل دهۆکێ ، هەروەسا من گەلەک رێز و بهاداری ژ بۆ هەموو هونەرمەندێن کورد هەیە و من پێ خوەشە ژی هەموویان بنیاسم تێکەلیێ لگەل وان پەیدا بکەم . هونەرمەندێ کو نوکە ژی من نیاسین و هەڤالینی لگەل هەیی کاک ( حەسەن شەریف ) ە .

*– دەرکەفتنا تە ژ وەلاتی چ گوهرین ئێخستیە ژیانا تە ب گشتی و هونەرێ تە ب تایبەتی ؟*



حەسەن شەریف و جەنان ساوە

# یەکەم : دەمێ ئەز گەهشتیمە ئەمریکا ئەو ئامیرێن مۆزیکێ یێن کو ل وێرێ بدەست دکەفتن هەموو رۆژئاڤایی بوون و ئەو بکێر کارێ من نەدهاتن و ئەز نەشیام کارێ خوە یێ هونەری پێ بکەم ، لێ من بزوکەکا گریکی هەبوو ئەز نەچار بووم وێ بۆ خوە عەیار بکەم و کارێ خوە پێ بکەم تاکو ل سالێن ١٩٨٥-١٩٨٦ ئورگ دەرکەفتین کو مۆزیکا مەیا رۆژهەلاتی پێ دهێتە لێدان و من هینگێ یانی ل سالا ١٩٨٦ دەستپێکر کاسێتا ئێکێ ل دەرڤەی ب ئاشووری تۆمارکر .

دووەم : ئەو بوو ئەز ژ دهۆکێ دویرکەفتم و کەفتمە باژێرەکێ ئەمریکا یێ کو چ کورد لێ نەبوون ، ژبەر هندێ ژی کوردیا من لاواز بوو و وەکی بەرێ نەما .

براستی دەمێ پشتی هەڤدە سالێن دووریێ ئەز زڤریمەڤە وەلاتێ خوە ، دلێ من گەلەک ڤەبوو ، دەمێ من دیتی باژارێ من دناڤ ئازادیێ دا دژیت ئێدی شادبوونا من یا بێ سنوور بوو و دەمێ ئەز ل کەڤنە وارێن خوە گەریایم گەلەک بیرهاتن ل من ڤەجەمیان و ئەز برمە ڤە وان رۆژێن ژیانا بەرێ ، و براستی خەلکێ دهۆکێ ژی گەلەک رێز ل من گرت کو ئەز چ جارا وێ ژبیر ناکەم .

*- چ پرۆژەیێن تە یێن هونەری هەنە بۆ پاشەرۆژێ ؟*

پرۆژێ من یێ ئێکێ نوکە ، ئەز دخوازم کاسێتەکا سترانێن فولکلۆری یێن کوردی تەڤی مۆزیکا نوو چێکەم و بەلاڤ کەم ، لێ من گرفتاریا بەلاڤ کرن و فرۆتنێ یا هەی و ئەز گەلەک کەسان نانیاسم یێن کو کاسێتێن کوردی بەلاڤ دکەن و دفرۆشن . ڤێجا ئەز هیڤیدارم ئەگەر هندەک کەسێن کو ڤی کاری دکەن هەبن ، بلا پەیوەندییێ برێکا ئەدرێس و تلفۆنا من کو ل داویێ هەیە لگەل من بکەن داکو پێکڤە رێککەفتنەکێ بکەین .

*- . وەک دیارە چەند کەنالێن تەلەڤزیۆنی یێن هەرێمی یێن کوردی ل کوردستانێ هەنە و هەروەسا کەنالەکی کوردی یێ سەتەلایتێ ژی ل دەرڤەی وەلاتی هەیە ، ئەرێ چ جاران وان تۆ گازی کریە بۆ چێکرنا پرۆگرام و تۆمارکرنا سترانان ؟*

# دەمێ ئەز ل هاڤینا ١٩٩٦ چوویمە کوردستانێ تەلەڤزیۆنا کوردستان یا دهۆکێ داخواز ژ من کر کو هەڤپەیڤینەکێ ب من رە بکەن ، لێ ژبەر کو من دخودرا نەدیت ژبەر کو کوردیا من وەکی من ل پێشییێ ژی دیار کری ، پشتی ئەز دەرکەفتیم یا لاواز بووی و ئەگەر من هەڤپەیڤین کربا دا گەلەک ئاخفتنێن عەرەبی و ئاشووری کەڤنە دناڤ ئاخفتنا من دا ، من ژی نەدخواست بەرامبەر بینەرێن خوە یێن کورد ب کوردیەکا لەنگ باخڤم ژبەر ڤێ یەکێ ژی من داخوازا لێبوورینێ ژوان کر. لبارا ( مەد تیڤی ) ژی پار ئەز چوومە ئەلمانیا من هەشت سترانێن ئاشووری ژ بۆ وان تۆمارکرن .

*- پشتی تۆ ژ وەلاتی دەرکەفتی چەند جاران تۆ زڤریەڤە و دەمێ تۆ دگەهشتیە ئاخا وەلاتی هەستێ تە چ بوو ؟*

پشتی کو ئەز دەرکەفتیم جارەکێ ب تنێ ئەو ژی ل سالا ١٩٩٦ ب سەرەدان ئەز یێ چوویمە دهۆکێ .

براستی دەمێ پشتی هەڤدە سالێن دووریێ ئەز زڤریمەڤە وەلاتێ خوە ، دلێ من گەلەک ڤەبوو ، دەمێ من دیتی باژارێ من دناڤ ئازادیێ دا دژیت ئێدی شادبوونا من یا بێ سنوور بوو و دەمێ ئەز ل کەڤنە وارێن خوە گەریایم گەلەک بیرهاتن ل من ڤەجەمیان و ئەز برمە رۆژێن ژیانا بەرێ ، و براستی خەلکێ دهۆکێ ژی گەلەک رێز ل من گرت کو ئەز چ جارا ژ بیر ناکەم . ب تایبەتی ژی برایێن بزاڤا دیموکراتیا ئاشووری ، کو وان گەلەک پویتە دانە من و گەلەک خزمەتا من کرن ، ئەز ژ دل سوپاسیا وان دکەم .

من ژی دوو ئاهەنگ ژ بۆ خەلکێ دهۆکێ کرن ، لێ جهێ داخێ بوو کو دەمێ من گەلەکێ کێم بوو و ئەز ب تنێ هەشت رۆژان مامە ل وێرێ، خوزی ئەز شیابام پتر بمینم.

*- ئاخفتنا تە یا داویێ .....؟*

ئەز گەلەک سوپاسیا دەستەکا نڤیسەرێن گۆڤارا پەیام دکەم کو ئەڤ دەلیڤە بۆ من پەیدا کری کو ئەز خوە ب خویندەڤانان بدەمە نیاسین و ڤێ هەڤپەیڤینێ ب من رە بکەن . ئەز هیڤیدارم ل پاشەرۆژێ پتر دانوستاندن و هەڤالینی دناڤبەرا مە دا پەیدا ببە .

هەروەسا ئەز داخوازێ ژ هەموو هەڤالێن کورد دکەم یێن کو دشێن پەیڤێن سترانان بنڤیسن ، کو ئەو بۆ من پەیڤان بنڤیسن بۆ سترانێن کوردی و ئەز بخوە دشێم ئاوازان بۆ دانم ، داکو ئەز بشێم سترانێن کوردی یێن نوو ژی تۆمار بکەم و من بۆ ڤێ مەبەستێ ژی ئەدرێس و تەلەفۆنا خوە ل خوارێ نڤیسیە ، و سوپاس .

JANAN MANSOUR
39 65 . W . ALBION
LINCOLN WOOD . IL . 606 45
U . S . A

TELL. 1.847.329.9721



## پێنج سال دەرباز دبن لسەر شەهیدکرنا

# ئاپێ موسا عەنتەر



موسا عەنتەر ئێکەمین نڤیسەڤانێ کورد بوو یێ کو ل سەر دەمێ کۆمارا ترکی یا کو زمانێ کوردی ب دەستوور بەربەست کری، دسالێن شێستان دە دوو چیرۆکێن ( برینا رەش و قمل ) ب زمانێ کوردی بەلاڤ کرین، و چەند جاران ژی تووشی حەبس و زیندانان بوو.
ئاپێ موسا ل شەڤا ٢٠ ئەیلولا ١٩٩٢ یانی پێنج سالا بەرێ ل باژارێ ئامەد ( دیاربەکر ) هاتە شەهیدکرن.
ریهسپیێ چاندا کوردی ل باژارێ ئامەدێ هاتە شەهیدکرن.

د وێ سالێ دا ٩ رۆژنامەڤان هاتنە کوشتن لێ یا ئاپێ موسا ژ هەموویان ب ناڤودەنگ تر بوو .
مێرکوژان موسا عەنتەر ل شەڤا ئێک شەمبی ب هەجەتا چارەسەرکرنا گرفتاریا ئەردی کو دناڤبەرا دوو مالباتان دە هەیە، گازی کر و برێکێڤە ل تاخێ ( سەیرانتەپە) یا کو دکەڤە باکورێ رۆژهەلاتێ ئامەدێ ئەو کوشتن.
پشتی کوشتنا وی مرۆڤەکی تەلەفۆنا رۆژنامەیەکا ترکی کر و بەرپرسیاریا کوشتنا وی لسەر ناڤێ کۆمەلەکا نەژادپەرستێن ترکان یا نەناس ئێخستە سەر ستوویێ خوە. ژبەر کو ب گۆتنا وی عەنتەر ژ بۆ پارچەکرنا ترکیێ دخەبتی.
هەرچەندە کو کەیفا عەنتەر ب سەرهلدایێن باکورێ کوردستانێ و رێک و رێبازێن وان دهات ژی، لێ ئەو بەرەڤانەکی براتیا کورد و ترکان ژی بوو.
تشتێن کو وی دڤێ بارێ دە دگۆتن و دنڤیسین، ددەمێ شەرێ

دناڤبەرا کوردان و حکومەتا ترکی دا کەس نەدوێرا بێژە .
دڤان سالێن داوی دە ژمارەکا زۆرا رۆشنبیر و زانا و سیاسەتمەدار و دەولەمەندێن کوردان ب دەستێ دەستەکێن کوشتنکارێن سەر ب حکومەتا ترکی ڤە هاتنە کوشتن.
سەرۆکێ ترکی سلێمان دەمیرەل ژی سۆز دابوو کو کەسێن رێزدار عەنتەر کوشتنە بێنە گرتن و سزا دان، لێ نە تەنێ وی ئەو سۆز بجی نەئانی، بەلکی پێلێن کوشتنا زانایێن کورد هەر بەردەوامە ژی .
هەڤالێ موسا عەنتەر یاشار کەیا دبێژی: " هندەک ئالیێن ڤێ کریارێ روون بوونە لێ

دەولەتێ ج نەکریە، پشتی رووڕەشیا ( سوسورلکێ ) گەلەک کەس دەرکەتن مەیدانێ مینا موراد ئیپەک و عەلادین ڤەنات ، کو ئەو موکور هاتن و دبێژن وان موسا عەنتەر کوشتنە و دبێژن ژی دەولەتێ فەرمان دایە مە و مە ژی کوشت !! لێ دەولەت نە ڤان کەسا دگرە و نە ژی دادگا دکە " .
جێگرا سەرۆکێ کۆمەلا مافێ مرۆڤان یا ترکیێ بەرەڤانکار ئەرەند کەسکین ژی دبێژە : " ئەڤ کوشتنێن تاری ب فەرماندا ریا شەرێ تایبەت ڤە گرێدایی نە " .
هەروەسا ئەو بەردەوام دکە " ب دیتنا من فەرمانا کوشتنا موسا عەنتەر ، سیاسەتمەدارێ کورد وەداد ئایدن و نڤیسکارێ ترک نوغور مومجو ژ ئالێ عەینی فەرماندارێ ڤە هاتنە دان، و ل ترکیێ هندی کو دەولەت خوە نە گوهرە ئەز باوەرناکم کو ئەڤ کوشتنکاریە بێنە روونکرن و ئاشکرا کرن، ژ خوە گاڤا ئەو هاتنە ئاشکار کرن وێگاڤێ ترکی وێ ببە وەلاتەکی دیموکراتیک و ئەڤ شەر ژی نامینن و هەر تشتێ بێ

گوهارتن، ڤێجا ئەز باوەر ناکم ئەڤ ژی ببە ژبەر کو ژ بۆ حکومەتا ترکی، ( نەزانی رحەتیا گیانی ) یە و زانین ژی بارەکی گرانە و هەر کەس نکارە هلگرە، لێ وی پیرەمێرێ دل گەنج موسا عەنتەر هەتا کو ل وێ شەڤا تاری یا پایزا ١٩٩٢ ل باژارێ خوە یێ خوەشتڤی ئامەدێ د بۆسەیەکێ دا هاتیە کوشتن بارێ خوە نە دانا و مینا خزینەیەکێ ب ئاوایەکی سەربلند هلگرت ".

شێخێ کورد شەفیقێ ئەلقاسی ل دوی کوشتنا موسا عەنتەر دبێژە : " موسا یێ بێ عاسا ، پەرتووکێن وی ، نڤیس و کۆڤارێن وی بۆ گەلێ وی مان.

مینا گەلەک کوردان ئاپێ موسا ژی رۆژا ژ دایک بوونا خوە باش نەدزانی، ئەو د پەرتووکا خوە یا ب ناڤێ " بیرهاتێن من " دا دبێژە کو ئەو پشتی فەرمانا ئەرمەنیان ( ل سالا ١٩١٧ یان ژی ١٩١٨ ) ل گوندێ زڤنگێ ل دەڤەرا نسێبینێ هاتیە دنیایێ. وی ل باژارێ ئەدەنا خوەندنگەها بلند و پاشی ل زانینگەها ستەنبۆلێ مافپەروەری ( حقوق ) خواند. موسا عەنتەر دناڤبەرا سێ نفشێن رۆشنبیرێن کوردا دا مینا پرەکێ بوو. ئەو ژ بۆ رۆشنبیرێن دەورێ ئۆسمانیان برایێ بچووک و هەڤالێ رۆشنبیرێن کورد یێن دەمێ ١٩٦٠ و برایێ مەزن و ئاپێ یێن پشتی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ ان بوو.

موسا عەنتەر نەمازە سالێن خوە یێن داویێ ب خەباتەکە مەزن ڤە تژی و دەرباز دکرن. ژ ئالیەکی ڤە بیرهاتنێن خوە نڤیسین و ل ئالیێ دن نڤیسینێن رۆژانە دگەهاندنە رۆژنامێن کوردان، دکۆمبوون و کونفرانسان دە بەشدار دبوو. دەمێ خوە یێ مایی ژی ب کارێن دن ڤە دبووراند، ئێک ژ وان ژی فلمێ مەم و زینێ بوو.

جێگرا سەرۆکێ کۆمەلا مافێ مرۆڤان یا ترکیێ بەرەڤانکار ئەرەند کەسکین ئێک ژ هەڤال و جیرانێن ئاپێ موسا بوو ، ب گۆتنا خاتوون کەسکینێ شەنەیێن موسا عەنتەر هەموو ب کوردینیێ پر بوون، لێ وی دزانی چاوا ب ترکان ژی رە ببە هەڤال. هەروەسا خانما کەسکین دبێژە : رۆژەکێ دادپرسەکی ترک بۆ من ڤەگێرا و گۆت: موسا عەنتەر چەند سالان بەری مرنا خوە ژ بەر نڤیسەکێ تێتە گرتنو دادگەها پاراستنا دەولەتێ وی داڤێژە پشکا گرتیێن زارۆک ل زیندانا ئامەدێ. گاڤا کو جارا ئێکێ وی تیننە بەر دادگەهێ ئەو بەرەڤانیەکا پر توند دکە و پەیڤێن نەخوەش دبێژە دادپرسی، ل داویا داوی دادگەه بریار ددە کو ئاپێ موسا ئازاد بکە. ئاپێ موسا ژی دبێژە حاکمی: باشە وە ل سەر نڤیسەکێ نەیاریا من کر و ئەز گرتم و هاڤێتمە زیندانێ، لێ نوها وە ئەز ئازاد کرم و دۆزا نەیاریێ قەدیا و ڤێجا فەرموو نیشەڤ ئەم ب هەڤرە خۆین و ڤەخۆین. دادپرس عەجێب گرتی مایە و نزانیە کانێ چ بێژە !

وێ شەڤێ وان ب هەڤ رە خواریە و ڤەخواریە و لسەر پرسێن ترکیێ ئاخفتنە ل هەڤ کرنە. دادپرس دبێژە کو هزرێن وی و موسا نێزیکی هەڤ بوون.

پرانیا کوردناسێن کو دخوەست دۆزا کوردان ژ نێزیک ڤە ناس بکن، بەرێ خوە ددان مالا ئاپێ موسا . کوردناسێ ئەمریکی و سەرنڤیسکارێ پشکا کوردی یا دەنگێ ئەمریکا مایکل چایە ژی ئێک ژوانە .

مایکل دبێژە : " ژمێژڤە من ناڤێ موسا عەنتەر بهیست بوو، ناڤێ وی ژ بۆ هەر کوردناسەکی ناڤەکی گرنگە.

ئەز فەرهەنگا وی بکارتینم وەک ژێدەرەکی بۆ فەرهەنگا خوە ، ل زانینگەهێ ژی من پیەسا ( شانۆ ) یا وی ( برینا رەش ) خوەندبوو. ڤێجا گاڤا کو ئەز ب سەرەدان چوویبوومە ئامەدێ، هەڤالێن من ژ من رە دان زانین کو نڤیسکارێ کورد یێ مەزن موسا عەنتەر ژی هاتیە ئامەدێ، وان پێشنیار کر کو ئەو من پێ بدن ناسین، ئەز ژی ب ڤێ چەندێ گەلەک کەیف خوەش بووم.

ئەم چووینە ئوتێلا کو ئەو تێدا مێڤان بوو و مە ئەو ژ خەوێ هشیار کر، شەڤ بوو و دیار بوو کو ئەو ژ بەر پیراتیێ ژی زوو دوەستیا، لێ دسەر هندێ ژی رە ئەو ب دلخوەشی قایل بوو کو ب مەرە روونە و باخڤە .

ئەم چوونە خوارنگەها ئوتێلێ و مە دوو سێ سعەت ب هەڤ رە بووراندن. د داویێ دە وی ئەدرێسا خوە یا ستەنبۆلێ دا من و مە خاترا خوە ژ هەڤ خواست و ئەم ژ هەڤ قەتیان، ب هیڤیا کو ئەم ل ستەنبۆلێ دیسان هەڤ ببینن.

پشتی هینگێ ئەز چوومە زاخۆ و ئەز زڤریمەڤە ترکیێ ل جزیرا بۆتان راوەستام و هینگێ من بهیست کو هەڤالێ من یێ نوو ئاپێ موسا عەنتەر هاتیە کوشتن رۆژەکێ پشتی کو من ئەو ناس کری، ئەز دەست خوە دە کەلە گری بووم و بەرخوەکەتم، ئەز هەم غەمگین بووم و هەم ژی هێرس ل من هات کو چاوا کەسەک دێ بوێرە ب کریارەک ئەوقاس رەش رابە ! "

ئێک ژ هەلبەستڤانێن ترکی یێن هەمدەم جان یوجەل ژ بۆ ئاپێ موسا هەلبەستەک نڤیسیە ، ئەم ژی دێ دڤێرێ دە پارچەیەکێ ژێ بەلاڤ کین:

## ژبۆ موسا بەگ

موسا عەنتەر د دەما مەدا....
سەلاحەدینێ ئەییوبیەکی نوو بوو
گەر شووڕێ وی یێ کو هەڤریشم دبڕی هەبا..
لێ موسا بەگ ژی ترکیا وی و کورمانجیا وی یا خوەش بوو
جهێ کو هەر کەس ب پێیان دچوویێ....
ئەو ب لنگێن خوە یێن زراڤ ب بازدان دچوویێ
موسا پێغەمبەر دناڤ پێلێن دەریا سۆر دا گەهەشت بوو بەر ئاڤێ
ئەو براتیا ب براتیا دنیایێ رە گەهشتیێ
هێسترێن کو بۆ موسا بەگ درژن
گوللەیێن حەفت بەرن یێک ب یێک

---

* ئەڤ نڤیسە ب دەستکاری ژ رادیوا دەنگێ ئەمریکا/ پشکا کوردی هاتیە وەرگرتن. -پەیام-

# چەند سەرنجێک لە ڕێزمانی سوێدی

- ئاری عبدالقادر نوری -
ستوکهۆلم - سوید

پێشەکی:

*زۆر بەداخەوە کە تاوەکو ئێستا هەوڵێکی ئەوتۆنەدراوە بۆ باسکردن و ڕوونکردنەوەی زمانی سویدی بە کوردی ، لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵکێکی زۆر لە خوێندەواری کورد لەم وڵاتە دا ( سوید ) دەژین . هەڵبەتە هەندێک لەو بەڕێزانە، کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، هەوڵی بەرهەمهێنانی چەند فەرهەنگێکی بچووکی زمانیان داوە. بێگومان ئەو هەوڵانەش جێ ی ستایش و ڕێز لێنانن، چونکە هەوڵدان سەرەتایەکی زۆر پیرۆزە بۆ دەستپێکردنێکی شێلگیرانە. بەڵام بە داخەوە دەڵێم کە هەر تەنها ئەوەندە بەس نیە، بەڵکو ( دەبوایە ) و دەبێت زۆر لەوە زیاتر بکرێت. بەڕای من ئەو هەوڵانەی تا ئێستاش دراون، پێویستیان بە دەست پێداهێنان و چاکردن و بژارکردن و برەو پێدان هەیە .

ئەم کورتە باسەی لێرەدا دەیخەمە بەردەست خوێنەری زمانی سویدی، لە ڕاستیدا مشتێکە لە خەروارێ، لە بەر ئەوەی ( زمان ) دەریایەکی بێ سنوورە و گەلێک کوون و کەلەبەری تەنگ و پانتایی فراوانی و شوێنی قووڵی تێدایە. بێچوونە ناو ئەو پانتاییانەوە و بێخۆدان لەو قووڵاییانە، هەوڵدەدەم زۆر بە سادەیی باسی پەیوەندی نێوان ( ناو - Substantiv ) و ( ئاوەڵناو- Adjektiv ) بکەم لە زمانی سویدیدا .

دوا جار حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە سوودم لە گەلێک سەرچاوەی زمان، لە بارەی سویدیەوەوەرگرتووە. هەوڵمداوە بە ووردی و لە سەر خۆ بیان خوێنمەوە و لێیان حاڵی ببم. پاشان هەوڵمداوە بیربکەمەوە بزانم لە زمانی کوردیدا ئێمە چی دەڵێین و چ جۆرە یاسایەک پەیرەو دەکەین. بۆ نموونە، کە گوێم لە ڕستەیەک دەبێت بە زمانی سویدی، هەرگیز ڕاستەوخۆ هەوڵی وەرگێرانی نادەم، بەڵکو زیاتر هەوڵدەدەم جوان لە ڕستەکە تێبگەم، تەواو حاڵی ببم لەوەی دەیەوێت چی بڵێت و چۆنی بڵێت. پاشان کە باش لە ڕستەکە حاڵی بووم، بیر دەکەمەوە بزانم ئەی ئێمەی کورد چۆن هەمان ڕستە بە کوردی دەردەبڕین.

بەڕای من ئەمە شێوەیەکی زۆر دروستە بۆ بیرکردنەوە لە زمان، دەنا خوێنەری زمان تووشی زۆر هەڵەی ڕێزمانی و ستروکتوری دەبێت. هەمان شت ڕاستە بوێترێت لە بارەی زمانی سویدیەوە. بە واتایەکی تر، ئەگەر خوێنەری زمانی سویدی داوای لێبکرێت ماددەیەک بە زمانی سویدی بنووسرێت، ئەوا باشتر وایە بە ( سویدی ) بیر لە ماددەکە بکاتەوە. واتە هەوڵبدات وەکو مرۆڤێکی سویدی بیر لە زمانەکە بکاتەوە و ڕستەبەندی بەو ووشە سویدیانە بکات کە دەیانزانێت. مەبەستم لەوەیە خوێنەر تووشی زۆر هەڵەی زمانەوانی دەبێت، ئەگەر بێت و ڕستەکان بە کوردی لە مێشکی خۆیدا ئامادەبکات و پاشان یەک لە دوای یەک وەریان بگێرێتە سەر زمانی سویدی. ئەوی ڕاستی بێت ئەم جۆرە وەرگێڕانە لای زۆربەی زۆری خەڵک ڕوودەدات بێ (هەستپێکردن) . پرۆسێسی ( بە سویدی بیرکرنەوە ) کارێکی ئاسان نیە، بەڵام مەحاڵیش نیە، بەڵکو پێویستی بە ئەختێک خۆماندوو کردن و خۆ ڕاهێنان هەیە.

ئەوەی مابێت لەم پێشەکیەدا بیڵێم ئەوەیە کە ئەم باسە هەوڵێکی سادە و دلسۆزانەیە، بێگومان بێ کەم و کورتی نیە. هیوادارم بە میهرەبانی خۆتان لە کەم و کورتیەکانی باسەکە ببوورن و زۆر دڵنیابن لەوەی، بەو پەڕی دڵفراوانیەوە هەموو ڕەخنەیەکی دروستکەر پێشوازی دەکەم .

سەرەتایەکی کورت:

لە ڕاستیدا هەر یەکە لە ( ناو -Substantiv ) و ( ئاوەڵناو - Adjektiv ) خۆی پێویستی بە باسی تایبەت و درێژ هەیە . بەڵام من ئەو دوو باسە هەڵدەگرم بۆ کاتێکی تر. لێرەدا زۆر بە کورتی هەوڵدەدەم شتێکیان لە بارەوە بڵێم، چونکە بە پێویستی دەزانم.

## ناو - Substantiv

ناو ووشەیەکە لە کەسێک یان ئاژەڵێک ( گیان لەبەر )، شتێک یان ماددەیەک ( بێگیان )، یان بیرێک دەنرێت، بۆ نموونە :

کەس :

| | |
|---|---|
| ژن | Kvinna |
| کوڕ | Pojke |
| پیاو | Man |
| کچ ( کیژ ) | Flick |

ئاژەڵ: ( مار ومێروو، مێش و مەگەز .. هتد)

| | |
|---|---|
| سەگ | Hund |
| ئەسپ | Häst |
| پشیلە | Katt |

شت :

| | |
|---|---|
| ماشێن | Bil |
| بەرد | Sten |
| مێز | Bord |
| کورسی | Stol |

مادده :

| | |
|---|---|
| ئاو | vatten |
| ئاسن | järn |
| دار، تەختە | trä |
| لاستیک | gummi |

بیر:

ئەم جۆرە ناوانە زیاتر ناوی مەعنەوین . واتە شتێک نین بە چاو ببینرێن، بەڵکو زیاتر هەستیان پێدەکەین.

| | |
|---|---|
| دیموکراسیەت | demokrati |
| ئازایەتی | modighet |
| ڕاستگۆیی | ärlighet |
| ئازادی | frihet |

تێبینی :

١- ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە، زۆربەی زۆری ناو لە شـــێـــوەی ( تاک -Singularis ) و( نەناســـراو (Obestämd- دا پێـــشگری (-en) یاخـــود (-ett) وەردەگرن. جا ئەو ناوانەی (-en) وەردەگرن، پێیان دەوترێت (en_ord، ووشـــەی -en)، وە ئەوانەی (-ett) وەردەگـــرن پێیان دەوترێت (ett-ord، ووشەی-ett).

هەندێک لە نموونەکانی پێشوو :

| بە کوردی | ناوی تاکی نەناسراو (ووشەی-en) یان(ووشەی-ett) Substantiv, Singularis, obestämdfor (en eller ett ord) |
|---|---|
| ژنێک | en kvinna |
| کوڕێک | en pojke |
| پیاوێک | en man |
| کچێک | en flicka |
| منداڵێک | ett barn |
| مێزێک | ett bord |
| ژوورێک | ett rum |
| ئاژەڵێک | ett djur |

لەو نموونانەی سەرەوەدا، ناوەکان لە شێوەی تاک و نە ناسراو دان. واتە کاتێک کە دەڵێین (en kvinna– ژنێک ) یاخود (en man–پیاوێک ) ، نازانین مـەبەست لە کـام ژنە یاخـود کـام پیـــاوە. هەروەها هەمـــان شت دەتوانین بڵـــێین لە بارەی نموونەکانی دیکەوە، دوو نموونە لە ڕستە دا :

Jag känner en pojke . کـــــورێک دەناسم.

Jag ser ett barn

منداڵێک دەبینم .

لەو دوو ڕســـتەیەی ســـەرەوەدا ، ناوەکـــان نە ناســـراون، چونکە نازانین مەبەست لە کام ( کوڕ ) ە یاخود لە کام ( منداڵە ) ە .

٢– ئەگـــەر ( en ) و ( ett ) بوونە پاشگری ناوێکی تاک، ئەوا ئەو ناوە دەکەنە ناوێکی ناسراو ( bestämdform ) . هەر ئەو نموونانەی پێشوو:

| بە کوردی | ناوی تاکی ناسراو (ووشەی-en) یان (ووشەی-ett) substantiv-singularis - bestämdform en eller ett ord |
|---|---|
| ژنەکە | kvinnan |
| کوڕەکە | pojken |
| پیاوەکە | mannen |
| کچەکە | flickan |
| منداڵەکە | barnet |
| مێزەکە | bordet |
| ژوورەکە | rummet |
| ئاژەڵەکە | djuret |

| بە کوردی | ناوی تاکی نەناسراو (ووشەی-en) یان ( ووشەی-ett) substantiv-singularis obestämdform en eller ett ord |
|---|---|
| ژنێک | en kvinna |
| کوڕێک | en pojke |
| پیاوێک | en man |
| کچێک | en flicka |
| منداڵێک | ett barn |
| مێزێک | ett bord |
| ژوورێک | ett rum |
| ئاژەڵێک | ett djur |

نموونە لە ڕستەدا :

Jag har en poj . (نە ناسراو) کوڕێکم هەیە .

Pojken heter Aran. (ناسراو) کوڕەکە ناوی ئارانە .

Hon ser ett barn. (نەناسراو) ئەو منداڵێک دەبینێت.

Barnet gråter.(ناسراو) منداڵەکە دەگریێ.

لەو دوو نموونەیەی ســەرەوەدا ، لە بەشی یەکەمی ڕستەکاندا، ( کوڕێک-en pojke) و ( منداڵێک-ett barn)، هەردووکیان نەناســراون، چونکە کـام ( کـوڕ)ە یاخـود (منداڵە)ە . بـەڵام لە بەشی دووهەمی ڕســـتـــەکـــاندا ( کـــوڕەکـــە-pojken) و (منداڵەکە-barnet ) ، هەردووکیان ناسراون، چونکە پێشووتر ناویان هـاتووە. واتە لە ڕســتـەکـانی پێـشـووتردا بـاسکراون.

لە بەر ئەوە لە بەشی دووهەمی ڕستەکاندا دەبنە ناسراو.
٣- بە داخەوە، ئەم باسە جێ ی ئەوە نیە زیاتر لە سەر (ناو ) بدێم . دەنا دەبوو باسی ناو لە شێوەی ( کۆ - pluralis) و ( کۆی ناسراو-pluralis-bestämd form) دا بکەم. هەروەها باسی ئەو شێوانە بکەم ناوی کۆیان لێ دروستدەکرێت. وەکو پێشووتریش ووتم ئەمە باسی تایبەتی دەوێت، هەڵیدەگرین بۆ کاتێکی تر.

## Adjektiv - ئاوەڵناو

ئەم ووشەیە بە ناوە کوردیەکەیدا دیارە کە ووشەیەکە ئاوەڵ یاخود نزیک یان دۆستی ( ناو ) ە . واتە ( ئاوەڵناو ) ووشەیەکە باسی یان وەسفی ناوێک یان ڕاناوێک دەکات . زیاتر باسی کارەکتەری ناو یان ڕاناو دەکات . مەبەستمان لە ( ڕاناو - pronomen ) یش ، ئەو ووشەیەیە کە جێ ی ناو دەگرێتەوە، نموونە:

| | |
|---|---|
| Han är glad . | Aran är glad . |
| ئەو دڵخۆشە . | ئاران دڵخۆشە . |
| Hon är vacker . | Savo är vacker. |
| ئەو جوانە . | ساڤۆ جوانە . |

لەو دوو نموونەیەی سەرەوەدا ( دڵخۆش-glad) و (جوان-vacker ) ئاوەڵناون، چونکە شتێکمان لە بارەی هەردوو ناوی ( ئاران و ساڤۆ ) یان هەر دوو ڕاناوی ( ئەو، بۆ نێر-Han) و ( ئەو ، بۆ مێ-Hon) پێدەڵێین. لە نموونەی یەکەمدا ، ئاوەڵناوی ( دڵخۆش-glad ) وەسفی باری دەروونی ( ئاران ) دەکات، کە حاڵی باشە و دڵی خۆشە.لە نموونەی دووهەمدا ، ئاوەڵناوی ( جوان-vacker) وەسفی ڕووخساری (ساڤۆ ) دەکات، کەمرۆڤ حەز دەکات تەماشای بکات ، چونکە جوانە. واتە لە نموونەکاندا ئاشکرا دیارە، ( ئاوەڵناو) وەسفی ( ناو ) یان ( ڕاناو ) دەکات و شتێک لە بارەی کارەکتەری کەسێک یاخود شتێک دەڵێت و دەیخاتە ڕوو. بە هۆی ئاوەڵناوەوەیە دەتوانین زیاتر لە ( ناو ) یان ( ڕاناو )بکۆڵینەوە و شتیان لە بارەوە بزانین. ئەگەر لەو نموونانەی سەرەوەدا هەر بە تەنها ناوەکان یان ڕاناوەکان، واتە هەر بەتەنها ( ئاران یان ساڤۆ یان ئەو ) بنووسرایە، ئەوا هیچ زانیاری یەکمان نە دەبوو لە بارەی ئاران یا خود ساڤۆ وە، هەر تەنها ئەوەندە نەبێت کە ( ئاران) ناوی کوڕە و ( ساڤۆ ) ش ناوی کچ . ئەوە ئاوەڵناوەکانن، واتە ووشەی ( دڵخۆش-glad ) و ( جوان-vacker )، کە شتمان پێدەڵێن و زانیاریمان لە بارەی ( ئاران ) و ( ساڤۆ ) وە زیاد دەکەن .

چەند نموونەیەکی تر :

| | |
|---|---|
| Aran har en bil . | ئاران ماشینێکی هەیە . |
| Han har en röd bil. | (ئەو)ماشینێکی سووری هەیە. |
| Hans bil är ny . | ماشینەکەی ( ئەو ) نوێیە. |

ڕوونکردنەوە:
لە ڕستەی یەکەمدا هەر ئەوەندە دەزانین کە ( ئاران ) ماشینێکی هەیە. بەڵام هیچ لە بارەی ماشینەکەوە نازانین . لە ڕستەی دووهەمدا بە هۆی ئاوەڵناوی ( سوور-röd) ەوە، شتێکی تر لە بارەی ماشینەکەی ئارانەوە دەزانین ، ئەویش ئەوەیە ڕەنگی سوورە .
لە ڕستەی سێهەمدا بە هۆی ئاوەڵناوی ( نوێ-ny) وە شتێکی زیاتر لە بارەی ماشینەکەوە دەزانین، ئەویش ئەوەیە ماشێنێکی نوێیە. بە هەمان شێوە چەندە زۆرتر ئاوەڵناو مان هەبێت، هێندە زیاتر زانیاریمان لە بارەی ( ناو ) یان ( ڕاناو ) دەبێت .

دوو تێبینی گرنگ :
١) ئاوەڵناو بە پێی ئەو ناوەی وەسفی دەکات دەگۆڕێت. واتە ئەگەر ناوەکە (en - ord) بێت، ئەوا ئاوەڵناوەکە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر (ett-ord) بێت ، ئەوا ئاوەڵناوەکە دەبێت پاشگری ( t ) وەربگرێت . وە ئەگەر ناوەکە کۆ بێت، دەبێت ئاوەڵناوەکەش به هۆی ( a ) وە کۆ بکرێتەوە، نموونە:

| adjektiv | ئاوەڵناو | med en ord | لەگەڵ (ووشەی-en) دا | med ett ord | لەگەڵ (ووشەی-ett) دا |
|---|---|---|---|---|---|
| stor | گەورە | en stor bil | ماشینێکی گەورە | ett stort rum | ژوورێکی گەورە |
| dyr | گران | en dyr bok | پەرتووکێکی گران | ett dyrt hus | خانوویەکی گران |

| med substantiv i plural form<br>måde en- och ett- ord | لەگەڵ ناوی کۆدا - هەردوو ووشەی- en و ett |
|---|---|
| fyra stora bilar<br>fyra stora rum | چوار ماشینی گەورە ...<br>چوار ژووری گەورە ... |
| dyra böcker<br>dyra hus | کتێبی گران ...<br>خانووی گران ... |

٢) ئەگەر لە پێش ئاوەڵناو دا ئامرازی ناساندن (bestämd artikel) یا خود هەندێک ووشەی تایبەتی دیکە (لە پەیوەندی نێوان ناو و ئاوەڵناودا زیاتر بە درێژی باسی ئەو ووشانە دەکەین) بێت،

ئاوەڵناوەکە بە هۆی پاشگری ( a )وە شێوەی ناسراو وەردەگرێت .
بە واتایەکی تر ، ئاوەڵناو لە حالەتی ( کۆ و تاکی ناسراو و کۆی ناسراو ) دا ، هەمان شێوەی هەیە، ئەویش ئەوەیە بە (a) کۆتایی دێت، نموونە :
گران ( dyr )

| ئاوەڵناوی کۆی ناسراو<br>adjektiv-singularis<br>bestämd form | ئاوەڵناوی تاکی ناسراو<br>adjektiv-pluralis<br>bestämd form | ئاوەڵناوی کۆی نەناسراو<br>adjektiv-pluralis<br>obestämd form |
|---|---|---|
| de <u>dyra</u> bilarna<br>ماشینە گرانەکان .. | den <u>dyra</u> bilen<br>ماشینە گرانەکە ... | tre <u>dyra</u> bilar<br>سێ ماشێنی گران... |
| mina <u>dyra</u> hus<br>خانووە گرانەکانم ... | mitt <u>dyra</u> hus<br>خانووە گرانەکەم ... | några <u>dyra</u> hus<br>چەند خانوویەکی گران ... |

ئەو نموونانەی سەرەوە لە رستەدا:

Tre dyra bilar står på gatan — سێ ماشێنی گران لە سەر جادەکە وەستاون .

Jag har köpt den dyra bilen . — ماشینە گرانەکەم کڕی .

Jag ska hyra mina dyra hus . — خانووە گرانەکانم بە کرێ دەدەم .

## پەیوەندی نێوان ( ناو–Substantiv) و (ئاوەڵناو–Adjektiv)
### (لەحاڵەتی هاتنی هەندێک ووشەی تایبەت لە پێشیانەوە )

دەکرێت پەیوەندی نێوان ناو و ئاوەڵناو لە زمانی سویدیدا لە ژێر سێ یاسای سەرەکیدا کۆبکەینەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:
١–ئاوەڵناو – ناسروا
ناو – ناسراو

ئەگەر (ئامرازی ناساندن – bestämd artikel ) لە پێش ناو یان ئاوەڵناووەوە هات، هەردووکیان شێوەی ناسراو وەردەگرن .
ئەو ئامرازانەی لێرەدا پێویستە باسیان بکەین و نموونەیان لە سەر بهێنینەوە، ئەمانەی خوارەوەن:

den , den här , den där
det , det här , det där
de , de här , de där
hela - förra

بە ووردی سەرنجی ئەم خشتەیەی خوارەوە بدە :

| | ئامرازی ناساندن<br>bestämd artikel | ئاوەڵناوی ناسراو<br>adjektiv-<br>bestämd form | ناوی ناسراو<br>substantiv-<br>bestämd form | بە کوردی |
|---|---|---|---|---|
| en-ord | den | fina | flickan | کیژە جوانەکە .. |
| | den här | fina | flickan | ئەم کیژە جوانە .. |
| | den där | fina | flickan | ئەو کیژە جوانە .. |
| ett-ord | det | sjuka | barnet | منداڵە نەخۆشەکە .. |
| | det här | sjuka | barnet | ئەم منداڵە نەخۆشە .. |
| | det där | sjuka | barnet | ئەو منداڵە نەخۆشە .. |
| en-ord pluralis | de | fina | flickorna | کیژە جوانەکان .. |
| | de här | fina | flickorna | ئەم کیژە جوانانە .. |
| | de där | fina | flickorna | ئەو کیژە جوانانە .. |
| ett-ord pluralis | de | sjuka | barnen | منداڵە نەخۆشەکان .. |
| | de här | sjuka | barnen | ئەم منداڵە نەخۆشانە.. |
| | de där | sjuka | barnen | ئەو منداڵە نەخۆشانە.. |
| | hela | regniga | veckan | بە درێژایی هەفتە باراناویەکە. |
| | förra | långa | året | ساڵی درێژی پێشوو .. |

تێبینی یەکی گرنگ :

جیاوازی یەکی هەستپێکراو هەیە لە نێوان ڕستەی یەکەم و دووەمی ئەم نموونانەی خوارەوەدا . زۆر بە وردی بیان خوێنەرەوە و هەست بە جیاوازی نێوانیان بکە لە شێوەی خوێندنەوەکەتدا . پاشان سەیری هەردوو ڕستەکە بکە بە سویدی، بۆ ئەوەی باش لە جیاوازی نێوانیان بگەیت :

١- ئەم کیژە جوانە خەڵکی ژاپۆنە.
ئەم کیژە جوانە .

Den här fina flickan är från Japan .
Den här flickan är fin .

٢- ئەو منداڵە نەخۆشە ئازاری هەیە .
ئەو منداڵە نەخۆشە .

Det där sjuka barnet har ont .
Det där barnet är sjuk .

هیوادارم ئەو نموونانەی سەرەوە شتێک لەو جیاوازیە بخاتە ڕوو ، کە من دەمەوێت بە خوێنەری بڵێم . دەنا ئەو ڕستانەی سەرەوە پێویستیان بە شیکردنەوەی زمانەوانی هەیە، کە ئەم کورتە باسە جێگای ئەوە نیە ئەو شیکردنەوە درێژبکەین .

چەند ڕستەیەکی بە سوود :

کیژەکە لە پۆلی ئێمەیە
Flickan är i vår klass .

کیژە جوانەکە لە پۆلی ئێمەیە .
Den fina flickan är i vår klass .

ئەم کیژە جوانە لە پۆلی ئێمەیە .
Den här fina flickan är i vår klass .

ئەو کیژە جوانە لە پۆلی ئێمەیە .
Den där fina flickan är i vår klass .

| | |
|---|---|
| Barnet är sjukt . | منداڵەکە نەخۆشە . |
| Det sjuka barnet gråter . | منداڵە نەخۆشەکە دەگریێ . |
| Det här sjuka barnet gråter. | ئەم منداڵە نەخۆشە دەگریێ . |
| Det där sjuka barnet gråter. | ئەو منداڵە نەخۆشە دەگریێ . |

## ٢- ئاوەڵناو – ناسراوە
## ناو – نەناسراوە

کاتێک ئەم ووشانەی خوارەوە لە پێشیانەوە هات :

( **a** ) ڕاناوی مـولّکی ( possesiva pronomen ) ڕاناوی مـولّکی ، خـاوەنداریتی کـەسـێک یان شـتـێک پیـشـان دەدات بۆ کەسێک یان شتێکی تر . واتە ئەو کەسە خاوەنی ئەو شتەیە . ئەو ڕاناوەش ئەمانەی خوارەوەن :

| en-ord<br>en-ووشەی | ett-ord<br>ett-ووشەی | Plural<br>کۆ | بە کوردی |
|---|---|---|---|
| min | mitt | mina | م |
| din | ditt | dina | ت |
| hans | hans | hans | ی |
| hennes | hennes | hennes | ی |
| dess | dess | dess | ی |
| vår | vårt | våra | مان |
| er | ret | era | تان |
| deras | deras | deras | یان |

ســــــــەرنجی ئـەم خـــــــشـــــــــتـــــــــەیـەی خـــــــــوارەوە بـدە :

| ڕاناوی مولّکی<br>possesiva<br>pronomen | ئاوەڵناوی ناسراو<br>adjektiv<br>bestämd form | ناوی نەناسراو<br>substantiv<br>obestämd form | بە کوردی |
|---|---|---|---|
| min | gamla | bil | ماشێنە کۆنەکەم |
| mitt | nya | hus | خانووە نوێکەم |
| mina | gamla | bilar | ماشێنە کۆنەکانم |
| mina | nya | hus | خانووە نوێکانم |
| din | vita | skjorta | کراسە سپیەکەت |
| ditt | gula | bord | مێزە زەردەکەت |
| dina | vita | skjortor | کراسە سپیەکانت |
| dina | gula | bord | مێزە زەردەکانت |
| hans | svenska | bok | ( ئەو ) پەرتووکە سویدیەکەی |
| بۆ نێر hans | mörka | rum | ( ئەو ) ژوورە تاریکەکەی |
| hans | svenska | böcker | ( ئەو ) پەرتووکە سویدیەکانی |
| hans | mörka | rum | ( ئەو ) ژوورە تاریکەکانی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پشیلە ڕەشەکەی | (ئەو) | katt | svarta | hennes | بۆ مێ |
| ژوورە ڕووناکەکەی | (ئەو) | rum | ljusa | hennes | |
| پشیلە ڕەشەکانی | (ئەو) | katter | svarta | hennes | |
| ژوورە ڕووناکەکانی | (ئەو) | rum | ljusa | hennes | |
| دەرگا کۆنەکەی | (ئەو) | dörr | gamla | dess | بۆ بێگیان |
| پەنجەرە کۆنەکەی | (ئەو) | fönster | gamla | dess | |
| دەرگا کۆنەکانی | (ئەو) | dörrar | gamla | dess | |
| پەنجەرە کۆنەکانی | (ئەو) | fönster | gamla | dess | |
| هاوڕێ نوێکەمان | | vän | nya | vår | |
| خانووە نوێکەمان | | hus | nya | vårt | |
| هاوڕێ نوێکانمان | | vänner | nya | våra | |
| خانووە نوێکانمان | | hus | nya | våra | |
| ماشێنە جوانەکەتان | | bil | fina | er | |
| ژوورە جوانەکەتان | | rum | fina | ert | |
| ماشێنە جوانەکانتان | | bilar | fina | era | |
| ژوورە جوانەکانتان | | rum | fina | era | |
| پشیلە سپییەکەیان | | katt | vita | deras | |
| خانووە زەردەکەیان | | hus | gula | deras | |
| پشیلە سپییەکانیان | | katter | vita | deras | |
| خانووە زەردەکانیان | | hus | gula | deras | |

## B– ڕاناوی ئاماژە بۆ کردن ( Demonstrativa pronomen ) :

ئەم ڕاناوانە بۆ ئاماژە کردن بۆ کەسێک یان شتێک بە کاردەهێنرێن ، ئەو ڕاناوانەش ئەمانەی خوارەوەن :

| بە کوردی | ناوی نە ناسراو substantiv-obestämd form | ئاوەڵناوی ناسراو adjektiv-bestämd form | ڕاناوی ئاماژە بۆ کردن Demonstrativa pronomen |
|---|---|---|---|
| ئەم کورسیە هەرزانە ... | stol | billiga | denna |
| ئەم مێزە گرانە .. | bord | dyra | detta |
| ئەم کورسیە هەرزانانە .. | stolar | billiga | dessa |
| ئەم مێزە گرانانە .. | bord | dyra | dessa |

چەند ڕستەیەکی بە سوود :
هەمان تێبینی پێش ، کە لە پاش خشتەی پەیوەندی یەکەم ( ناو – ناسراوە ، ئاوەڵناو – ناسراوە ) نووسیمان ، دەگونجێ لە بارەی ئەم ڕستانەی خوارەوە بوترێت .

Denna billiga stol är gjord av trä . — ئەم کورسیە هەرزانە لە دار دروست کراوە .
Denna stol är billig . — ئەم کورسیە هەرزانە .

Detta dyra bord är gjort i Italien . — ئەم مێزە گرانە لە ئیتالیا دروستکراوە .
Detta bord är dyrt . — ئەم مێزە گرانە .

C - ( s ) ی موڵکی، genitiv- s:

بە کار دەهێنرێت بۆ پیشاندانی خاوەندارێتی.

D– samma ( هەمان ، ڕاناوە

E– nästa ( ئەوی داهاتوو، ئەوی تر، ئەوی دواتر ) ، ئەوەڵناوە: مـەبەست لەوەی داهاتوو کـە دێت . بۆ نموونە لە نۆرە گرتندا، یەکەم تا دووهەم، دووهەم تا سێیەم، هتد...

سەیری ئەم خشتەیەی خوارەوە بکە :

| | ئاوەڵناو ناسراو<br>adjektiv<br>bestämd form | نا و نەناسراو<br>substantiv<br>obestämd form | بە کوردی |
|---|---|---|---|
| C- Peters | svarta | väska | جانتا ڕەشەکەی پیتەر |
| Peters | stora | rum | ژوورە گەورەکەی پیتەر |
| Peters | svarta | väskor | جانتا ڕەشەکانی پیتەر |
| Peters | stora | rum | ژوورە گەورەکانی پیتەر |
| D- samma | gamla | bil | هەمان ماشینی کۆن |
| samma | dyra | hus | هەمان خانووی گران |
| samma | gamla | bilar | هەمان ماشینە کۆنەکان |
| samma | dyra | hus | هەمان خانووە گرانەکان |
| E- nästa | långa | intervju | چاوپێکەوتنە درێژەکەی داهاتوو |
| nästa | viktiga | möte | کۆبوونەوە گرنگەکانی داهاتوو |
| nästa | långa | intervjuer | چاوپێکەوتنە درێژەکانی داهاتوو |
| nästa | viktiga | möten | کۆبوونەوە گرنگەکانی داهاتوو |

چەند ڕستەیەکی بە سوود:

Peters svarta väskan kostar 300 kronor . — جانتا ڕەشەکەی پیتەر بە ٣٠٠ کرۆنە

Savo och Aran bor i samma gamla hus . — ساڤۆ و ئاران لە هەمان خانووی کۆندا دەژین .

چاوپێکەوتنە درێژەکەی داهاتوومان لەگەڵ مێژوونووسێکی بە ناوبانگدایە .

Vår nästa långa intervju är med en känd historiker

٣– ئاوەڵناو – نەناسراوە

ناو – نەناسراوە

لە پاش ئەم ووشانەی خوارەوە :

| ووشەی نەناسراو(تاک و کۆ)<br>obestämd ord<br>singularis-pluralis | | ئاوەڵناوی نەناسراو<br>adjektiv<br>obestämd form | ناوی نەناسراو<br>substantiv<br>obestämd form | بە کوردی |
|---|---|---|---|---|
| en-ord | en | | | گوڵێکی سوور |
| singular | ingen | | | هیچ گوڵێکی سوور |
| form | någon | röd | blomma | گوڵێکی سوور |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | sådan | | | گوڵێکی وەها سوور |
| | annan | | | گوڵێکی تری سوور |
| | vilkev | | | گوڵێکی چەند سوور |
| ett-ord singular form | ett | rött | hus | خانوویەکی سوور |
| | inget | | | هیچ خانوویەکی سوور |
| | något | | | خانوویەکی سوور |
| | sådant | | | خانوویەکی وەها سوور |
| | annat | | | خانوویەکی تری سوور |
| | vilket | | | خانوویەکی چەند سوور |
| en-ord ett-ord plural form | tre | röda | blommor | سێ گوڵی ( خانووی ) سوور |
| | inga | | hus | هیچ گوڵی ( خانووی ) سوور |
| | några | | | چەند گوڵێکی ( خانوویەکی ) سوور |
| | sådana | | | گوڵی ( خانووی ) وەهای سوور |
| | andra | | | گوڵی ( خانووی ) تری سوور |
| | vilka | | | گوڵی ( خانووی ) چەند سوور |
| | många | | | گەلێک گوڵی ( خانووی ) سوور |
| | flera | | | گوڵی ( خانووی ) سووری زیاتر |
| | få | | | (چەند دانەیەکی ) کەم گوڵی ( خانووی ) سوور |
| | alla | | | هەموو گوڵە ( خانووە ) سوورەکان |

چەند رستەیەکی بە سوود :

| | |
|---|---|
| Savo har en röd blomma . | سافۆ گوڵێکی سووری هەیە . |
| Aran har inget rött hus . | ئاران هیچ خانوویەکی سووری نیە . |
| Vilken fin blomma du har ! | گوڵێکی چەند جوانت هەیە! |
| Vilken billiga hus du har ! | خانوویەکی چەند هەرزانت هەیە ! |
| Vilken fina kläder du har på dig ! | جلی چەند جوانت لە بەر دایە ! |
| Jag behöver en sådan billig bil . | پێویستیم بە ماشێنێکی وەها هەیە . |
| Jag köper också ett sådant billigt hus . | منیش خانوویەکی وەها هەرزان دەکڕم . |
| Jag vill köpa ett annat billigt hus . | ( من ) دەمەوێت خانوویەکی تری هەرزان بکڕم . |
| Jag köper flera röda blommor . | گوڵی سووری زیاتر دەکڕم . |
| Man kan få tag i få billiga hus i det här åmrådet. | کەم خانووی هەرزان لەم ناوە پەیدا دەبێت . |

## دوا سەرنج :

لێرەدا ( vilka, vilket , vilken) وەکو ووشەی سەرسوڕمان ( utropsord ) بە کار هاتووە، نەک وەکو ووشەی پرسیار ( fåge ord ) .

---

*
دوور نیە بۆ زۆربەی خوێنەرانی خۆشەویست لە دەرەوەی سوید ئەم بابەتە گرنگیەکی ئەوتۆی نەبێ ، لەبەر نامۆیی بابەتەکە بۆیان، بەڵام چونکە ئێمە پشتراستین لەوەی کە ئەم بابەتە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ئەو کوردانەی کە لە سوید دەژین ، و بەتایبەتی ئەوانەی کە خەریکی فێربوونی زمانی سویدین ، هەر لە بەر ئەوەش بە پێویستمان زانی ئەم بابەتە بڵاوبکەینەوە ، لەگەڵ رێز و ســـــــوپاس بۆ ســـــــانـدویـوونی کـــــــاک ئـاری .
– پەیام –

# پەلکە زێرینە

ئامادەکرنا: زنار

## کونفرانسا بەربەست کرنا مینێن پەیادان

ل رۆژا ١٩٩٧/٩/١٧ کونفرانسەک ل سەر مین ( لغم )ێن دژی پەیادان ل ئوسلو یا پایتەختێ نورویژ هاتە گرێدان کو ٩٠ وەلات تێدا پشکدار ببوون. چەند وەلاتەکان ژی وەک هندستانێ و روسی پشکداری تێدا نەکربوون.
دڤێ کونفرانسێ دە رێکەفتنەکا دیرووکی هاتەکرن ل سەر بەربەست کرنا ڤی جۆرێ مینا، لێ ئەمریکا بتەنێ ئەڤ رێککەفتنە نە پەژراند و ناخوازن ژی وێ ئیمزا بکەن.
نوینەرێن کونفرانسێ ل سەر وێ چەندێ ل هەڤهاتن کو: بەرهەمئینان و فرۆتن و بکارئینانا مینێن دژی پەیادان بێتە بەربەست کرن، هەروەسا ل سەر وێ ژی رککەفتن کو مینێن ل سەرێک کۆمکری ( خزن کری ) ژی ددەمێ چار سالان دە بێنە پویچ کرن و هەمی ئەردێن کو مین لێ هاتینە چاندن ژی ددەمێ دەه سالان دە بێنە راکرن و پاک کرن. ئێکەتیا نەتەوان ژی دێ کونترۆل و چاڤدێریا ڤێ چەندێ بکە .
ئەڤ رێککەفتنە دڤێ ژ لایێ ٥٠ حکومەتان ڤە بێتە ئیمزا کرن دا کو کار پێ بێتە کرن و بێتە بجی ئینان ، ژ بۆ ڤێ یەکێ ژی بریارە جارەکا دی ل مەها کانونا پێشی ( ١٢ ) یا ئەڤ سالە جارەکا دی نوینەرێن وان وەلاتان ل کەنەدا کۆم ببنەڤە ژ بۆ وێ چەندێ .
ژ هەژی گۆتنێ یە کو هەر سال ٢٦٠٠٠ بیست و شەش هزار کەس ل جیهانێ ب مینا ژیانا خوە ژ دەست ددەن .

## دختورێن فیداکار دخەندەکا شەڕی دال دژی ئیدزێ

رۆژناما ( داگەنس نیهێتەر ) یا سوێدی ل رۆژا ١٩٩٧/٩/٢٤ دنڤیسە کو ٤٠ دختورێن ئەمریکی ژ باژارێ شیکاگۆ دخوازن خوە تووشی نەخۆشیا ئیدزێ بکەن داکو دەرمانێن جۆر ب جۆر یێن دژی ڤێ نەخوەشیێ ل سەر خوە پرۆڤە بکەن، بوێ هیڤیێ کو بەلکی دەرمانەکی ل دژی ڤێ نەخوەشیا کوژەک پەیدا بکەن.
ئەم ژی دبێژن ئافەرین ژ بۆ دختورێن فیداکار و چاڤ نەترس ، و ئەم سەرکەفتنێ ژ وان رە دخوازین دشەڕێ وان یێ گران دا ل دژی ئیدزا کامباخ .

## خەلاتەکێ هێژا

دەولەمەندێ ئەمریکی یێ خودانێ دەزگەهێن مەدیا (راگەهاندنێ) **تێد تورنەر** ل رۆژا ١٩٩٧/٩/١٨ راگەهاند کو ئەو دێ ئێک ملیار دۆلار ب دیاری دەتە ئێکەتیا نەتەوان (U.N). ئەو پارە ژی دێ هێتە بکارئینان بۆ پەنابەران و بۆ ژناڤبرنا نەخۆشیان و مینێن دژی پەیادان. ئێک ژوان بنگەهێن مەدیا کو **تورنەر** خودانێ وانە تەلەڤزیۆنا ( CNN ) ە .
ئەم هیڤیدارین گەلەک دەولەمەندێن دن ژی چاڤ ل وی بکەن .

## عەرەفات دگفتوگۆیەکا گەرم دا بێهش دبە !

سەرچاڤکێن نەدیار ل شالیاریا دەرڤە یا مسری دیار دکەن کو ل رۆژا ١٩٩٧/٩/١٩ سەروکێ فلستینی یاسر عەرەفات ل کونفرانسا شالیارێن عەرەبان یێن دەرڤە ل قاهیرە ، بێهش بوو و کەفتە ئەردی دئەنجامێ شەرەدەڤەکا دژوار دا لگەل شالیارێ دەرڤە یێ ( قەتەر ) دا . ئەنجامێ ڤێ شەرەدەڤا گەرم ژی ئەو بوو، کو ئەوان هزروبیرێن جودا هەبوون ل سەر پشکداری کرنێ د کونفرانسێ ئابووری دا یێ کو دێ ل (قەتەر) هێتە گرێدان لگەل ئیسرائیل .
سەرچاڤکێن ناڤبری دیار دکەن کو ژ بۆ رەوشا نەباشا عەرەفات ، دختورەک ئامادەکرن و دختور شیا وی هشیار کەتەڤە ، لێ وان ئەو برە دەرڤەی ئاڤاهیێ کۆمبوونێ، پشتی وێ گفتوگۆیا وەسا دژوار و بێهشکەر !
( ر . ر . ف ) ڤان زانیاریان نەوەیی دکە و دبێژە کو عەرەفات درەوش و تەندروستیەکا باش دایە !

## پۆلیسێن ترکان ل ئیسرائیل مەشقێ دکەن

دەزگایێ سیخوری یێ ئیسرائیل ( موساد ) مەشقا شەرێ پارتیزانی ب پۆلیسێن ترکان دکە . ل دویڤ دیارکرنا رۆژناما ( مللیەت ) ا ترکی . لێ سەفیرێ ئیسرائیلی ل ترکی ڤێ چەندێ نەوەیی دکە ، حکومەتا ترکی ژی خوە بێدەنگ دکە.
ل دویڤ رۆژناما ناڤبری ٤٠ زەلامێن ترکا تاکو نها هاتینە هیکرن ( فێرکرن ) بۆ ڤی جۆرێ شەڕی .
ژ هەژی گۆتنێ یە کو ل ڤان سالێن داویێ پەیوەندیێن ترکی و ئیسرائیلی گەلەک موکوم بوونە و ژ وان ژی یێن لەشکەری .

# شاری زەنزیبەری بەردین

نیعمەت شەریف
ڤرجینیا - ئەمریکا

کاک نیعمەت شەریف ئەم بابەتەی لە ئینگلیزی یەوە وەرگێرابووە سەر عەرەبی و بۆ ئێمەی ناردبوو، ئێمەش لە بەر ئەوەی بابەتەکە شتێکی نوێ یە و بۆ جاری یەکەمە نووسینێکی وا لە سەر بازرگانی دەریایی لە بارەی کوردەوە بەرچاومان دەکەوێت، لە بەر ئەوە بە پێویستمان زانی وەرگێرینە سەر زمانی کوردی و بیخەینە بەر دەستی خوێنەرانی خۆشەویست. - **پەیام** -

بەشداری کردنی کورد لە بازرگانی ئۆقیانووسی هیندی و تەنانەت نیشتەجێ بوونیشیان لە هەندێ دوورگەکانی دا، لاپەرەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی کۆنی گەلی کورد، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە کوردنیشتەجێ بووی شوێنێکی شاخاوی یە تا رادەیەک دوورە لە دەریاوە و بروا ناکێ لێیان کە دەسەڵاتی خۆیان بە سەر دەریا و ئۆقیانووسەکانی خواروو دا پەخش کردبێت. بەڵام با بیخەینەوە بیرمان چۆن عەرەب کاتی خۆی بە گیان لە دەریا دەترسان، کە چی وایان لێهات سوودێکی باش لە کەشتیوانی ( الملاحە ) وەرگرن و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر چی میللەتان و شارستانی هەیە ناتوانرێت پیاو بە شێوەیێکی گشتی بیان بەستێتەوە بەو ژینگەیەی کە تایبەتە پێیان، بەڵکو ژیانی ئەو کۆمەڵگایە و جموجۆڵی بازرگانی و ئابووری کارێکی زۆری تێ دەکات.

بایەخ پێدانی کورد بە کەشتیوانی شتێکی چاوەروان نەکراو بوو لە بەر بوونیان لەو ناوچەیەی کە تیایدا دەژیان، واتە لە ناوچەی پارس ( فارس ) لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایین. نیشتەجێ بوونی کوردەکان لە ناوچەی پارس بووە هۆی ئەوەی کە چەند بنەماڵەیەک لە کوردەکان دەسەڵاتی سیاسی پەیدا بکەن لە خوارووی فارس دا . لە دوای ئەوەی کە هەندێ لە کەناری کەنداوی فارسیان بەر چنگ کەوت، کەوتنە بازرگانی دەریایی. لەگەڵ هاتنی فارسی ئەشکانی بۆ ناوچەکە لە سەدەی دووەمی دوای زایین، بنەماڵەیەکی کورد دەستی گرت بە سەر ناوچەی فارس، شبانکارە، کرمان،مازۆن ( سەرووی عومان ) لە گەڵ هەردوو ڕۆخی گەرووی هورمز . ئەم بنەماڵەیە لە خانەوادی ( برزنجی ) وەیان ( بەرزنجی ) بوون کە دایکی ئەردەشێری یەکەم، کە بنیاتنەری ئیمپراتۆری ساسنی یە لەم بنەماڵەیەیە.

ناوی ( Barzanc ) وە یا خۆد بێژین بە شێوە کۆنەکەی بەزرنج ( Badhrang ) بە شێـوەیەکی روون دیارە لە لە نزیکیەکی زۆرەوە لەگەڵ ناوی خێڵی بەرزنجی کە لە خوارووی رۆژهەڵاتی شاری سلێمانی یەوە دەژین، هەروەها ناوی خێڵی بارزانیش هەر لە ( تصریف ) کردنی ناوی کۆنی ئەم بنەماڵەیەوەیە لەگەڵ وونکردنی پیتی ( ج ) لە کۆتایی ووشەکەدا. لە وانەیە کە زۆر کەس سەری سوربمێنێ لە پەیوەندی نێوان ناوی بنەماڵەی (زەنگی) کە لە سەدەکانی ناوەراستدا لە ناوچەی حەڵەب و مۆسڵ دا دەژیان، لەگەڵ ناوی زنجی ( Zavgi )یانی ڕەشەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقیاو هەروەها ناوی کوردەکانی زەنگەنە لەگەڵ ناوی ( زەنزیبەر ) ( زەنگی + بەر = ڕۆخی زەنگی یان زنجی )، بۆ ئەمانەش دەتوانین ئەم وەڵامەی خوارەوە ببینین:

لە دەفتەری ( سجل ) کەشتیوانی لە پرلس( Periplus ) لە سەر دەریای ئەریتێری کە مێژووی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ( ١١٠ ز ) ،چەند نووسراوێک دەبینین لە بارەی جموجۆڵی بازرگانی لە نێوان بەندەرەکانی کوردە بەرزنجیەکان لە سەر کەنداوی فارس و چەند بەندەرێک لە سەر دەریای عومان و رۆژهەڵاتی ئەفریقیا ( Periplus ) .

کتێبی Richard Reush/ history of east Africa Newyork. unga/ 1961.P باسی ئەوە دەکات کە کۆلۆنی وەیا هۆبەی فارسی میللەتانی ئێرانی، ئەوانەی کە لە خوارووی فارس دا ژیاون هەبوون لە ئەفریقیا بە درێژاییکەناری رۆژهەڵاتی لەگەڵ کۆلۆنی دوورگە بازرگانی یەکان لەو ناوچەیەدا پێش پەیدا بوونی ئیسلام.

بوونی دەسەڵاتی بەرزنجیەکان لە رۆژهەڵاتی ئەفریقیا، بووە کارتێکردنێک لە سەر ئەو ناوچەیە کە بە ناوی رۆخی بەرزنجە ( بەرزنجی بەر Barzangibar ) ، دوای ئەوەش کورت بووتەوە بۆ ووشەی ( Zangibar ) و هەروەها زەنزیبەر.

هەر لە بەر ئەمەشە ئەو بەندانەی کە لەو ناوچەیەوە دەیان هێنان بۆ خۆرهەڵاتی ناوەراست پێیان دەگوتن زنجی ( Zangi , Zinji ) یانی ئەوانەی لە زەنزیبەرەوە هاتوون، وە ئەم ناوەش بەم شێوەیە هاتۆتە خوارەوە و هەتا ئەمرۆکە وەکو ناوێی سووک و بێ نرخ لە ناو زمانی ئەو میللەتانەی کە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست بۆ ئەو رەشانەی کە ئەفریقین لە رۆژهەڵاتی ئەفریقیا چەندەها شارۆچکەی ئاوەدان دروست ببوون لە دوورگەکانی زەنجبار، دوای ئەویش لە کێشوەری

ئەفەریقا لەژێر سایەی بەرزنجیەکان ئەوەندەی نەبرد کە چەندەها شاری ئاوەدان وەکو مۆمباسا ، مالیندی براڤا ، مقادیشۆ ، کیسمایۆ ، کە لە هەمووی گرنگتر پایتەختی بەرزنجیەکان بوو بە ناوی ( کیلوا کیسوانی ) (Kilva Kisiwani ) کە دەکەوتە خوارووی شاری ( دار السلام ) ئەورۆکە .

شاری کیلوا و هەروەها شارەکانی تری زەنزیبەر و مەندا کە لە دورگەدا بوون دەکەوتنە رۆژهەلاتی ئەفەریقا ، کە ئەمیش ( کیلوا ) بووە ناوکی ئیمپرارۆریەتی بەرزنجی بەناوی ئیمپراتۆریەتی کیلواوە ناویانگی دەرکردبوو .

ئیمپراتۆریەتی کیلوا لەو کاتەدا لە ( القرن الأفريقي ) هوە تاوەکو مۆزەمبیق و هەروەها کۆلۆنیەکانی دورگەی مەدغەشقەر و کومور و سیلیکس و دورگەکانی زەنجباری دەگرتەوە .

وەکو دەردەکەوێ ئیمپراتۆریەتی کیلوای سەربەخۆ کاتێ دروست بوو کە ئیمپراتۆری ساسانی ئەردەشێری یەکم لە سالی ( ٢٢٤ ز ) کۆتایی بە دەولەتی بەرزنجی هێنا لە خوارووی ئێران دا ، لە سەردەمی پادشای ساسانی شاپووری یەکەم کە لەوای ئەردەشێری یەکەم هاتە سەر تەخت ، ساسانی یەکان دەستیان بەسەر رۆخی خوارووی کەنداوی فارس و مەسقەت لەسەر ئۆقیانووسی هیندی بەو شێوەیە کۆتایی بە تەواوەتی بە دەستەلاتی بەرزنجی یەکان هێنا لە ئاسیادا . لە ناوەراستی سەدەی شەشەم دا ، ساسانی یەکان دەستیان بەسەر ولاتی ئەسیۆپیا دا گرت و بەو شێوەیە پەیوەندی بەرزنجی یەکان لەگەل رۆخی ئەفەریقادا پچراند و بەو شێوەیە ئیدی هیچ پەیوەندییەکیان لەگەل دورگەکانیان و بازرگانییان لەو ناوەدا نەما ، لەبەر ئەوە بەرزنجیەکان هەولیان دا کە بازاری تازە بۆ بازرگاییان بدۆزنەوە ، چونکە ساسانی یەکان بە تەواوەتی دەستەلاتیان بەسەر بەندەر و بازارەکانی ئێران و دورگەی عەرەبی دا هەبوو .

بۆ ئەم مەبەستە بەرزنجی یەکان رووی بازرگاییان کردە ولاتی هیندستان و دورگەی مەلایۆ و خوارووی چین ، کە لە دوای خۆیانەوە چەندەها ناوی جوگرافییان بەجێ هێشتووە کە نیشانەی دەستەلایای کۆنیان نیشان دەدات ، وەکو رۆخی ( مەلەبر ) ( Malabar = Malay + Bar ) کە دەشوبهێتە ئەو ناوانەی کە لە رۆخی زەنجباریان نابوو . ئەمش ئەوە ئاشکرا دەکات کە چۆن پالەوانی کەشتی یەوان ( سەندباد ) ئەو ناوە کوردی یەۆ دەست کەوتووە و چۆن سێیەم گەورەتری دورگەکانی فلیپین ناوی پەهەلەوانە ( پالەوان ) ( Palawan ) کە تا ئێستاش هەر ئەو وشەیە بەکار دەهێنرێ لەناو کوردەواری دا .

ئەم کۆلۆنی یە ئێرانیانە گەشاوە بوو تا سەردەمی هاتنی ئیسلامیش ئیتر لە لایەن خەلکی بنەرەتی ولاتەکەوە پەلامار دران و پایتەختەکەیان کە شاری کیلوا بوو داگیر کراو دەوری دوو هەزار کەس لە خەلکی شارەکە لەماوەی یەک هەفتەدا وەکو خۆراک خوران . شەپۆلێکی تری دەستەلاتی ئێرانی پەلی کێشا بەسەر رۆژهەلاتی ئەفەریقادا کە ئەویش لە سەدەی سیانزەهەمی زایینی یەوە دەستی پێکرد ، ئەم جارە پرۆسێسەکە پەیوەست بوو لە نێوان فارسەکان و کوردە شوانکارەکان کە لە ناوچەی شیراز دەژیان . شوێنەواری خانووبەرە و هەروەها پارە و دراو لەگەل راپۆرتی گەریدە( گەرۆک ) ئەوروپیەکان وەکو جوا دی بارۆس ( Joa De Baros ) نیشانی دەدات کە بەرزنجیەکان بنەمالەیەکی شیرازی بوون و کۆچیان کردووە بۆ رۆژهەلاتی ئەفەریقا و لەوێ ئیمپراتۆریەتی ( زنجی ) یان دامەزراندووە کە دوەروبەری ( ٥٠٠ ) سالی خایاندووە لە ( ٩٨٠ ز تا ١٥١٣ ز ) (لاپەرە ٩١ تا ٢١٥ Rensh هەروەها لاپەرە ١٠٦ تا ١١٢ Mathew ) و ، بنیاتنەری ئەم ئیمپراتۆریەتەش ناوی حسن کوری عەلی بووە کە هەموو رۆخی ئەفەریقا لە ( لامۆ ) هوە لەسەروو تا دەگاتە ( سۆڤالا ) لە خوارووی لەبەر چیگ بووە ( لاپەرە ١٠٧ Rensh ) . هەر لەبەر ئەمەشە کە خەلکی دورگەکانی زەنجبا و ئەوانەی لە رۆخی ( Swahil ) وەکو : لیندی ، مۆمبا ، مالیندی و بەنادیر ( Benadir ) ( لکسمایۆ تا مەقادیشۆ ) کە لە رۆخی رۆژهەلاتی ئەفەریقایە بە خۆیان دەبێژن : ئەفرۆ ـ شیرازی ( Afro - Shirazi ) کە پارتە سەرەکیەکشیان هەر بەم ناوەوەیە لە ولاتی زەنجبار کە پێی دەگوترێ پارتی ئەفرۆ ـ شیرازی .

بناغەی شاری زەنزیبەری بەردین کە ناوەرۆکی ئەم باسەیە لە بەرە بەری کۆتایی ئەم بنەمالە شیرازی یە بنیات نراوە . لەدوای ئەمان عەرەبەکانی ناوچەی عەممان و رۆژهەچاتی ئەفەریقا دەستیان بەسەر ئەم ناوچەیەدا گرت و دوای ئەمانیش ئیمپریالیزمی پورتوگالی و ئەلمانی و ئینگلیزی یەک لەدوای یەک هەتنە ناوچەکە و لەبەنی خۆیاندا ئەو ناوچانەیان بەش کرد لە سەدەی هەڤدەهەمی زانیی دا ، لەگەل ئەوەشدا دەستەلات و رۆلی خەلکی ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست هەر هەبوو لەژێر سایەی رژێمە ئیمپریالیە ئەوروپیەکاندا ، بەلام وردە وردە هەتا دەهات بێ هێزتر و لاواز تر دەبوو تا وای لێهات لە سالی ١٩٦٤ شۆرشێکی دژ بە سپی یەکان لە ناوچەکەدا بەرپا بوو کە شوێنەواری دەستەلاتی نە عەرەبی و نە ئێرانی نەهێشت لە زەنجباردا .

ئەو لێکۆلینەوە ئەرکیۆلۆجیانەی کە کراوە لە ناوچەی ئیمپراتۆریەتی کیلوا وەکو ئەنگۆجا ئوکو (Unguja Ukuu ) ، تەمباتو (Tumbatu ) ، تامبۆی (Tambwe ) ، مکومبو (Mkumbuu ) روناکی یەکی تازە دەخاتە سەر مێژووی ئەو کۆلۆنی و دام و دەزگا ئێرانی یانەی کە لە کیلوا دا هەبووە و پەیوەندی یان لەگەل خوارووی ئێراندا .

ئەم کتێبە یەکێک لەو ( ١٣ ) هەلبژێردراوەیە کە لە ناو پەنجا لێکۆلینەوەدا هەلبژێردراوە و پێشکەش بە کۆنگرەی ولاتان کراوە کە تایبەتە بە مێژوو و شارستانیەتی زەنزیبەر لە کانوونی یەکەمی سالی ١٩٩٢ . ئەم لێکۆلینەوەیە بە زۆری گرنگی داوە بە مێژوو و پارێزگاری کردنی شاری زەنزیبەری کۆن کە کەوتۆتە سەر ئەم دورگە بازرگانی یە . ئەم کتێبە بە تایبەتی ( ترکیز ) دەکاتە سەر سەردەمی ئاخر و ئۆخری ئیسلامی لە سالەکانی ١٨٠٠ زایینی و دەستنیشانی سەردەمی ئێرانی ناکات لەو ناوچەیەدا کە زۆر لەو کۆنترە .

دیارە کە ئەم کتێبە بایەخی داوە بە مێژووی ئەنسرۆپۆلۆژی وەیا بێژین بە ( خلفیە تاریخی ) زەنجبار . ناوەرۆکی کتێبەکە زیاتر بایەخی بە چۆنیەتی شارە بەردینەکەی زەنزیبەری کۆنی داوە و باسی ئەوە دەکات کە چۆن دەتوانرێ بپارێزرێ ئێستاکە لە دەستی تێکدانی خەڵکی و ا فاکتەری سروشتی بۆ سەری . ئەمانە هەمووی لە دوو باسی دوور و درێژی سەرنووسەری ئەم وتارەدا هەیە کە لەبەشی چوارەمی نامیلکەدا هەیە بە ناونیشانی :

المساجد و التجار و ملاکوا الأراضی

Mosques ,merchant . and Landowenes

هەروەها ئامینە عیسی لە بەشی پێنجەمی دا بە ناونیشانی

The Burid of the Elite

لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو وتارە تەواو نەبوون ، لەگەڵ ئەوەشدا وێنەیەک لە خولیای خوێنەر دەخولقێنێ لە بارەی ( خلفیە ) ئەنسرۆپۆلۆجی و ئایینی ئەو خێرەوەمەندانەی کە کاتی خۆی بنیاتی ئەو مۆنۆمێنتە و کێلی قەبر مۆزوویانەیان ناوە .

دەبینین کە دەستی میللەتە ئێرانیەیکان وەکو بەلوجی و ئەفچان ( پاشتۆ ) و فارس و لە چۆنیەتی دروست کردنی ئەو خانوویەرانەدا هەیە کە تا سەدەی نۆزدەهەمە .

دوای ئەوە باسی شارە بەردینەکەدەکات و ئەو بەشە گرنگەی کە چۆن ساختمانێکی توندوتۆڵ بووە . هەروەها چەند شارێکی تری لەبەرد دروست کراو هەیە لە دورگەکانی زەنجبار و سەر رۆخ و بەندەرەکانی رۆژهەڵاتی ئەفەریقا . نەبوونی بەشێکی تایبەت بۆ بەراورد کردن لە نێوان ئەم شارە بەردینە و شارە بەردینەکانی تر کەم و کووڕیەکی ئاشکرا پیشان دەدات کەوا لە خوێنەر بکات ئاگاداری رێک و پێکی و جوانی شاری زەنزیبەری بەردین کە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی کیلوا دا دروست کراوە لەگەڵ شارەکانی تردا نەزانێ .

شارە بەردینەکەی کیلوا دووجار تووشی نەهامەتی بووە کە خەریک بووە لەناو بچێ ، ئەویش جارێکیان لە سەردەمی هاتنی ئیمپریلیزمی ئەڵمانی و ئینگلیزی بۆ ناوڵەکە لە سەدەی نۆزدەهەمدا . دواتریش دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٩٦٤ کە دژی سپی یەکان بەرپا کرا و وای لێهات کە دەستەڵات لە چنگی هێزی ئێرانی و هیندی و عەرەبی دەربهێنرێ لە دورگەکانی زەنجبار . دوای بەجێ هێشتنی جنی خوا پێدا و رۆشنبیر بۆ ناوچەکە ، گۆڕانێکی کۆمەڵگایی گرنگ رووی دا لە ناوچەکەدا ، ئەویش ئەوە بوو کە خەڵکی دێهات و هەندێ لە رەشەکان جێگای ئەوانەی تریان گرتەوە و گۆڕانێکی گەورە رووی دا لە هەڵس و کەوت و نەریت دا ، بە تایبەتی شارە کۆنەکەی زەنزیبەر و مەندا و لامۆ . بەم جۆرە هەرچی خانوویەرە و کۆشکە جوانەکان هەیە ، وردە وردە روخان و تێک دران و وێران کران و کەسیش نەبوو بایەخیان پێ بدات و بیان پارێزێ و بگرە زۆریشی هەر تاڵان کران ئیتر وەکو کەلاومیان لێهات لە ساڵەکانی هەفاکان و سەرەتای هەشتاکان . دوای شۆڕشی ١٩٦٤ یەکسەر حکومەتی تازە گەڕەکی گامبۆ ( Ngambo ) وێران کرد کە بەشێک بوو لە شێوەی ( سواحلی ) دروست کرابوون رووخاندی و لە جێگای دا خانوویەرەی تازەی بەرز ( عمارات ) دروست کرد . بەم شێوەیە شارەکە بەرو نەمان چوو تا ناوەڕاستی ساڵەکانی هەشتاکان و دوای ئەوە پێ دەچوو کە حکومەتی زەنجبار هەستی بە گرنگی شتەکە کرد و دەستی کرد بە پارێزگاری کردنی ئەوەی کە ماوە و زانی کە ئەمە سامانێکی مەعماری بەنرخە بۆ وڵاتەکە ، بۆیە چەند هەنگاوێکی پێویستی نا بۆ پارێزگاری کردنی ئەوی کە ماوە لە شوێنەواری شارە کۆنەکەی زەنزیبەر ، بەڵام ئەم هەوڵدانە بە باشی نەبوو ، بەڵکو هەندێ جار کاول کەریش بوو ، چونکە بۆ ئەوەی شارەکە رێک خەن بۆ گەریدە و گەشتوەران ، هەستان بە دروست کردنی ساختمانی گەورە ( عمارات ) و ئەمەش لە نرخی شارە کۆنەکەی کەم کردەوە کە قیبلەگاهی گەشتوەرەکان بوو .

هەر بۆ ئەمەش ئێریک میفیتش ( Eric Meffets ) پرسیار دەکات کە ئایا ئەم شارە بەردینەیە تا کەی دەتوانێ بژێنێتەوە و خۆی بگرێ بەرامبەر ئەو هەڵ و تەقەلایانەی کە گوایا نیاز پاکان دەیکەن کە کردویانەتە سەرچاوەی رسقی بەرتیل خۆر و موچەخۆرەکان . ئەو دەترسێ کە ( ئاژانسی پارێزگاری و پەرەپێدانی شارە بەردینەکە ) و دەستەڵاتی بەرهەڵست و دژ ، دەستێکی باڵای هەبێ لە داڕزاندنی ئەم شارە بەردینەیە ، وە هەر لەم دۆخەدا بازرگانی بێگانەو خەڵکی خودی وڵاتەکە ، ئەونەی کە خاوەنی ویژدانی مردوون ،هەلیان وەرگرتووە لە لێخواردن لەم مەسەلەیە دا . هەروەها ئارچی والس ( Archie Walls ) لە نامیلکەیەکدا دەلاوێنێتەوە بۆ ئەو هێرشی رووخاندنەی کە هەیە لە ناوا و هەروەها لە نامیلکەیەکدا کە هی فرانسیسکۆ سێرافۆ ( Francisco Seravo ) یە بە ناوی لە ( هەکبەی ئاغا خانەوە بۆ شارستانیەتی ) ، باسی ئەوە دەکات کە چۆن کۆمەڵەی ناوبراو هەڵدەستێ بە هاریکاری کردن بۆ پارێزگاری شارە بەردینەکە و هەروەها لێکۆڵینەوەیەکیان کردووە لە بارەی هەڵسەنگاندنی ماددی و ئیجتیماعی کە ئەو شارە پێی دا تێ دەپەڕێ و گەیشتوونەتە ئەو راستی یەی کە گەورەترین گۆڕان و ترسناکتریان ، ئەوە بووە کە لەم چەند ساڵانەی دوییانەدا رووی داوە بەهۆی پێشکەوتنی ئابووری و سیاحیەوە بووە کە بووەتە هۆی ئەوەی شەپۆلێک لە خانوویەرەی تازە جێگای ئەو خانووە کۆنانە بگرێتەوە .

هەروەها س. یەحیا ( S. Yahya )لە نامیلکەکەی دا باسی شاری زەنزیبەری بەردینی کردووە و لەو بارەیەوە دەبێژێ کە شـارێکی زۆر بە نرخ و بێ هاوتایە ئەگـەر بەراوورد بکرێت لەگەڵ شارە بەردینە کۆنەکانی تری رۆژهەڵاتی ئەفریقیا، چونکە ئەگەر سەرنج بدرێ دەبینرێ کە ئەم شارە زۆر دەوڵەمەندە لە بارەی دیکۆر و نموونە و ناوەرۆکەوە، بەڵام بە داخەوە خوێنەر لەم باسەی س. یەحـیا کـەمێکی تێدەگـات ، چونکە ئەو نەیتوانیوە بەڵگەی تەواو بێنێتەوە بۆ باسەک، هەر ئەو کابرایە درێژە بە باسـەکـەی دەدات و دەبێـژێ کـە گـوایا نازانرێ چارەنووسی ئەم شارە بە چی دەگات و ئەم شارە چی بە سەر دا دێ لە داهاتوودا و ئایا دەبێتە نموونەیەکی پارێزگاریکراو یان نا. بەڵام بە پێی بۆچوونی ئێریک میـفیـچ لە وانەیە ئەم شارە بەردینەیە هیچ داهاتوویەکی نەبێت.

دواجار ئەگـەر خوێنەران دەیانەوێ زیاتر لە بارەی مێـژووی کـورد لە ئۆقـیـانووسی هیندی بزانن، دەتوانن سـوود لەم پەرتووکـەی خـوارەوە وەرگـرن کـە نرخـەکـەشی هـەرزانە و پەرتووکێکی بە نرخیشە لە هەمان کات دا :

ئاناهید ئاکاشیە.... میـهرداد عزەتی ( ئەندامی دەستـەی نووسەران )

مـۆزەخـانەی مـێـژووی سـروشـتی ئەمـریکی لە نیـویۆرک International Jornal of Kurdish Studies سـالی ١٠ ژمارە ١ & ٢ ی ١٩٩٦

The Kurdish Librery. پەرتووکخانەی کوردی نیویۆرک New York.

---

* شەریف عەبدول ، سەرنوسەر، مێژووی پارێزگاری شاری زەنزیبەری بەردین، ئۆهایۆ، ١٩٩٥ . ( ١٣+ ١٥١ لاپەر ) ، نەخشـە ، وێنە ، وێنەی فۆتۆگرافی، سەرچاوە، پێرست، ژمارەی دانان لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی ( ٥- ٧٢١- ٨٥٢٥٥ ) سفر: وێنەی بەرگ ( سفت ).

* مێژوونووسی تەبەری لە پەرتووکەکەیدا باسی دەکات کە کاتی خۆی ڤەردەڤانی پێنجەم ئەردەشێری دوا پاشای فارسەکانی بینی وای پێ گوت: ئەی کورە کوردی گەورەبوو لە ناو رەشمالدا (مێژووی تەبەری، بەرگی دووەم ، لاپەرە ٢٥٦ ) .

هەروەها لە بارەی مێژووی ژیانی ئەردەشێر خۆیەوە لە پێش ئیسلام دا کە خۆی باسی دەکات کە لە میللەتی کوردە و لە خانەوادەی دەسەڵاتداری بەرزنجە Barzang - کارنامک ١.٧ kernemak

*بەر ( Bar ) ووشەیەکی کوردیە بە مانای رۆخ یان کەنار دێت.

* پەرتووکێکی بچکۆڵانەی نووسەرێکی نازانراو پریپلیس ( Periplus ) کە کورتە باسێکی لە بارەی ئەو بەندەرە بازرگانیانەی ئۆقیـانووسی هیندی و رۆژهەڵاتی ئەفریقیا و کەنداوی فارس The periplus of the Erythrea Sea

Trans & ED.G.W.B Huntingferst ( London The Hakluyt Society, 1980 )

هەواڵنامەی کتێب

## سەرەخۆشی

لە رۆژی ١٩٩٧/٧/١٩ خـانم ( عائیشـە رەشید بابیز ) ی دایکی کاک نیازی عەباس ئەندامی کۆمیتەی کارگێری کۆمەڵەکەمان و کاک ئاراس عـەباس لە هەولێری پایتـەخت چووە بەر دلۆڤانی خـودای گـەورە پاش تەمەنێکی ٥٦ ساڵە . ئەوەی شایانی باسە کە چەند رۆژێک پێش کۆچی دوایی ئەو ، هەردوو کورەکانی ( کاک نیازی و کاک ئاراس ) کە لێرەوە چووبوون بە دیداری دایکە دلۆڤانەکەیان شاد ببوون.

هەروەها پاش گەڕانەوەیان لە کوردستان ٣ رۆژ بەهی یان دانا لە لۆکالی کۆمەڵەکەمان لە شاری یۆنشۆپینک.

ئێمـەش بە ناوی پەیام و کۆمـیتـەی کارگـێری کۆمـەڵەکـەمانەوە سـەرەخۆشی لە کاک نیازی و کاک ئاراس دەکەین و هیوای سەبووری و دڵئارامی بۆیان دەخوازین و هیوادارین ئەمە دوایین خـەمیان بێ، و لە خوای گـەورەش هیوا دەکەین کە جێگای خاتوو عائیشـەش بەهەشتی بـــــەرین بـــــێ



# خـــودیکا چاڤـــان



مرۆڤ دکارە دچاڤان دە گەلەک تشتان ببینە و بخوینە، و پر جاران ژ چاڤان مرۆڤ خەلکی ناس دکە، یان ژی رەوشا یەکی دچاڤێن وی دا دخوینە . ژبەر وێ یەکێ ژی چاڤ هاتنە ناڤ کرن ب "پەنجەرا گیانی" .

دڤـێـرێ دە ئەم ژی دێ چەند نموونەیەکـێن چاڤـان دەینە دیارکرن و کـانێ هەر یەک ژ وان فۆرم و جۆرێن چاڤـان مانە (واتە ) یا چ ددن .

دڤێرێ دە هندەک ژ جۆرێن چاڤان ب چاڤێن گیانداران یان تشتێن دن هاتنە پەسندان ( وەسف کرن ) .



## *چاڤێن زوها ( ئەژدەها ):



چاڤێن ئەژدەهایی دمەزنن و فۆرمەکا باهیڤی وەردگرن، خودانێن ڤان چاڤان ، خودان کەسایەتیەکا ب هێزن و چەندی ئاستەنگ و گرفتاری بکەڤنە دریکا وان دا ، ئەو پتر زیرەک و چاڤنەترس تر دبن. هەروەســا ئەو چاڤ نیـشـانێن هندێ نە کـو خـودانێن وان د ژیهاتی و خوین شرین و مەردن و خودان دەمارێن ب هێزن .



## *چاڤێن سێگۆشە:



ئەڤ جۆرێن چاڤان تیشکێن دانوستاندن و تێکەلیێ ددن. فۆرم و جۆرێ ڤان چاڤان گەلەک بکێر سیاسەتێ تێت ، ژبەر کو رەخنە هیچ کار ل وان ناکە. خودانێن ڤان چاڤان دشێن هەر تشتی ژ بەر سینگاخوە راماڵن و بەرەڤ بیروباوەر و ئارمانجێن خوە بچن، بێی کو گوهـ بدنێ کانێ هزر وبیر و دیتنێن خەلکێ دی چنە. مرۆڤ دشێت بێژە کو ئەو ب دروستی ئارمانجا خوە دزانن.



## چاڤێن مەزن ( چاڤ گر )



ئەڤ جۆرێ چاڤان دمەزن و خڕن و ئەو تیشکێن سروشتا ڤەبوون و راستیێ ددن، و مێزەکرنا وان راست و راست بەرەڤ پێشە . لێ هەروەسا ئەڤ چاڤە دیار دکەن کو خودانێن وان خودان کەسایەتیەکا وەسانە کو نەشێن تشتی نەپەنی (سرِ) د دلێ خوە دا هەلگرن .



## *چاڤ هەیڤا نوو



ئەڤ چاڤێن زراڤ و ژێک کێشایی نەراستی و خاپینۆکیا ب شارەزایی دیار دکەن .هەروەسا شێوەیا ڤان چاڤان نیشانا کەسایەتیەکا زڤێر و تەنگاڤە یا کو نەشێت تەنا و بێن فرەهـ بیت و هەردەم "کاڤرێن وی دبەلاڤن" .



## *چاڤێن بازی ( تەیرێ بازی )



چاڤێن بازی دهشیار و ب ئاگەهن و ژێهەل و ژووردا و مێزەکرنەکا چوارگۆشەیی مێزە دکەن. ئەو سروشتەکا نازک و هەستیار دیار دکەن. چاڤێن بازی یێن زراڤ نیشانا دەسەلاتداری و داخوازکاریا مافێ هەبوونەکا مەزنن.



## *چاڤ پلنگ



ئەڤ چاڤێن شێوەیا هێکێ نیشانا سروشتەکێ سەرهشکی و رکەکادەستنیشان کری نە . هەروەسا نیشانا هزرکرنەکا ب هێز بۆ پاشەرۆژێ یە و دیسا نیشاناهندێ یە کو سەرێ وان زالە ب سەر دلی دا وئەڤە ژی دبە ئەگەرا پەیداکرنا کەسایەتیەکا کاریگەر .

چیروک

# میرات

نووسینی :
سەردار جاف

تێنی گەرما لە نیوەڕۆیەکی هاویندا ، خەڵکی زۆر قەڵس دەکرد ، کپی و خامۆشی و بێ دەنگی ، یەکە یەکە ی ماڵەکانی گەرەکی گرتبووەوە ، خیابان و دەر و دیواری هەڵدەقرچاند ، کەس خۆی بۆنەدەگیرا . لە سوچێکی کۆڵانەکە ، سەمیر بەدەر کەوت ، شەکەت و ماندوو ، سەراپا جەستەی شەڵتانی ئارەقە ببوو ، بە ( بێریە ) رەشەکەی ئارەقەی سەر و سیمای سریەوە ، رەنگی کزر و زەرد هەڵگەرا بوو ، بەم سەرەتای مانگی هەشتە و ماندوویەتی رێگای دوورە ، تام و چێژی خۆشی پاش ( ٧٦ ) رۆژ دابڕان لە هاوسەرەکەی پێوە بەدەر نەدەکەوت ، ناکۆکی بوک و خەسوو نزیکەی ساڵێکە پێ بری ماڵە باوانی کردووە ، دوو هەنگاوی دەکردە یەک ، بەپرتاو لەبەر دەرگا هەڵوێستەیەکی کردوو بە ماندوویی پەنجەی لەسەر بووشی زەنگەکە نا ، قەدەرێکی پێ چوو ، دەنگ نەبوو ، ئەمجارەیان بە توندی و بە دوورو درێژی لە زەنگەکەی دایەوە ، نادیە دەرگاکەی کردەوە و دوو هەنگاو چوونە نێو حەوشەکەوە ، پاشان بە توندی یەکتریان لە ئامێز گرت ، ئەو رۆژە حەسەنی برای نادیە هەر لە سپێدەوە بۆ ماڵی باوکی گەرابووەوە .

– شادیت هێنا و بەخێر بێیتەوە ، ئەی خەمرەوێنی شەوانی تەنیاییم .

– ئۆخەی ، لە ئامێزی نادیەی ئافرەتا ، وا جارێکی دی چاوەکانم هەڵدێنمەوە .

– زۆر بە گومان بووم ، هەمیشە لە خەیاڵتدا بووم ، شەوانی بێئۆقرەییم دەکەوتمە گومانەوە ، نامەکانت نەبان ، دەمگووت بشێ جارێکی تر خۆم لە باڵات هەڵبسووم .

– منیش هەروا بیرم دەکردەوە ، یەکەکەمان ( وەحدەکەمان )کەلێک زەحمەت و ماندوو بونی کێشا پێم وانەبوو بگەرێمەوە . نادیە چاوەکانی هەڵگلۆفت .

–بروانکەم ،،، ئەبێ ئەمە خەو بێ یان ئاگایی .

– ئازیزەکەم ئەمە خەون نیە و هەردووکمان بە ئاگاین . تەپ ... دەرگاکەیان بەدوای خۆیانەوە داخست ، بەرو هۆڵەکە وەرێ کەوتن . دانیشت ماندیبوونی حەسایەوە ، تەمەنی برسیەتی پێچایەوە ، چوونە ژووری نووستنەوە ، سەمیر لەسەر جێگاکە راکشا و نادیەش بۆ بەر ئاوێنەکە رۆیشت ، جلکە شەوەییە پەمەییە تەنکەکەی لەبەر کرد قڵێشی مەمکەکانی لە یەخەکەوە دەرهێنا ، پرچە خاوەکەی شانە کرد ، دەستێکی بەخۆدا هێنا ، سەمیر دیقەتی دەدا پێشی لەو ساتە وەختە دەخواردەوە لە تەنیشتی رادەکشێ ، مۆر بوەوە ، نادیە ئاوری دایەوەو بەرەو جێگاکە هەنگاوی نا ، بەدیار سەمیرەوە رەق رەق وەستا ، ئەویش پەلاماری داو لە ئامێزی گرت و لەپاڵ خۆیەوە رایکشاند ، دەستی لەنێو کەفەل و سمت و نێو مەمکانی گیر کرد ، جارجارەش تاڵە قژەکانی بژار دەکرد ، مشەمشی هەناسە و کەف و کوڵی دابراندن جۆشی سەندبوو ، توندتوند پێکەوە نووسان ، لە دونیایێکی بێ ئاگایی مەحف بوونەوە ، شەهوەتی پیاوەتی و مێیایەتی دامرکا ، هەریەک بە لایەکدا کەوتن ، پەنجەی بەسەر رێکۆردەکە وە نا ، بەدەنگێکی زۆر کز و نەرم ، سەرەتای گۆرانی ( ماخطرتش علی بالک ، یوم تسال عنی ) ( ئوم کەلسوم ) بوو ، هێمن هێمن لە خەونێکی وەنەوشەیی گیرسایەوە .

بۆ چەند ساتێک ئارامی و هێمنی ژوورەکەی داگرت ، شنەبای ئێرکۆندێشن قژە خورمایەکەی سەر روومەتی سەمیری دەجولاند جارێکی دی هەوەس و حەزەکانی ختوکە دەدایەوە . لەپر گرمەی تەقینەوە دەستی پێکرد ، لەخەو راپەری و بەرەو سەر خانووەکە هەڵکشا ، فرۆکەکان هێشتا بە ئاسمانی شارەکەوە بوون ، دووکەڵێک لە باشووری رۆژئاوای شارەوە هەڵسا و ئاسمانی تەنی ، گەرایەوە ناو هۆڵەکە ، کارەبا برابوو

– پێم وابێ وێستگەی تەزوی کارەباکەی تەقاندەوە .

حەوت شەو رۆژانی مۆڵەتی لەنێو ئامێزی نادیە و سەردانی ماڵە خەزوران و هاورێ و ناسیاواندا بەسەر برد ، نزایەکی رەشی بەگەرودا کرا بوو ، دایک و باوک و خوشک و براکانی وەبەر قێزە وونی کەوتبون ، رێزە فرمێچکی قەتیسماوی چاوەکانی دایکە پیرەژنەکەی لە سەحەری ئەرخەوانی و پەمەیی و وەنەوشەیەکاندا بەئاگای نەدەهێنایەوە ، هەموو خۆشۆردن و پاک بوونەوەی بەیانیان و ئێوارانی پاش ژار رشتنی کەف و کوڵ تەلە درکاوی بەر دەرگای ماڵە باوانی بوو . دایکە کلۆڵ و چاو لە رێگاکەشی ، لەجاران زێتر چاوەکانی بۆ کۆتایی پێ بری سەمیر دەروانی ، بێ هودە بوو حەوت رۆژان لە دوعادا بوو تا بۆ دواجار تێر تێر بۆنی سینگ و قژ و جەستە و پێڵاوەکانی کورێک بکا نۆ مانگ و نۆ رۆژان ئازاری پێوە چەشتووە ، تا بۆ دوا جار شەوانی زستانی بەبیرا بێتەوە کە دایدەپۆشی ، بەڵام .....

\# # #

گوڵە ئەرخەوانیەکان هەڵوەرین و ئیدی ناروێنەوە ، خەونە پەمەیەکان تۆران و ئیدی نایەنەوە ، کەف و کوڵ و خەزە هەوەسیەکان تڵۆق ناکەن و ئیدی مەحف نابنەوە ، چیدی چاوەکان بۆ چاوەروانی ناروانن و بولبولیش سۆماکانی دەتەنێتەوە ، ئیدی قەدو باڵاکان بۆ یەکدی هەڵناژەنن ، بزە و خەندەش بەمێوانی بەر دەرگا ناگرێتەوە ، ئەورەسەکان نایەنەوە

ئەوە لاشەی تەرمێکە و لە سوندووقێکی داخراودا ، لێرە سەربازێکی وونە و گەمە دەکا ، کۆتەڵ لەبەر ماڵی سەمیر دەگەرێ ، ئاخۆ کێ بێ ؟ نادیە نینۆکەکانی لە کوڵمە سوور و سپیەکەی بۆ گیر دەکا گۆنای لە سووراوی خوێنا نقوم دەکا ، قژە خورمایەکەشی لە چڵپاوی رەشا .
دایکە کزۆڵ و مـات و گـەشکە گرتووەکـەی ، سـوێ ی دەبیتەوە و جارێک بێ ئاگا و جارێ بە ئاگا لەبەر خۆیەوە

- ئەزانی ئیدی قەد و باڵات جارێکی تر لەباوەش ناگرمەوە ، رۆڵە تۆراوەکەم ناحەزمان خێرنەدیدە بێ .
هەردوو باوان کۆستیان کەوتبوو ، شین و واوەیلا نەما نەیگێرن ، هێدی هێدی رۆژانی پرسە بەسـەر دەچوو و هێور دەبوونەوە ، هامۆشۆی هەردوولا روو لە کەمبوونەوە بوو ، تا دەهات بەرەو پچـــران دەچووەوە .

# # #

پول و پارە و کـۆشک و زێر ، ئۆتۆمۆبیلی دوا مۆدێل ، نادیەی بەرەو خەیاڵ و ئەندێشەی بێ سەرو بەر برد ، ماڵە باوانی سـەمیری هاوسـەری لە ئاقاری نەبووونیدا بوون ، هەموو هەرەشەیەکی عەباسی شووبرای لا بڵقی سەر ئاو بوو ، خـەسـووی باقی تەمـەنی بە زیندووان بەخشی ، حەسـەنی برای هەموو رۆژێک بە کرۆنای جرت و فرت و فرکـان فرکانی بوو ، ئەوانیش خەقـەی چاویان دەهات ، تانە وتوانجی خەڵکی زێتر عەباسی دەمار گیر دەکرد ، لە نێو تەنگەژەی هەڵچووندا حـەسـەن دەدرێتە بەر گولەی دەمــــــــانچــــــــە و لــە لایــەن

عەباسەوە دەکوژرێ ، ئای لە زیندان و قەبر ، مێوانخانەی تاوانباران و دوامـەنزەلی بەشـەریەت ، کراسـە رەشـەکان بە باڵای ئەو شۆخـە دەدوورنەوەو خـەیاڵی مێردکردنی دەرەوێتەوە ، ئاهو کەسـەر باری و کۆتەڵ بەر دەرگای ماڵ دەگرێتە . لەولاشـەوە لاپەرەکانی لێکۆلینەوە رەش دەکـرێنەوە و بۆ رۆژی دادگـایی ئامــادە دەکـرێن .

دەرگای یەکلایی کردن دەکرێتەوە ، پەیتا پەیتا شـەیدایانی کێشـەکە روو لە دادگا دەکەن ، باوکی حـەسـەنی جوانەمـەرگ لەنێو خەڵکەکە و لە نزیک قەفەسی تاوانبارەوە دوو فیشـەک ئاراستەی عەباس دەکا و بریندار دەبێت ، دادگا تێک دەچێ و کـێشــەکـە ئاڵۆزتر دەبێت

# # #

دوو ساڵ و چەند مانگ بەسـەر شـەهید بوونی تێ دەپەرێ ، رۆژێک لە رۆژانی بەهار بەر لە نیوەرۆ ، نادیە خـەمبارە و لەسـەر کورسیـەکە دانیـشـتـووە ، سـەری لە نێـو لەپی هەردوو دەسـتی ناوە ، لە رۆژی دادگایی کردنی باوکی و شوبرای دەفکری ، زەنگی دەرگاکە لێ درا ، بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە بەر دەرگا ، پۆسـتـەچیـەکی بینی کۆمـەڵێ نامــەی پێ یە ، یەکـێکیــانی دەداتە دەست و دەڵێ :-
خاتوو نادیە ، خاچی سووری نێو دەوڵەتی ئەم نامەیەی سـەمیری پێ گـەیاندووین ، کـە ئێـسـتـاکـە لە ئێران دیلە و لە ژیاندایە .

کــەرکــوک

## محمد مهدی الجواهری خاتر ژجیهانێ خواست



هەلبەستڤانێ عیراقی یێ مەزن محمد مهدی الجواهری پشتی ژیێ خوە یێ ٩٠ سالی ل رۆژا ١٩٩٧/٧/٢٧ ل دەربەدەرییێ کۆچا دوماهیێ کر . ناڤبری ب مرۆڤپەروەری و هەلویست چاکی و مافپەروەری دهاتە ناسین و ژبەر وێ یەکێ ژی هەموو ژیانا خوە دزیندانێن عیراقێ و پەنابەری و دوور وەلاتیێ دا بووراند و قەت سەرێ خوە بۆ دەسەلاتدارێن زۆردەست نەچەماند . ئەو هەڤال و پشتەڤانەکێ موکوم بوو ژ بۆ گەلێ کورد و دۆزا وی یا پیرۆز، و باشترین نیشانا ڤێ چەندێ ژی ئەو کولاڤ بوو یێ کو هەتا چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ ژی وی ئەو ژ سەرێ خوە نەکر کو ب کوردی و عەرەبی ل سەر نڤیسی بوو ( **کوردستان یان نەمان** ) ئەڤە ژی ئێک بوو ژ ئاوایێن پشتەڤانیا وی بۆ کورد و کوردستانێ رکاتیا رژێما مرۆڤکوژا عیراقێ . هەروەسا ئەو دهەلبەستا خوە یا بناڤێ ( الی کوردستان ) دا هەستا خوە یا براتی و پاک ژبۆ گەلێ کورد و خەباتا وی دیار دکە و ژ هەموو دلێ خوە پشتەڤانیا خوە ژ بۆ کوردستانێ و قارەمانێن وێ دیار دکە . ئەڤە ژی چەند رێزەکن ژوێ هەلبەستا وی :

| | |
|---|---|
| قلبی لکوردستان والفم | ولقد یجود باصغریه المعدم |
| سلم علی الجبل الاشم وعنده | من ابجدیات الضحایا معجم |
| شعب دعائمه الجماجم والدم | تتحطم الدنیا ولایتحطم |
| وبالمصطفی عنوان نهضه امه | یوم التخاصم باسمه یقسم |

ئەم بناڤێ پەیامێ سەرەخۆشیێ ل بنەما جەواهری و هەموو گەلێ عیراقێ دکەین ، و رووماتەکا مەزن ددن هەلویستا وی مرۆڤاتی . ب چوونا جەواهری کوردان هەڤالەکێ خوە یێ مەزن ووندا کر .

# خل و خافەکا هەڤگرتی

دبن خرخالێن شەمەندەفرێن دەمی دا
ڤیرە ڤیرا خاترخواستنا داویێ
وەرێ بازێرێ ئومێدا نکەلیشم .
بەرهنگاریا نوودما تە ،
پارچەیەکە ژ تە .
ئەلفابێ یا تە یا سەربری
سەدەم ،
بحەسرەت و پیڤۆکێن سار
ژ مەرا دبنە پەسار
دبەر پەنجەرا فەرگۆنەکا بلەز،
د دەم ووندا دا چاڤەرێ
زارۆ ب دەزبلینکێن شیرە ڕەشی
لبەر بەرسڤکێ ،
هەوایەکێ فێنکێ ژەهرکوژ لەقبدەم
بنیاتێ جوانیا فەلسەفا داهێنانێ ،
ژدیمێ تە دەستپێکە

تیرۆژ لسەنتەرێ بەژنا تە ،
ژ هەڤ نە هەمبێزە
داکەتن شێوازێ کراسێ تۆزکەمری یە .
ریڤینگەکێ رەشچراخ
کی لێ تەماشەڤانە .. ؟
ل رۆژژمێرەکا ئاڤز
و چاڤ ،
تشتێن بێک نەدهێن
د دەنەبەرێک
هۆ خەلکێ زنارێ
بەرنامێ بێ ڕەنگ
بەرەڤ کام ئاراستەی پەخشدەرە
ئەڤ نڤیسکارە .
گۆتارێن نویخاز
بسەرمەڤەکا ژەنگی ،
هلدەتە بای .



هانوفەر - ئەلمانیا

---

# هو کاروانو ...

هو کاروانو ...
کاروانێ ریکا درێژ و بژڤان
خەمهەلگرێ بارێ گران
تە لبیرە شەرێ کێچێ
یێ مە ناڤ کری پارتیزان
تە لبیرە دەڤەرا ئازادی
لدەما فاشیا توخیب دانای و
ناڤ کری ب خیچا سۆر و نەمان
ژبیر نابن حەلەبچە و بادینان
بارانا مرنێ ....
مشەخت بوونا ب تەڤایی
وەکو کوترا ڕەڤە ڕەڤە
بەرو ئیران و تورکان
بێ لبیرا من نانێ ژەهرکری
کەویچ و چویڤێت تورکان
سڕ و سەرما .. برس تێهنا ....
بازێرێ کنجر و پاتا
لهەمی دەما .. گشت دەراڤا ..
ڕکبەر بووین وەکی شێرا
لبیرا وەیە زێرین سەرهلدان ،
ئەم رزگار بووین ژبن دەستان .
ژ بەعسیان ...
وا هەڤالو ..
ئاڤاکرن دادکەهـ
دادگەهـ ئەڤان کوردان

مە هەلبژارتن پەرلەمان
وەزیر .. وەزیر ، هاتن دانان ..
بووینە خوەدی سەرۆک وەزیر و پەرلەمان
سەروەر و سەرکێشیت گەلی
وەلات وەلات گەڕان
لسەر پرس و دۆزا کوردان
بلند بوو ناڤێ کوردستان
دلێت مە بێ ڕێ و هەژاران
ئومێد لێ زان ..
مە هزرکر ..
ها .. ها .. ڤان نێزیکا ..
خەونا هزار سالی دێ بیت خویا
ما لسەر رۆژا ..
دێ لناڤ کۆما ملەتا بینە ئەندام
لێ برا ژ نشکەکێڤە ..
رویبارێ مە کەتە پێل و شلقا
زڤرۆک بادان
ئاڤار و گوند مال دگەل خوە ڕاکرن و
وەرپێچان ..
ئاڤا ڕەش ڕابوو
گورگ ئەجنە ل شوینوارا مان
هێرش کرنە ئێک
تەتەر و موغول دلۆڤان بوون لبەر وان
کوردستان سوت .. کرە وێران

شێست و شەش بەس نەبوو ..
نۆت و شەش ژی .. ژ ملەتی را ...
کرە بریک و تازە خەملاند ..
دێمێ سپیێ وەکو بەفرێ .. کرە تەنی
کویرنجێ کەڤلێ کوردا ..
جارەکا دی بوو ئەزبەنی !!
هەڤالێن ئەڤی ملەتی
هوش و سەوداسەر بوون
پێشمەرگەیێ قەهرەمان
بێ رێک و بێ مەفەر بوون .
گشت دلسۆز دەربەدەر بوون
ئەرێ گەلۆ .. ئەڤە چی یە ؟!!
ئەڤێ جارێ ژی دویماهیک هاتن
بڤی ڕەنگی یە
هەول دان .. لدبلن و هێلسنکی
ل لەندەن و کوشکا سپی
ل بۆن و پاریسا فرەنسی
لێ جووتە برا .. دل کەڤرا
ژبلی کوشک و تەلارێت ..
فارسا و تورکی
پێکهاتن و ئاشتی ..
هێلا لسەر دەستێ
تێهنیێت خوینا کوردی

زبێر رەمائی
فەرەنسا

# دوا فلچەی نیگار کێشێکی بێهۆش بە نیگار

راوێژ هێدرانی
هەولێر- کوردستان



ئەوا تووری روحم
دەبێ بە قەسیدەی عومر !
نەشئەی موناجات
لە داڵدەی ئەو
بۆ ناو بازاری شەهوەت ... !
تەریقەتم وەر گرت ...
لە تەکیەی ئەو
لە تەنافی رەق
لە عاتیفەی رۆمانسیەت ...!
لەمن ..... تۆ
تۆ لە من .. !
ئیما بۆ حیکمەت
لە تێکەڵ بوونی روح !
گیرۆدەییم لە قەدەر
دوعام خەسار نەبێ
خولقان لەمن بۆت ..
تکا لە ئاوێتە بوون ...
تەنیا بۆ راموسانی روح
سری ئەم عەشقەم ... موقەدەسی چرا
من و ئەو عەشقەی تێیناگەم
بۆ کوێم ئەبات !
بۆ ئەو گومانە بێ بەرەی هەر نازانی
بۆ کوێت ئەبات !
من و سەری وونی ئەو خەیاڵە بێ سنورەی
بەدوامەوە نیشتیمانی خەمی لێ یە !
تۆ ئەو جەستە شەکەتەی
تا ئێستا تاریف نەکراوە و
سری موقەدەسی جوانی و
لەتافەتی بوونی پێ یە ..!
تۆ فەنای لە تاریکی غەفلەت
تاڵە ناو گومانی رەش مەلە بکەیت و
شیعری منیش بسوتێنی !
رۆژێ دادێ
فاجیرێک تۆ نیشاری خۆی بکا
(من) غەفلەتی تۆ دەمکوژێ
لە ناو ئیمای موناجات ..
پێ یە پەتیەکان
ئەسەف دەخۆم بۆ چاوی تۆ !
من غەفڵەتی گوڵ دەمکوژێ
لە ئاست درکی قەدەکانی و
ئەفسوس دەڵێم !

ووشە نیە شەهید بێ
لە پێناو تۆ ... !
شیعرێک نیە بسوتێ بۆت !
من چیم ماوە ...
لە ناو ئەو هەموو تەنافە
بۆ دڵ تەنگیم
کامیان هاورێ بژێر کەم ؟!
لەناو ئەو هەموو پەراوەی حوزنەکانم
من نازانم کامە حوزن
سەرەو ژێرکەم ..!
عەشق بۆتە قەقنەسێک و
مەحوی دڵێکی بێ نەوایە !
چی بکەم .. !! چی بکەم ... چی ... !
کە دڵ هێندە فەنابووبێ ...
لەناو تەمی ئەم زەمانە
بەسەر نیگادا لێڵ دەبێ و..
تەواتوور دەبێ ئەم گیانە
ئەوەی هات و ئەوی رابرد..
سەفەرچی بوو لە کاروانا
قەدەر ویستی وەها بژیم ..
لە تاڵاوی ئەم ژیانە
کەمەر بەندی حەوابێ بۆم ..
یان تەنافی و پەتی جورئەت
ئاڵەم ... کوێرم .. خوێناوە دڵ ..
هەرچی دەیڵێم بەو زوبانە
دەمسا حیکمەت لە کوێ بێنم ..
لەناو تاری تەمەنابێ
قەدەر وابێ هەروا دەژیم ..
لەتۆ فانی ئەم گریانە !..
فرمێسک دوان بوو !
لەگریان ... چاوان چاو !
فرمێچک ژیان بوو !
لە تەموەژی پراویر .. !
وەک ئەزیەتی پەپولە خۆشم دەوێ ی !
وەک بارانی روح بۆ جەستە !
منت رۆ ...
ئەی زوبان !
ئیحام تەنگە بۆ تەعبیر !
منت رۆ ...
ئەی خەم !
گوزارشت پەرتە بۆ تەبیر !

منت ڕۆ...
ئەی شیعر !
فرمێسکم خەجالەت !
عیشقم خەجالەت !
تەعریفم خەجالەت لە ئاستت !
خەجالەت خۆم ....!
ئەشکم بۆ ناونوسرێتەوە !
نووسین بەقریای من نابێ !
لە ئاستت .. بێ دەنگی باشە بدوێ !
لە ئاستت ... فرمێسک با گۆ بکا ...!
ئەمشەو هەر لەیەکەم یەکتر ناسین
کێڵگەکانی جەستەی حەواو
بارانەکانی ناو قەدی ئادەم
بەمن دەدوێن ...!
بە ( من) پێناسەی لەنگەریوونی وجوود دەکەن !
تۆ سەیرکە !
ئەم(نیگارە) سەرگەشتەی ئەزەل
چ گۆیەندێک دەنێتەوەو
چ شۆرشێک بەرپا دەکات !
تۆ بڕوانە !
ئەم زویانە کێلەی شیعر
کامە کاولە...
لە مزگەوتی خوا وێران دەکات
بێ بانگدان ... !
بێ دوعا...!
بێ موناجات !
هەموو عەشقە
ئەم گۆبەندە دەنێتەوە !
بێ ووتن ...
بێ وورتە ..
بێ دوان ...
بێ تەعبیر ...
هەمووی عەشقە ...
تا عەشق خۆشی
بێ نووسین دەنووسێتەوە !
سەرەنجام !
(من) لەو تەعریفانەش دەگەڕێم !
کە زویان شکیان پێ نابات !
سەرەنجام !
(من) بۆ ووشانەش دەگەڕێم !
کە ووتن دڕکیان پێ ناکات !
تا تۆ هەبی ...
من لە فرمێسک نادوێمەوە !
تاتۆهەبی ..
هەرگیز هەولێ کولانەوەی
زام بە زام نادەمەوە ...!
مۆمم .. ئەشکم ئاگرەو
تاتۆ هەبی ..
دەسوتێم و ناتوێمەوە !

ئەمشەو(من)
بێ منم ... غوربەتێکم بێ نیشتیمان
فرمێسک خەجاڵەتە ...
دێتەگۆ ... ماڵی عیشق کاول دەکا ...!
ئەمشەو (من)
دەست بەداری دابڕانێکم
ئەشک تەعریف دەکا ...!
دوعام بۆچی بوو ...
قەڵەم پێناسەی چی دەکا ...!
دڵی من بێ نەوایە ... ئەی سەرابی جوانی خەون !
من دەمەوێ لە شەقام و شۆستەی خەمێکی نوێ و
لەناو باوەشی (نیگار)ی ئەزەل
ئۆقرە بگرم !
بزانم دوایم بەکوێ و
سەدای ئاهم بەکێ دەگات !
من عیبرەتی ئەم زەمەنە چڵێسەیەم و
بەدوای گیرۆدەییا وێڵم
من ژیلەمۆم ..
ژوان ڕۆشن دەکەمەوە !
من ئاورینگم ..
چرا لەبۆ لێڵ هەڵدەکەم !
من بورکانم کڕنابمەوە !
من ئازارم ناحەسێمەوە ...!
بێ هەقیقەت و نیشاری دان
بۆ چاوە نێرگزیەکانی هەق ..!
ئەو هەگبەی بەکۆڵیەوەیە
هەگبەی ئینسانێکی بە عەشق سوتاو
بە خاک ئاوارەیە ..!
ئەی (نیگار)ی وجوود ...!
دەبێ ئاهی کام خواوەند
منی سوتاندبێ ؟
ئاخۆ کام خواوەند
منی کردۆتە سەفەرچی
بۆناو ئەم دۆزەخە !؟
خۆشم نازانم !
لەکام سوچی مەرگدا رام دەپێچێ ..!؟
من خولیای شەقامەکانی غەریبیم !
من ئاوێتەی پەندو عیبرەتی ماهیەتی عیشقم !
من ڕاموسراوی ڕێگاکانی گومانم !
من ناونیشانم سوتانە ..
بۆیە هەر خۆڵەمێشم و
ئاگری عیشقم
سەرلەنوێ هەڵقرچانە !
جلیوە بوو ...
من بۆهەم و
بۆ تەواتورە روحی رافزیم !
جلیوە بوو ...
شیعر فریای من ناکەوێ و

قیاسی جەمالیەت و
جەوهەری تۆی پێ ناکرێ !
شیعر مەحکومی قەتل ناکا
تۆ لە قەتلما بێ بەری
تۆ ئەم قەسیدە عومرە دێژەی
ووشەو تەعبیر
دەستەڵات و تەعریف
بە رامانی عیشقی من ڕاناگا ...!
من لەناو ژانی مەینەتی و
گوناهەکانی خواو
چاکەکانی ئەهلیمەت
پرسیاری خەونە ئاوێتەکان و
فەزا تێکشکاوەکەی ژێر نینۆکە پیسەکان دەکەم
بە گەشتێکی چیایی لەگەڵ ئەهلیمەندا
سەفەرێکی وەنەوشەیی بۆ یەقین
بە گۆرانیەکانی چاکەکان دەڵێمەوە
تا ئەبەد بە قەدەر هەڵناخەلەتێمەوە
لە کەنارەکانی حەقیقەتیش
دەبم بە نەورەسێکی سەرگەشتە
لە دەریای دەمی تۆ تا ئاویلکە
ئەوسا بە شادە مەرگیش بم
گیرۆدەی نزاکانی فریشتە سۆزانیەکانی خواش نابم !!!
روحی من فەقیرێکە و لە دەرگای بوون وەستاوەو
عەودالی سۆراغ و پرسیارێکە
زەنگی خۆخواردنەوە
بە کلێسەکانی جەستە ئاشنادەکا
میهرەجانی هەستیش بەردەوامەو چاوەروانی جورئت ئەکا
بۆیەک لەحزەش ... !؟
( دەسا کچێ جورئەت لەکوێ بێنم )
من نازانم سەرم سورماوە !
چیبکەم کە جورئەت نەبێ پێتی بڵێم
بە شیعرێ بە قەسیدەیێ
پێتی بڵێم
ئێستاش دڵم سوالکەری هەواڵێکە و
چاوم نغرۆی ئەگەر کراوە
جورئەت لەکوێ بێنم ... لەکوێ .. لەکوێ
لەکوێ بێنم !!؟
لەبازاری شەهوەت
یا لەباتەی حەز...
یا لەقەڵەمی ئەوین
لەتێک ئاڵان
یالە دابران
پێم بڵێ لەکوێ و
بۆکوێ سەفەری درێژ بکەم....!..؟
ئەمشەو من ..
لە داڵدەی تۆفانە خەیاڵا
بەئەمەلی گەرانەوەتم !
ئەمشەو من ..
( تەنیام تەنیام
وەکو خودا تاک و تەنیام )
ئەمشەو من...
شیفستە حاڵم بەتەزویجی تۆ
چ لازمە ... چ موجیب
تەفریقەی من و تۆ ...!
تۆ سەیرکە ... ئەمشەو من
موناجاتی چرایەکم
سری ئەم عەشقەم بەیان کا !
جانانە ... زیکری تۆیە ئەم دوێنێ
گەرنا من دەروێشێکی دەبەنگم !
لەسری عیشق دەپرسم
عیشق کەی زانراوە چ سرێکە
ئەوەی زانرا لە عیشق
بەتاڵە بۆ ووتن !
من شاعیرێکی بێ داڵدەم
پەنام کوێ یە ... هانام کێ یە
هەر تۆ شک ئەبەم
معاناتی حوزنی گوڵ
لە حزوری چاوت بدرکێنم
یادی تۆ لەخەڵوەت
حاڵم پێ دەکات
هەر وەسفی تۆ بوو
لە گردەنشینم فریام دەکەوت !
ژانی من ... برینی من
لە ئاوی تیغی زامی تۆ بوو !
جلیوە بوو ...
ئاتەشی روحم
لە میحرابی موقەدەسی
ئەشکی بەرائەتی تۆ بوو
ئەی ئازیزترین ئازار
بگەرێوە ( خۆلەمێشی ئەم لاشەیەم کۆیکەوە )
من قەقنەسم نوێ دەبمەوە
من برکانم دەتەقمەوە
بگەرێوە ... تابوون بوون بێ
یا بوون بوون بێ
باگەردوون ئاوەژووی نێو دڵی من نەبێ
باسەرابستانی شیعر ئیمای مردنم بۆ نەنێرێ
بگەرێوە ... بگەرێوە .... بگەرێوە ...
تا بوون بوون بێ
ئەو ژوانە دەکەمە لانک بۆ بوونم !
تا بوون بوون بێ
هەر دێم و لە ناو ژیانی مەینەتی و
ئازاری ئێستام خۆم گڕ ئەدەم
بۆ سەفەرەکانی پاش حاڵی بوونی تێرامان !

بگەرێوە ...
با نەبم بە خەزان بۆ گوڵەکان !
بگەرێوە .. بگەرێوە ... بگەرێوە .... ب . گ . ە . ر . ێوە
بەخێر بێیتەوە ...

هەواڵنامەی کتێب



ئەی تەعریفی جوانی جوان !
بەخێربێیتەوە ...
ئەی شەرابی مەنفاو
ئەی ڕەشتالەی ئازار !
بەخێربێیتەوە ..
ئەی موقەدەسی ووشەو
ئەی ئاوەری جگەر سوختە !
بەخێربێیتەوە
ئەی تەریقەتی گریان و شەونخونی !
بەخێربێیتەوە ..
ئەی گۆرانیە خەماویەکە
کە ئێواران بەدەم ڕێتوە
بەنامورادی دەیڵێمەوە ...!
بەخێربێیتەوە ..
ئەی (نیگاری وجود ) و ئەی فرمێسکی بێ تەعبیر
بەخێربێیتەوە ..
ئەی دوا فرچەی نیگار کێشێک
بە قەدەر گەڕایتەوە و ...
لە تەخمین بۆ ژوانێ هاتی
کەونەلانت ستایش کرد
کە گەڕایتەوە
لە چاوانتا شۆڕشێکی مەکر و ناز
نواندنی شۆڕشگێڕێکی ژاندارکێکی بۆشم بەدی کرد !
کە گەڕایتەوە
فڵچەی شیعرم ئاوێزانی
ئەو وێنانە دەبوو
کە قوتابیانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی ڕەنگیان ئەکەن
کە ڕۆیشتی
من لە مەملەکەتی خۆم نامۆ کرام
کە گەڕایتەوەش
مەملەکەتی شعر نامۆ ... !!
ئێ خۆ وا بڕیار بوو ...
( ناستینکا )ی شعرە تۆفانی وەرزی حوزن
بۆ کاول بوونی ماڵی قەدەر
شعر یەکمانی گرێداو
دڵنیام شعریش لێکمان دەکاتەوە ...!
ئەم ناسیبووی ...
ئەی (ناستینکا )ی شیعرە تۆفانی وەرزی حوزن
ئەی ئەرخەوانی خەم و ئازار
ئەی لێزەری ئایەتەکانی تێرامان
ئەی سەبەبکاری گوناهە تارمایەکان
خۆ وا بڕیار بوو ...لە ئاگردانی شیعرێکم
چەند لۆچی هەڵگرێت
لە شەوانی یالدا خۆتی پێ گەرم کەیتەوە ...!
خۆ وا بڕیار بوو ...
لە کەنارتا گەشتێک بم
شەپۆڵی شیعری نهێنی
هێدی .. هێدی
ئەورەسی ڕووحی تینووی من
بۆ خەمی کۆکم بخوێنێ ...!
خۆ وا بڕیار بوو ..
ئەگەر بڕۆی ... یان بمێنی
یانیش بە سوکە نیگایەک
ئاورم لێ بدەیتەوە !
لە کاروانی خەمی هەڵگرتوی خۆم دەگەرام
وەکو عیبرەت بەدیواری
ماڵی قاروندا هەڵدەگەرام
ئەمشەو خەوم بەخۆم و
خەوێکی بڵندەوە بینی
لەو خەوانا ... منی خەڵوەگێری
ناو زیکری حەیوحاڵی
سینگی ڕاست و چەپی سووتاوی خۆم بووم لە
مینبەری تۆ منت
بۆ ئەم کارانە دەخوێندەوە
منیش شیعری باڵابەرزم
بۆ باڵای تۆ دەهۆنیەوە
هەر ئەم ناسی
زۆر کچم دی ئەوی دەمێ
باڵا زراف
ئەشمیلانە
ووتم ئەوە هەبێ و نەبێ
ژاندارێکی شۆڕشی نازە
جەمیلەو شەنگە
باڵای ناستینکای شەوە سپیەکانە
( ئەوەی عەشق نەی ووت
ئەمر بوو .. ئەمر بوو
بێ ووتن
بە نەخۆشی دڵ کۆچی کرد )

شەقڵاوە ٢٠ / ٥ / ١٩٩٦

هەواڵنامەی کتێب

سەرهاتیەکا فولکلۆری

# یاســـینا بدمـــدم

سەبریە هەکاری

